حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە ١٧
ساڵی دووەم
یۆنیۆی ٢٠٠٧

گۆڤارێکی ئەدەبی ، هونەری ، روناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
سەرنوسەر:
محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی
جێگری سەرنوسەر:
محەمەد کوردۆ
سەرپەرشتیاری هونەری:
رێبین مەجید
لۆگۆ:
حەمیدی ئازمودە
مۆتیڤ:
سۆران رەفعەت
تیراژ:
٥٠٠

دەستەی نوسەران:
عارف ئاسراو
محەمەد عەبدوڵا
نەورۆز جەمال
هەڵەچن:
کارزان عەبدوڵا
ئاریان کامیل
ئاپیێست:
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازی ناوەوە:
مەهدی ئەحمەد
چاپخانە:
یاد

ناونیشان: سلێمانی - گردی ئەندازیاران - بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ - بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤
Email:hanarkurd@yahoo.com Email:hanarkurd@gmail.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| نامەیەك بۆهاوڕێیانی گۆڤاری هەنار | محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆلەیی | ٣ |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| پەیوەندیی نێوان رۆشنبیرو دەسەلات لەدوای راپەڕینەوە | کاروان عومەر کاکەسوور | ٩ |
| ئەپسێردێتی تێکست و ئێرۆسێتی خەیال | توانا | ١٩ |
| چاکسازیی ئاینیی لەئەوروپا | مەریوان عەبدول | ٢٥ |
| **دەق** | | |
| هەور | محەمەد ئەمین پێنجوێنی | ٤٧ |
| تاها خەلیل گۆرانی بۆ بەفر دەڵێت | لەتیف هەڵمەت | ٥٠ |
| باوکم بەردەوام لەگۆڕ دێتە دەرێ | زەینەب یوسفی | ٥٥ |
| من(با) بردمی (با) | ئەیوب سابیر | ٥٧ |
| یادەوەری ژنە تەونکەرەکە | ئەسعەد عەزیز محەمەد | ٦٢ |
| **دیدار** | | |
| بەختیار عەلی لەبارەی رۆمانە نوێیەکەیەوە دەدوێت | حەمە کاکەڕەش | ٦٦ |
| **وەرگێران** | | |
| کوشتارگە | فەرزین | ٧٣ |
| مارییایساویلکە | ئیزابێل ئەلێندی | ٩٠ |
| سەردەمی هۆزانی لیریکی | حەمە کەریم عارف | ١٠٧ |
| **هونەر** | | |
| ئاراستەو ئاستەنگییەکانی سینەمای هاوچەرخ و نوێی ئێران | دلێر محەمەد | ١١٧ |
| دەم وچاوەکانی پشت پەردەی هالیود | سەمیر حسێن | ١٢٩ |
| دیدار لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر | رێبواری ئازادی | ١٣٣ |
| دالی و پێشانگایەك لەبەرلین | شۆڕش محەمەد حسێن | ١٤٠ |
| دیدار لەگەڵ هونەرمەند بەکر رەشید | چنور محەمەد | ١٤٣ |

# نامەیەک بۆ

## هاوڕێیانی گۆڤاری (هەنار)ی ئازیز

دوای ڕێزو خۆشەویستیم ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم..

براکانم ڕۆژگارێك بەهۆی دەزگایەکی گرنگەوە یەکماننناسی و بەیەکەوە کۆششمانکرد تا ئەو دەزگایە والێبکەین جێگای دەزگاکەی پیرەمێردی شاعیرو ڕۆژنامەنووس و کوردپەروەر بگرێتەوە.. هەر چەندە بەداخەوە بەهۆی نەفامی و تێنەگەیشتن لەبەرنامەو ئەرکی دەزگاکەمان، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا چزکردنی، بەردەوام گرفتیان بۆ دروست دەکردین و ئاستەنگیان لەبەردەم بەرنامەی کارماندا دادەنا.

زۆرتان ئاگادارن لەسەرەتای دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەوە، جەختی زۆرمان دەکرد لەگەڵ چاپکردنی کتێبدا چەند گۆڤارێکمان لەبواری ڕووناکبیری گشتی و منداڵان و زانستی و هونەریدا هەبێت. ساڵانێك گۆڤاری هەزارمێرد، هەرچەندە هاوڕێیانی بەڕێوەبەرێتی شوێنەوار، بەرپرس بوون لەنووسینی بابەتەکانی، بەڵام لەبەڕێوەبەرێتییەکەی ئێمەوە سەرپەرشتیی دەکراو چاپ دەکراو بڵاودەکرایەوە. ئەو ساڵانەی ئەرکی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیمان لەئەستۆدا بوو، ژمارە وەرزییەکانی بەڕێکوپێکی دەردەچوون و بڵاودەکرانەوە، هەر کە لەبەڕێوەبەرێتییەکەمان گوێزرایەوە، شوێنەواری ئەو گۆڤارە تایبەت و گرنگە نەما.

خۆشەویستەکانم! بەپەرۆشیتان بۆ زمان و ئەدەب و ڕووناکبیری و وشەی کوردی، ساڵانێك بەردەوام داواتان دەکرد کە پرۆژەی دەرکردنی گۆڤارێکی ڕووناکبیریی گشتی بخرێتە بەرنامەی ئەرك و کارەکانی بەڕێوەبەرێتییەکەمانەوە، بەسووربوونتان لەسەر پرۆژەکە، بیرۆکەی دەرکردنی (گۆڤاری هەنار) داڕێژراو بەکردار لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٥)دا لەلایەن ئێوەی هێژاوە پرۆژەکە گەڵاڵەکراو پێشکەشی هاوڕێم کاك (فەتاح زاخۆیی) وەزیری ڕۆشنبیری ئەو دەمەکرا، دوای گفتوگۆیەکی دوو قۆڵی لەگەڵ وەزیردا، پرۆژەکەی پەسندکرد. من وام بەباشزانی خاوەنی ئیمتیاز وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەرنووسەرەکەی نووسەرێکی کەم ئیش بێت. بەڵام کاك فەتاح وتی دەبێت خاوەنی

ئیمتیاز بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە بێت،چونکە بەڕێوەبەرێتییەکەتان تایبەتمەندە بەکاری چاپ و بڵاوکردنەوەو ماف خۆتانە نەك گۆڤارێك چەند گۆڤاری مانگانەو وەرزی لەگەڵ چاپکردنی کتێبدا چاپ بکەن و بڵاوبکەنەوە. بۆسەرنووسەرەکەشی پێمخۆشە کە خۆت سەرنووسەری گۆڤارەکە بیت و ستافەکەشی لەفەرمانبەرە نووسەرو ئەدەبیانی بەڕێوەبەرێتییەکەتان بێت. من لەسەر تەواوی پرۆژەکەتان رازیم و هەموو هاوکارییەکتان دەکەم. وەزیر بەفەرمی پرۆژەکەی پەسندکرد. هەر لەو ساڵەدا بەهەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەتان یەکەم ژمارەی لێچاپکراو بڵاوکرایەوە. هەرچەندە بەردەوام گرفتی بۆ دروستدەکرا، بەڵام ئێوە بەردەوامبوون لەدەرکردنی ژمارە بەدوای ژمارەدا. تا یەکگرتنەوەی حکومەت لەمانگی ئایاری ٢٠٠٦دا، کە بەداخەوە لەیەکگرتنەوەی حکومەتدا، بەهۆی یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەت، بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکانی وەزارەت لەسلێمانی چزکران و راوەستانی بوودجەو نەبوونی دەسەڵات ناچاربوون چەند مانگێك گۆڤارەکەتان رابوەستێنن. منیش لەدیدارێکی بەڕێز کاك (عومەر فەتاح)دا لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەهەولێر داوای خانەنشینیم کرد. پێیدەزانم کە ئێوەی برام و زۆرێك لەفەرمانبەرە دڵسۆزەکانی بەڕێوەبەرێتییەکە بەو خانەنشینییە دڵگران و نیگەرانبوون، بەڵام دوایی بۆ ئێوەو بۆ خۆشم دەرکەوت کە بڕیاری خۆخانەنشینکردنم لەجێی خۆیدا بوو.

هەرچەندە ماف خۆمە وەکو کاری رۆژنامەنووسی با فەرمانبەری وەزارەتیش نەبم هەر بەسەرنووسەری گۆڤارەکە بمێنمەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەچەند لای ترەوە کاریترم هەیە.. بۆیە بەپەسندم دەزانی کە لەدیدارێکی کاك (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری رۆشنبیریی حکومەتی یەکگرتوو، لەسەرنووسەریی گۆڤارەکە بکشێمەوەو واز بهێنم و نووسەرێکیتر لەستاف گۆڤارەکە بۆسەرنووسەر دیاری بکەین.

بۆ ئەو مەبەستە لەرێگای تەلەفۆنکردن بۆ کاك (عەزیز حەریری) راوێژکاری وەزارەت و نووسینگەی تایبەتی وەزیر چەندجار داوامانکرد کە لەلایەن وەزیرەوە کاتێکمان بۆ دیاری بکەن بۆ سەردانی، زیاتر لەماوەی دوومانگە لەچاوەڕوانیداین، بەڵام بەداخەوە کاك فەلەك ئامادە نەبوو کە هەلێکمان بۆ بڕەخسێنێت، کە بەلامەوە سەیرە، وەزیری رۆشنبیری لەماوەی دوو مانگدا دەرفەتی نیو سەعاتی نەبێت بۆ بینینی بەڕێوەبەرێکی خانەنشینی

وەزارەتەکەی و ستافی گۆڤارێک کە لەفەرمانگەیەکی وەزارەتەکەی لە(پایتەختی رۆشنبیریی) دەردەچێت..!!

برایانی خۆشەویست.. ئێوەو دەستەی ژمێریاری بەڕێوەبەرێتی باش دەزانن کە من لەڕووی مادییەوە، بەهیچ جۆرێک چاوم لەو بودجەیە نەبووە کە بۆ گۆڤارەکە تەرخانکراوەو تەماحم لەیەك قڕاندا نەبووە، لەکاتێکدا دەشمتوانی وەکو مافێکی سەرنووسەری گۆڤارەکەو وەکو ئەندامی ستافەکە پاداشتم هەبوایە، یان وەکو نەریتی رۆژنامەگەری لەهەموو گۆڤارو رۆژنامەیەکدا کارێکی ئاسایی بوو گەر پاداشتم هەبووایە، کەچی وەکو خۆتان دەزانن من لەسەر داوای خۆم پاداشتم نەویستووە.

جێی داخە کاك فەلەکەدین وەکو وەزیری رۆشنبیری ئامادەنەبوو سەعاتێك لەکاتی خۆی بۆ چاوپێکەوتنمان تەرخانبکات، لەکاتێکدا دەبوو کاتێکی تەخانبکردایە لەبەر ئەم هۆیانە:

**یەکەم**: بۆ بینینەوەی بەڕێوەبەرێکی گشتیی خانەنشینکراوی وەزارەتەکەی کە لەو کاتەوە خانەنشینکراوە نەیبینیوەتەوە.

**دووەم**: وەکو هاوڕێیەکی کۆنی بواری رووناکبیری و رۆژنامەگەریی سالانی حەفتاکانی بەغدای رۆژنامەی (برایەتی).

**سێیەم**: بۆ ناسینی ستافی گۆڤارەکە لەنزیکەوە.

**براکانم:**

لەڕێگای ئەم نامەیەوە، دەست لەکارکێشانەوەم لەسەرنووسەری گۆڤارەکە رادەگەیەنم.

لەهەر ژمارەیەکدا بلاوکرایەوە، دوای ئەو ژمارەیە ناوی من بەسەرنووسەر تۆمار نەکرێت، من پێشنیاز دەکەم کە کاك (محەمەد کوردۆ) کە جێگری سەرنووسەربووەو لەیەکەم ژمارەوە رۆڵی سەرنووسەری بینیووە بکرێتە سەرنووسەری گۆڤارەکەو کاك (محەمەد عەبدوللا) ش بکرێتە جێگری سەرنووسەر.

ئومێد دەکەم لەمەودوا وەزارەتی رۆشـنبیری ئـاوڕی دڵسۆزانە لەگۆڤارەکـە بداتـەوەو حیسابی ئەوەی بۆ بکات کە تاکە گۆڤاری وەزارەتە لەفەرمانگەیەکی وەزارەت لەسلێمانی (بەناو پایتەختی رۆشنبیری) دەردەچێت.

لەکۆتاییـدا سوپاسـی زۆرتـان دەکـەم کـە هەمیـشە هاوکـارو یارمەتیـدەرم بـوون و بەدڵسۆزی و پەرۆشی ئەرك و کارتان کردووەو برایانەو هاوڕێیانە ساڵانێکمان لەگەڵ یەکدا بەسەر برد، دەزانم کە لەفەرمانگەکە نەمام زۆر نیگەران بوون، ئێـستاش کـە لەگۆڤارەکـە نامێنم نیگەرانتر دەبن، بەڵام ئێوە برامن و براتانم، دڵنیابن تەنها لـەکارو وەزیفـەدا لەیـەك دوور دەبین، ئەگینا بەدڵ و بەگیان و خۆشەویستیمان هەر لەگەڵ یەك دەمێنینەوە.

لەکۆتاییـدا، دەسـتی برایـەتی و خۆشەویـستیتان دەگوشـم و دەسـت دەکەمـە ملـی (محەمەد کـوردۆ، محەمـەد عەبـدوڵڵا، مـارف ناسـراو، نـەورۆز جـەمال، کـارزان عەبـدوڵڵا، ئاریـان کامیـل، رێـبین مەجیـد، پـەیام و مەهـدی)و هـەموو ئـەو نووسـەرانەی کـە بەنووسینەکانیان بەشدارییان لەدەوڵەمەنـدکردنی گۆڤارەکـەدا کـردووە، بـەکاك حەمیـدی ئازمودەشەوە (کە لۆگۆی گۆڤارەکەی دروستکردووە)، جارێکیتر هیوای سەرکەوتنتان بـۆ دەخوازم و ئومێد دەکەم (هەنار) هەناری هەمیشە نـاوپڕو ئـاودار بێـت و مێکـشی هـەموو خوێنەرێکی ئاوبدات و رۆڵی گەورەتر بگێڕێت لەبواری رۆژنامەگەریی کوردیدا.

هەر شادو سەربەرزو سەرکەوتوو بن

براتان

محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی

سلێمانی.

پەیوەندیی نێوان رۆشنبیرو
دەسەڵات لەدوای راپەڕینەوە

کاروان عومەر کاکەسوور



ئەپسێردێتی تێکست و
ئیرۆسێتی خەیاڵ

توانا

چاکسازیی ئاینیی لەئەوروپا

مەریوان عەبدول



# لێکۆڵینەوە

# پەیوەندیی نێوان رۆشنبیرو دەسەڵات لەدوای راپەڕینەوە

کاروان عومەر کاکەسوور

رۆشنبیر کە لەلەگەڵ راپەڕیندا بەمانایەکی نوێ و بەپرۆژێکتی نوێ خۆی ناساند، بڕیاری دابوو هیچ سازشێك لەگەڵ دەسەڵاتدا نەکات، یەکەمین هێرشی رۆشنبیرمان بۆ سەر رۆشنبیریی حیزبی بوو. لەوەیاندا بەچاکی سەری گرفتەکەی دۆزیبووەوە، بەڵام رۆشنبیر ئەوەندە بڵند فڕی، کە پاشان هەر فریای ئەوە کەوت مانایەکی فڕین تەئویل بکات و ئاگای لەمەسەلە بنەڕەتییەکانی نەما. رۆشنبیریی حیزبی بەئاسانی توانی لەو هەڵەتەبوونەیاندا زۆربەیان راو بکات. بۆ ئەوەش دانێکی زۆر کەمی بۆ رۆکردن. وەکو وەرگێڕانی بەرهەمی یەکەمیان بۆ سەر زمانێکی دراوسێ. چاوپێکەوتنێکی خراپ لەگەڵ دووەمیان. نووسینێکی لاواز لەبارەی سێیەمیان. چاپکردنی کتێبێك بۆ چوارەمیان. بەوەش رۆشنبیریی حیزبی ئابرووی خۆی کڕییەوە. کار بەوە گەیشتن چەمکی (رۆشنبیریی حیزبی) بەتەواوی لەنووسینی ئەو نووسەرانەدا نەما. رۆشنبیریی حیزبی توانی دەوری برۆکەر لەنێوان دەسەڵات و رۆشنبیری سەربەخۆدا ببینێت بەو مەبەستەی بۆ خۆیان پەیمانی نهێنی ببەستن، بەڵام باوەڕناکەم ئەو پەیمانە نهێنییانەی رۆشنبیرو دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا بەستوویانە لەوە زیاتر بەردەوام بن. دەستەڵات ناچارە زۆر فایل ئاشکرا بکات و ئەو پەیمانە هەڵوەشێنێتەوە دەبێت پەیمانی دیکە لەگەڵ رۆشنبیرانی دیکەدا ببەستێت، ئەوەش بەشێکە لەمیکانیزمی تازەکردنەوەی دەسەڵات، کە بەتەواوی لەگەڵ میکانیزمی تازەکردنەوەی رۆشنبیریی جیاوازە. رۆشنبیر لەژێرەوە بەدەستەڵات دەڵێت لەگەڵ تۆمەو لەسەرەوە بەخەڵك دەڵێت لەگەڵ تۆمە، بەڵام نازانێت بەخۆی بڵێت لەگەڵ (تۆم)ە یان لەگەڵ (جێری)؟ چونکە بەڕاستی گەمەکەیان بەگەمەی فیلمی کارتۆنی (تۆم و جێری) دەچێت. دەستەڵات بەچاوپۆشین لەوەی چەند بەئاگایە،

وەکو غەریزەیەك لەهەوڵی ئەوەدایە زۆرترین ژمارەی ڕۆشنبیر بگۆڕێت، چونکە بەو کارەی نەك هەر ڕۆشنبیر بێ نرخ دەکات، بەڵکە هەموو ئەو هیوایانەش دەکوژێت، کە لەدەرەوەی خۆیدا، مەبەستم دەرەوەی دەسەڵاتە، بەو ڕۆشنبیرەوە بەندن، لێرە ئەوەی دەترسێت ئاشکرا ببێت، ڕۆشنبیرە، نەوەك دەسەڵات، چونکە نهێنییەکانی ڕۆشنبیر لای دەسەڵاتن، نەوەك بەپێچەوانەوە. ڕۆشنبیر نەك هەر نەیوستووە نهێنیی بەدەسەڵات ئاشکرا بکات، بەڵکو زیاتر وەکو دەزگایەکی ئینفەرمەشیۆنی خۆی بەو ناساندووە. لەقازانجی ڕۆشنبیرەوە ئەو پەیمانە درێژە بخایەنێت و ئابرووی خۆی بپارێزێت، بەڵام دەسەڵات گوێ بەو قازانجەی ڕۆشنبیر نادات. بۆیە ڕۆشنبیر لەوەدا سەرکەوتوو نابێت، کە دوای ئاشکرابوونی پەیمانە نهێنییەکان بۆ دۆخی جاران بگەڕێتەوە، هەتا ئەگەر هەندێك بەردی ڕەمزیش لەپەنجەرەی ماڵی خزمە دوورەکانی دەسەڵات بگرێت و بەمانایە تراديشيۆناڵییەکەی و بەمەبەستی شکاندنی شەرەفی فالۆسییانەی دەسەڵات. ناوی ژن و کچەکانیان لەسەر قۆڵ و باسکی خۆی بکوتێت. گۆڕینی شوێنیش دۆخەکە خراپتر دەکات، چاکتری ناکات. ڕۆشنبیری سەرەدەمی ئێمە، چونکە پاش ئەوەی دەسەڵات دەریدەکات، بەو چارەنووسەی (موتەنەبی)ی شاعیر ناگات، بۆیە لەژیاندا دەمێنێتەوەو ریسوا دەبێت، دەسەڵات چونکە باوکە، نەك دایك، زۆر دڵڕەقانە لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرە بەستەزمان و هەژارەدا دەجووڵێتەوە، کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە دایکێك منداڵەکەی لەشیر دەبڕێتەوە، بەڵکو باوکێکەو کوڕەکەی سزا دەدات. دایك دوای ئەوەی منداڵەکەی لەشیر دەبڕێتەوە، سۆزو خۆشەویستییەکانی بەردەوامن، چونکە چ وەکو بایۆلۆژیاو چ وەکو سایکۆلۆژیا ئەو مەمکانە هێشتا هی ئەو منداڵەن، بەڵام ئەو باوکە بەدڕندەی (شاخی کلیمانجارۆ) دەچێت، نەك هەر لەنانی دەبڕێتەوە، بەڵکو کارێکی وای پێدەکات، هیچ باوکێکی دیکە بەخۆی نەگرێت. ناوی بەتەواوی دەزڕێنێت. ئەویش چۆن؟ بەئاشکراکردنی نهێنییەکانی چەند ساڵەی ڕۆشنبیر. لەڕێگای میدیاکانیشی نا، بەڵکو لەسەر زمانی هەندێك لەپیاوانی خۆی و لەدەرەوەی میدیا ڕەسمییەکان. بەکورتی زۆر سووکی دەکات، یان بەتەعبیری خۆیان ئەتکی دەکات، نەوەك باوکێکی دیکە بەخۆی بگرێت، هەتا ئەگەر باوکێکی دیکەش داڵدەی بدات، ئەو قورساییەی جارانی نامێنێت، چونکە ئەو پرۆسێسەی ئەتککردنە ڕەگوڕیشەی بۆ ناو ئەقڵییەتی تایەفەگەری دەگەڕێتەوە، بەوەی ماهییەتی ئەو

ڕۆحلەبەرە دێنێتە گۆڕان و بۆ هەتاهەتایە لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیی دوور دەخاتەوە ڕۆشنبیرەکەمان دەورێکی زۆر گرنگ لەوەدا دەبینێت، کە دەستەڵات دەکەوێتە بەرچاوی خەڵك، بەڵکو خۆی ئەرکی وەسفکردنی دەستەڵات دەهاوێتەسەر شانی خۆی، کەواتە رووی ڕاستەقینەی دەستەڵات دەشارێتەوە بەو مەبەستەی ئەوەی لای خەڵك دەبێتە پرسیار، فیگەرەکانی دەستەڵات بن، نەوەك دەستەڵات خۆی. ڕۆشنبیرەکەمان هەموو فێڵێك لەخەڵك دەکات، کە لەنزیکەوە نە دەستەڵات ببینێت و نە هیچ کۆنتاکتێکی لەگەڵیدا هەبێت. دەبێت هەموو کۆنتاکتەکان خۆی رێکیان بخات، ئەمە ئەو پەیمانەیە، کە ڕۆشنبیر بەنهێنی بەدەستەڵاتی داوەو دەیەوێت بەدڵسۆزیی جێبەجێی بکات. یەکتربینینی دەستەڵات و ڕۆشنبیر نە بەژوانی دوو دڵدارو نە بە بەیەکشادبوونەوەی دوو براو نە بەڕووبەڕووبوونەوەی دوو دوژمنیش دەچێت، بەڵکو پێکگەیشتنێکە زۆر تایبەت. ڕۆشنبیر وەکو ئەوە وایە لەخەونـدا دەستەڵات بینێت، بەڵام دەستەڵات لەهەموو کاتێکی دیکە چاکتر هۆشی لەلای خۆیەتی. ڕۆشنبیرەکەمان کە هەتا دوێنێ ئەوەندە شەیدای ناوبانگ بوو، هەر دە دوازدە لاپەڕەی لاوازی بنووسیبا، بە ڕۆنیۆ رایدەکێشاو وەکو نانی تیری دەرگا بەدەرگا دەیگێڕا، بەو مەبەستەی خەڵك بزانن نووسەرە. ئێستاش وا گەیشتۆتە لای لووتکەی دەستەڵات و لەحزووری دانیشتووە. وەکو (فرۆید) ڕوونیدەکاتەوە لەخەونـدا نیگۆ خاوەنی ئازادییەکی زیاترە، چونکە کۆنترۆڵی یاسا رەوشتییەکانی کۆمەڵگا کز دەبن. ئێستا ڕۆشنبیر بەوەی گەیشتۆتە لای دەستەڵات، دەیەوێت هەموو ئارەزووە سەبدوال (چەپێندراو)ەکانی خۆی تێر بکات، کە بەگرێی خۆش بەکەمزانینەوە بەندن، بەڵام ئەوەی ڕێگای لێدەگرێت ویژدانە. ئێستا رابردوو بۆ ڕۆشنبیرەکەمان گەورەترین بەڵایە، چونکە لەوێ ئەو دەستەڵاتی بەپیسترین شێوەو لەنزمترین ئاستدا وەسف کردووە، ئێستا ڕۆشنبیرەکەمان ئەوەندەی پێی خۆشە دەستەڵات جوێنی پێبدات و سووکی بکات، ئەوەندە پێی خۆش نییە ڕێزی لێبگرێت، چونکە ئەو ڕێزە پاڕادۆکسالێك دێنێتە گۆڕێ و یادەوەریی هەردوو لایان دەخاتەگەڕ، بەڵام ڕەزیلیکردن و شکاندنی، **باڵانسێك** دروست دەکات و کەمێك لەو ئازارەی ویژدانی ڕۆشنبیر دەنیشێنێتەوە. ئەو ئازاری ویژدانە وەك (فرۆید) دەڵێت: بەگرێی ئودیپەوە بەندە، ئەو کوڕە پاش ئەو هەموو دژایەتییەی باوکی و ناشرینکردنی رووخساری لەلای خەڵك، ئێستا وا پەشیمانەو بۆ لای

گەڕاوەتەوە. ڕۆشنبیریمان بەزمانێکی ڕاستەوخۆو بەحەرف جوێنی بەدەستەڵات و باوك و باپیری دەستەڵات داوە. ئەوەش ڕێگایەکی تەقلیدییە. قسەکانی یەکلایەنەن. هی ئەوە نین تەفسیری دیکەیان بۆ بکرێت. ئەو دەستەڵاتی هەڵنەوەشاندۆتەوە هەتا بەجیاواز لەهەر پارچەیەکی بکۆڵێتەوە، بەڵکو هەر ڕووی دەرەوەی دەستەڵاتی بینیوەو بۆی وەسف کردووین. وەکو ئەو مامۆستایە تەقلیدییەی نیگاری شتەکان لەسەر تەختەڕەش دەکێشێت و بەدارەکەی دەستی ئاماژەیان پێدەکات. ئەوە درەختە، ئەوە ئەسپە، ئەوە دیوارە، بەڵام ئەوە دۆلارە، بەلایەکی دیکەشدا ئیشی ڕۆشنبیرەکەمان لەئیشی ئەو گۆرانیبێژە میللییە دەچێت، کە لەئاهەنگە میللییەکاندا ناوی کەسە ڕاستەقینەکان وەکو خۆیان دەهێنێت، ئینجا بەمەبەستی پێداهەڵدان بێت یان داشۆرین. ئیدی هەقی بەسەر ئەوەدا نییە لەهیچ شتێکیان بکۆڵێتەوە. وەکو ڕوونە زۆربەی کات ئەو گۆرانیبێژە میللییە مرۆڤێکی سادەو دڵپاکە، پێمان ناڵێت بلیمەتێکی گەورەیە. ئەو کەسانەی ناویشیان دێنێت، کەسانێکی پەراوێزیین و هەر لەگەڕەکی خۆیان ناسراون، خەمی یەکەمی ئەو گۆرانیبێژە بەجۆشدانی ئاهەنگەکەیە، چینییەکان دەڵێن ئەوەی بەجنێو شەڕ بکات، بەماچ ئاشت دەبێتەوە. بۆیە دەشێت ڕۆشنبیرەکەمان هەر زوو لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵە جوێنی پێدەدات، ئاشتبێتەوەو جوێن بەلایەکی دیکە بدات، ئەو لایەنەی هەتا دوێنێ ڕۆشنبیرەکەمان بەفریادڕەسی دەزانی، دەتوانێت ئەو ڕەخنە سادەیەی بۆ هەموو دەستەڵاتێك بەکاربهێنێت. ئەویش بەتەنیا بەگۆڕینی ناوی کەسەکان، لەبیرمانە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، شاعیرێکی قادسیە وتی هەموو ئەو شیعرانەی بۆ (سەدام حسێن)ی وتوون، دەکرێت ناوی دوو سەرۆکەکەی کوردیان لەجێگا دابنێن. ڕۆشنبیرمان کارێکی ئاوای کردووە. شەرمەزارییەکی قورسە. ڕۆشنبیرمان دەیەوێت نیشانی دەستەڵاتی بدات، کە ڕابردووی زەمەنێکی قەڵبەو ئایدلۆژیای بەدی بێگانان تووشی گوناح و خەتایان کردبوو، بەڵام لێرەوە ئەو خەتایانە ڕاست دەکاتەوەو دەبێتە کوڕی ئاقڵی ماڵی باوکی، بگرە ڕێگا لەخەڵکانی دیکەش دەگرێت خەتا نەکەن. ئەوە گفتێکە ڕۆشنبیرەکەمان بەنیشانەکانی سەر دەموچاوی و لەمیانی هەندێك قسەی پرتەبڵێت، نەوەك ڕاستەوخۆ بەدەستەڵاتی دەدات. مەبەستمان ئەوەیە ئەو قسانە بەڕوونی ناڵێت، چونکە لەحزووری ئەودا پێویستە بەئەدەب بێت و زوو زووش قسەکانی ببڕێت، دەستەڵات

بەو نالێت چی بۆ بکات و چی بۆ نەکات، چونکە ئەوە لەلایەك مانای ئەوەیە لێی قەوماوەو لەلایەکی دیکەش دانپێدانێکە بەوەی، کە ئەو شتی لەدەست دێت، دەستەڵات مادام ڕێگای داوە ڕۆشنبیر بێتە دیوەخانەکەی، ئەوا هەموو شتێکی لەگەڵ دابڕاندۆتەوەو پێوست ناکات هیچ قسەیەکی پێ بڵێت. ئەوە هەقێکەو ڕۆشنبیر پێش ئەوەی کڵاشەکانی لەحەوشە، نەك لەهەیوان دابکەنێت، لەپرۆتەرەکانی دیوەخانی دەستەڵاتی وەرگرتووە، بەڵام ڕۆشنبیر بەهەندێك ئاماژە دەیەوێت پێی بڵێت عەشیرەتێك خوێنەری هەیەو ناهێڵێت بەهەڵەکانی ئەودا بچن. (ئۆدیپ) دوای ئەوەی پاشای کوشت و شاژنی مارە کرد، ئینجا زانی ئەوەی کوشتوویەتی باوکییەتی و ئەوەی مارەی کردۆتەوە دایکییەتی. لەوەوە پەشیمان بووەوەو ژیانی لەبەرچاو ڕەش بوو. ڕۆشنبیرەکەمان کە بەڕەمز دەستەڵاتی کوشتووەو نیشتیمانی لەژێر دەستی هێناوەتە دەرێ، تازەی زانیوە ئەو نیشتمانە دایکایەتی. پێشان دەیوت ئەو نیشتمانە بەهیچ جۆرێك هی ئەو دەستەڵاتە نییە. خەونی بەوەوە دەبینی، کە نیشتمانێکی هەبێت، ئەوی تێدانەبێت. ئەوەش لەسایکۆلۆجیادا پێی دەگوترێت کوشتنی ڕەمزی زۆرجار هەوڵی کوشتنی نیشتمانیشی داوە یان بەخورافەی زانیوە. وەك ئەو سەردەمەی دەیوت نیشتمان یەکێکە لەپایەکانی ڕژێمی سەرمایەداری. زیان بەخەباتی کرێکاران دەگەیەنێت، دەبێت نیشتمان نەمێنێت و ئەنتەرناسیۆنالیزم ئەلتەرناتیڤە. ئەوە سەرچاوەکەی ئەو ترسەیە، کە کوڕەکەمان لەترسی ئەوەی نەوەکا باوکی بیخەسێنێت، ئەو خاکە وێران دەکات، کە لەوێ باوکی دەستەڵاتی هەیەو هەڕەشەی لێدەکات، بەڵام تازەی زانیوە ئەو نیشتمانە بەتەنیا ژنی باوکییەتی و بەو ناشێت. سەیر نییە ئەگەر ئەمڕۆ ئەو لەهەموو کەسێکی دیکە زیاتر باسی ئەوە بکات، کە نیشتمان دایکە، دایکێکی بێگەردە، باوەشێکی گەرمی هەیە، دەیەوێت بڵێت هەموو ئارەزووە بەدەکانی گۆڕیوەتەوە بەخۆشەویستییەکی ئایینییانەو پاکی دایکی، لەمەودوا ئەو دایکەی بۆ باوکی دەپارێزێت، باوکی بەتەنیا هەقی هەیە چی لەو ژنەی خۆی دەکات. ئەمڕۆ لەکاتێکدا گەنجەکان هەزارو یەك بەردی ڕەمزی لەدەرگاو پەنجەرەی ئەونیشتمانە دەگرن، کە بووەتە ئەدرێسی چەوسانەوەو بێحورمەتی، بەڵام ڕۆشنبیرمان بەپێچەوانەی جارانی دەڵێت لەسایەی باوکمدا بەهەشتێکەو خوا بەخشیویەتی، لەوەتی لەگەڵ باوکم ئاشتبوومەتەوە، ڕۆژی گەشی ئازادی و بەختەوەری هاڵاتووە، کاتی خۆی (بەرنارد شۆ)

کە چووە خزمەتی (ستالین) لەڕێگا لەناو شەمەندەفەر سەری لەپەنجەرە هێنابووە دەرێ و کێکی بەسەر خەڵکی مۆسکۆی سۆسیالیستیدا دەباران. بەوەش دەیوست بڵێت دنیا لەسایەی (ستالین)ی باوکیدا بۆتە بەهەشت. کێکەکەشی لەبەریتانیای سەرمایەدارییەوە هێنابوو. هەر ئەو کاتە ملیۆنەها کرێکارو خەڵکی چاوساوە نەك هەر نانیان نەبوو بیخۆن، بەڵکە زمانیشیان لێ سەندبوونەوە، نەوەك وشەی ئازای و نانی پێبڵێن، زۆر ڕۆشنبیر تیرۆرکرابوون، زۆریش لەزیندانەکان بوون. زۆری وەك (سۆلجستین)یش راونرابوون، لێرە ڕۆشنبیرەکەمان بەگۆرانیبێژی میللی ناچێت، چونکە ئەو ڕێزی خۆی و خەڵك دەگرێت، لەگەڵ تەواوبونی ئاهەنگەکە، هەقی بەسەریانەوە نامێنێت. ڕێگا بەخۆی نادات ببێتە ڕێنیشاندەریان و پێیانبڵێت دنیا بۆتە بەهەشت یان دۆزەخ. پێیانبڵێت کێ فریشتەیەو کێ ئیبلیس، ئەوە پڕکردنەوەی ئەو دێپریڤایشن (حرمان)ەیە، کە ڕۆشنبیرمان پێش ئەوەی دەستەڵات ئاوڕی لێبداتەوە، بەخۆیەوە بینیووە، ویژدانی ڕۆشنبیر لەمەترسییەکی گەورەدایە، ئەوەی زیاتریش ئازاری دەدات ئەوەیە، کە ئەو خۆی لەهەر کەسێکی دیکە باشتر دەزانێت ڕۆشنبیرێکی ساختەیەو بەساختەچییەتی خۆێنەری ساویلکەی بەدوای خۆی داوە. هەتا ئێستا نووسینەکانی نەبوونەتە جێگای قسەو باسی هیچ خوێنەرێکی هۆشیارو یەك نووسەری باشی ناو دنیای ڕۆشنبیرییش ئەوی بەنووسەر نەزانیوە. هەر کەسێك بیەوێت باسێك لەبارەی بیرو فەلسەفەو ئەدەب و هونەرەوە بنووسێت، ئەوەی ئیشی پێی نابێت نوسینەکانی ئەون، ئەو باش دەزانێت لەبەرئەوە ئاوڕی لێدراوەتەوە، کە لەگوتەکانی پێشانی پەشیمان بووەتەوەو رووی جوێنەکانی لەئاوەدانییەکەی خۆی کردووە. ڕۆشنبیرەکەمان سوودێکی زۆر لەو نووسینە کرچ و کاڵانە دەبینێت، کە نەیارەکانی بەزمانێکی سادەو لەنزمترین ئاستی ڕۆشنبیرییدا لەدژی ئەوی دەنووسن. ڕۆشنبیرەکەمان هەتا لەلای دەستەڵاتە، خوێنەری لەبیر نییە، بەڵام هەر کە رووخساری دەستەڵات لەبەرچاوی بزر بوو، ئینجا ئەو وەکو چاکەتەکەی (گۆگۆڵ) لێی بڵند دەبێت. سەر ڕێگاکانی لێدەگرێت وەك (حەمەتاڵی بانە) ئەویش لایەکەی دیکەی ویژدانی ئازار دەدات. ئەوها دوێنێ پێی وتووە دوژمنی ئەو دەستەڵاتە چەوسێنەرەیەو ئەمڕۆژ بەدەب و گوێڕایەڵانە چۆتە دیوەخانەکەی. وەکو وتمان ڕۆشنبیر لەخەوندا دەستەڵات دەبینێت و دەستەڵاتیش لەگەرمەی ئاگایی خۆی دایە. لەبەرئەوە دەستەڵات دەزانێت پاش ئەو

دیداره ئاشکرایەیان. ئـەو رۆشـنبیره هـیچ خوێنـەرێکی سـەربەخۆی نامێنێـت، ئەوانـەی بەشان و باڵیدا هەڵدەدەن، بەتەنیا میدیای حیزبیین و وەکو ئەندامێکی گوێڕایەڵی حیزبی، نـەوەك وەکـو رۆشـنبیر تەماشـای ئـەو رۆشـنبیره سـاختەیە دەکـەن، وەکـو ئـەوەی ئـەو رۆشنبیره کابرایەکی گەڕیدە بێت و بەمەبەسـتی فرۆشـتنی خەنجـەرێکی ئـەنتیکی نایـاب هاتبێتە خزمەتی دەستەڵات، خەنجەرەکەی بەجێدەهێڵێت و هەقەکەی وەردەگرێـت، ئـەو کابرایە چونکە خۆی خەنجەرەکەی دروست نـەکردووە، لەبەرئـەوە دەسـتەڵات پێویسـتی بەوە نییە رایبگرێت و خەنجەری دیکەی ئاوا عەنتیکەی پـێ دروسـت بکـات. رەنگـە ئـەو خەنجـەرەی لابمابووایـە، نەشـارەزایانە ورگـی مـەڕێکی ئـەوی پێهەڵبـدڕیبا، بـەڵام تـازە فرۆشـتنی سـەلامەتە، دەسـتەڵات بـەمانا ترادیـشیۆناڵییەکەی ئـارەزووی کۆکردنـەوەی جۆرەکانی خەنجەری هەیە، هەر کەسێك خەنجەری پێبێت، ئەو لێی دەکڕێت. ئەوەی ئـەو خەنجەرەی دۆزیبێتەوە، ئەوە هەر جارێك رێی دەکەوێتە دیوەخـان، بـەڵام ئـەوەی خـۆی دروستی بکات، ئەوە حیسابەکەی بەشێوەیەکی دیکەیـە، هەیانـە شانسی هەیـەو زۆر زۆر خەنجەر دەدۆزێتەوە. هەشیانە فێڵبازانە، هـەر ئـاوا دەکـات، خەنجـەرێك دەدزێـت، هـەتا ئێستا ئەوانـەی دەسـتەڵات مامەڵـەی لەگەڵدا کـردوون، خۆیـان خەنجـەرەکانیان دروسـت نەکردووە، یان دزیویانە یانیش دۆزیویانەتەوە. ئەو رۆشـنبیرەی بیـەوێت لـەوان نەچێت، دەبێت هەر لەبنەڕەتەوە واز لەخەنجەر بێنێت، رۆژی ئەوە هاتووە چیدی خەنجەر نەبێتـە رەمـزی رۆشـنبیری، کـە زۆر بەئاسـانی ئـاڵۆزی پێـدەکات و هـەر ئـەوە سـومبولی پیاوەتییـشە، بـەوەی دەسـتەڵات بـەردەوام لەهـەوڵی ئـەوە دایـە سـیمایەکی نێرانـە بەرۆشنبیریی بدات.

لێره مەسەلەیەکی دیکەش هەیە، نابێت بەسەریدا تێپەڕین، ئەویش ئەوەیە دەستەڵات رێگای رۆشنبیرمانی داوە لەپاڵ ئەو هەموو ستایشکردنەی ئـەودا، بەخـەڵکیش بڵێـت ئـەو سەر بەدەستەڵات نییە. ئەوە بەتەواوی لـەقازانجی دەسـتەڵاتە، چـونکە دەیـەوێت پێمـان بڵێت کە رۆشـنبیری سـەربەخۆش پـشتی ئـەو دەگرن و ئازادییـەکی زۆریـش لەنیـشتمانی دەستەڵاتدا هەیە. رۆشنبیرەکەمان زۆر بەخۆشحاڵییەوە ئـەوە دەکـات، چـونکە دەیـەوێت بەخوێنـەر بڵێـت هێـشتا دژی دەسـتەڵاتەو زۆریـش ئازایـە. ناوبـەناویش رۆشـنبیرەکەمان

هەندێك رادیۆو رۆژنامەی بەناو نیوترالّ دەقۆزێتەوە بەو مەبەستەی ئابرووی خۆی پێیان بپارێزێت و بلّێت ئەها ئەوانە بایەخم پیٚ دەدەن.؟!

ئەو رۆشنبیرە نەیتوانیوە هیچ كێشەیەكی جدی نە لەگەلّ دەستەلاّتی سیاسی و ئایینی و نە لەگەلّ قەناعەتە دۆگماییەكانی خوێنەردا بێنێتە گۆڕیٚ، بەلّكو زۆربەی كات لەپێناوی شاردنەوەی ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی و دەستەلاّتدا، پەلاماری ئازادییەكانی خەلّكی داوە، بەمەش تەنها توانیوویەتی ئاژاوەیەك بخولّقێنێت، نەك شەڕێك بەرپابكات، ئەو كەسانەی رۆژگارێك هیوایان بەو رۆشنبیرە بووە لەبەرامبەر دەسەلاّتدا شەڕیان لەپێناودا بكات، ئەو بەپێچەوانەوە دەستی دەسەلاّتی گرتووەو بۆ سەرئازادیی ئەوانی درێژكردووە، ئەو خەلّكەی كردووە بەدز، جەردەو فێلّباز، گەمژەو هیمۆسێكسوال و دەیان سیفەتی دیكەی ناشیرینی داونەتەپالّ، ئەو رۆشنبیرە بەوەدا، كە هیچ پرۆژەیەكی بۆ ئایندە نییە، ئیشەكەی كتومت لەئیشی پیاوی ئایینی دەچێت، هەردووكیان لەسەر مردووان قسە دەكەن. پیاوی ئایینی نوێژیان لەسەر دەكات و رۆشنبیر دەلّێت ئەوانە دواكەوتوو بوون، نەزان بوون، دز بوون، هۆمۆسێكسوال بوون، بۆیە بەو چارەنووسە گەیشتن، رۆشنبیر نازانێت لەبارەی ژیانەوە هیچ بلّێت، چونكە ژیان دەستەلاّت دەستی بەسەردا گرتووەو بۆی نییە لیٚی نزیك بكەوێتەوە. رۆشنبیر مجێوری گۆڕستانەو لەویٚ ژیاننامەی مردووەكانمان بۆ دەخوێنێتەوە، هەتا رووداوی مەرگ زیاتر بێت، ئەو رۆشنبیرە زیاتر دەلّێت و دەنووسێت و ژمارەو قەبارەی كتێبەكانی گەورتر دەبن. رۆشنبیر دوای ئەو ئاژاوانەی لەگەلّ خەلّك، نەك لەگەلّ دەستەلاّتدا ناویەتییەوە، خۆی بۆ پاكانەكردن تەرخان كردووە، هەموو پرۆژەی ئەو رۆشنبیرە ئەوەیە بۆمان روونبكاتەوە، كە ئێمە بەهەلّە لیٚی تێگەیشتووین، بۆئەمەش پەنا بۆ میدیاكان دەبات و لەنزمترین ئاستی زماندا دێتەگۆ، لێرەوە بەرهەمی زیاددەكات، بەبیٚ ئەوەی ئەو بەرهەمەی هیچ كاریگەرییەكی لەسەر فیكری ئێمە هەبێت.

زۆر كەس وادەزانن كە وەختێك لەسەر شاشەی تیڤی دەستەلاّت و رۆشنبیر پێكەوە دەبینن، یان كاتێك سەرنج دەدەن و ئەو رۆشنبیرە لەنووسینەكانیدا ستایشی ئەو دەستەلاّتە دەكات، ئەوە سەرەتای ئەو كۆنتاكتەی نێوانیانە، بەلاّم راستییەكەی ئەوە ئاشكرا بوون و سەرتایی كۆتایی ئەو كۆنتاكتەیە، كە لەمێژە بەنهێنی بەستراوە، لێرە رۆشنبیر زیاتر بەیاریكەر دەچێت. لەپێشبڕكێی خزمەتكردنی دەستەلاّتدا سەركەوتووەو پاداشتی خۆی وەردەگرێت، مەرج نییە لەخولی داهاتوودا هەر ئەو یاریكەرە بیباتەوە،

هەتا ئەگەر هەمان توانای جارانیشی هەبێت و لەپاریش خۆشبەزتر بێت، لێرە یەك دوو پرسیار دێنەگۆڕێ، ئایا ئەو ڕۆشنبیرە، کە ئێتسا بەتەواوی خۆی بەدەست دەستەڵاتەوە داوە، لەبەرئەوە ئەو دەستەڵاتە خۆماڵییە، بۆچی لەسەردەمی دەستەڵاتی بێگانەدا ئەو لەبەرەی ئۆپۆزیسۆندا بوو؟ بەڕای من بەتەنیا لەبەرئەوە بوو، کە ڕۆشنبیرەکەمان ئەوسا بەدەست نەبوونی ناوبانگ و خوێنەر دەینالآند، چونکە لەمەسەلەی نووسین و زماندا هێزو توانای ئەو نووسەرانەی نەبوو، کە دەستەڵات ڕۆڵی پێ دەسپاردن. تەنانەت لەبەری ئۆپۆزیسۆنیشدا ئەو هەرە لەپەراوێز بوو، چونکە لەچاو ئەوانیشدا ئەو هیچ توانایەکی نەبوو، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو بناسرێت و ئارەزووە سەبدوالییەکانی خۆی تێر بکات. هەستی بەوە دەکرد، کە لەچاو نووسەرانی نەوەی خۆیدا بەکەم تەماشا دەکرێت. کەس لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ناوی نەدەهێنا. بەڕای من ئەگەر توانای نووسەرانی قادسیەی هەبا، ئەوسا پەنای بۆ لایەنی شۆڕشێگڕی و هوتاف نەدەبرد. بەلایەنی کەم نووسەرێکی وەکو ئەو نووسەرانەی لێدەردەچوو، کە نە بۆ بەعسیان نووسی و نە لەدژیشی راوەستان، ئەگەرچی ئەوەی ئێمە لەو چەند ساڵەدا لەو ڕۆشنبیرەمان بینیوە، ئەوە نیشان دەدات، کە ئەو ناوەڕاستی هەڵنەدەبژارد. ڕۆشنبیرمان هەموو ڕێگایەکی گرتەبەر هەتا بناسرێت، زیاتر لەئایدیۆلۆژیایەك و حیزبێکیشی تاقیکردەوە، بەسەیری نازانین ئەگەر ڕۆشنبیرمان تیژترین زمانی بۆ شکاندنی نووسەرانی نەوەی خۆی بەکارهێنابێت، پێی وابووە نووسەرە گەورەکان هەموو ئەوانەن، کە لەڕابردوو ژیاون و لەمێژە مردوون، ئەوە ئارەزوویەکی تاناتۆسییانەیەو دەیەوێت هەموو شێتك بکوژێت، دەیەوێت بڵێت دنیا هیچی جوانی تێدا نەماوەو دەبێت وێران بکرێت، دەبینین ئەو ڕۆشنبیرە پەلاماری جوانترین تێکستی ئەو سەردەمەی داوەو ویستوویەتی بیانکوژێت، مەسەلە ئەوە بوو باوکێك نەبوو بیکاتە هی خۆی و هەمان بایەخی براکانی پێبدات، هەتا هێمن بێتەوەو ئەو حەماسەی نەمێنێت. ڕۆشنبیرمان کە ئەمڕۆ خۆی بەدەست ئەو دەستەڵاتە خۆماڵییە داوە، ئەوسا هەر ئەو دەستەڵاتەی لەخانەی دەستەڵاتە بێگانەکە دانابوو. ئایا ئەگەر هەر گوتەکەی خۆی رەچاو بکەین، مانای ئەوە نییە ئەو خۆی بەدەست دەستەڵاتە بێگانەکەش داوە؟

دەستەڵات کاتێك دەیەوێت ڕۆشنبیرێك بەیەکێکی دیکە بگۆڕێت، بەتەنیا مەبەستییەتی شێوازەکانی ئەو وەسفە بگۆڕێت، ئەگینا ئەو ڕۆشنبیرە بەستەزمانە نە هیچ ناڕەزاییەکی نیشانداوەو نەپێی خۆشە بیگۆڕن. دەستەڵات پێویستی بەوەسفی

دیکەی خۆی هەیەو بەو مەبەستەی بەردەوام رووی راستەقینەی خۆی بشارێتەوە. هەر کاتێك ئەو رۆشنبیرە دەبێتە باسی کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵك، ئەوا دەستەڵات بەهەموو جۆرێك دەیەوێت لەخۆی دووربخاتەوە، نەوەك لەرێگای وی بکەوێتە بەرچاوان و بکرێتە بابەتی قسەو باس. ئەمە ئەو گیا تاڵەیە، کە مەڕی دەستەڵات حەزی لێناکات. دەیەوێت بڵێت رۆژگارێك ئەو رۆشنبیرە لێی قەوماوەو ئەو بەخێری خۆی نانی پێداوە، ئەگینا ئەو هیچ داهێنانێکی نەکردووە، لەگەڵ ئاشکرابوونی هەر فایلێکیشدا، ئەو کائینەی ناویان لێناوە خوێنەر باجەکەی دەدات و وەکو ملوانکە گوناهەکانی لەمل دەکرێن، لەئەفسانەی (ئۆدیپ پاشا)شدا، بەشێکی زۆری خەتاکە دەکەوێتە ملی ئەو شوانە هەژارەی، کە وەختێك (ئۆدیپ) بەمنداڵیی فرێدرابوو، ئەو هەڵیگرتەوەو گەورەی کرد.

تێبینی: ئەو بابەتە لەئەنجامی گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیی نێوان کاك گۆران عەبدوڵڵاو مندا هاتە گۆڕێ. مەسەلەکەم تەنها وەك چیرۆکنووسێك بینیوەو بەدیدگایەکی ئەدەبیش نووسیومە، هەر لێرەشەوەیە وەکو جێگۆڕکێی کارەکتەرو رووداو لەچیرۆك و رۆماندا، ئاوا تێکەڵییەکم لەنێوان ئاستەکانی (رۆشنبیری)و جۆرەکانی (رۆشنبیر)یشدا دروستکردووە.

Karwankaskasur@yahoo.co.uk




## ڕامانێک لەشیعری "نامەیەکی پایزی"ی
## محەمەد عومەر عوسمان

توانا

**محەمەد عومەر عوسمان عارفێکە لەیەک کاتدا موحافیزکارو کودەتا گێڕیشە.. لەسەر ئاستی فۆرم پابەندو لەسەر ئاستی جیهانبینی یاخییە**

د.شاهۆ سەعید

ئەگەر شیعر بەدیوێکدا سەرکێشییەکی زمانەوانی و بیناکردنی خەیاڵ بێت، ئەوا بەدیوەکەی تردا شیعر بەجۆرێك لەجۆرەکان ئیشکردن و هەڵکۆڵینە لەمەعریفەدا. بەومانایەی شیعر لەدەرەوەی تەفسیرە جوداکان هەڵگری جیهانبینییەکە کە پڕاو پڕ ئەزمونی خودی شاعیرە.

شتێکی نوێمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین ژیانکردن لەناو واقعێکی نائاسـاییدا میکـانیزمی دەوڵەمەنـدبوونی خـودی ئەزمونکەرەکەیـە، دانتـی و مـەولاناو سـەعدی هیـچیان ژیـانێکی ئاسایی نەژیان، بۆیە دواجار تێکستی نائاسییان بەرهەمهێنا.

ڕەنگە لەو پەرەگرافەی سەرەوە شتێکمان لەبارەی داهێنانەوە چـنگ کـەوتبێت بـەڵام ئایا ئەفرانـدن تـەنیا لەبازنـەی ژیـانکردنی نائاسـاییدا خـۆی دەبینێتـەوە؟ ئـەم پرسـیارە دەمانخاتە کێشمەکێشێکی قوڵ کە دەتوانین دواجار بەسود وەرگرتن لەمیتۆدی قوتابخانە ڕەخنەییەکان لێی دەربچین.

ئایا شیعر پیشاندانی دیوە نەبینراوەکەی تری ژیانە؟ ئایا شیعر دەتوانێت زیاتر لەچێژ شتێکی ترمان بداتێ؟ ئایا شیعر دەکرێت چۆن کۆمەکی ئەو بوونەوەرە تەنیایە بکات کـە ناوی مرۆڤە؟ بـۆ بەرسـڤی ئـەم پرسـیارانە دەچـینە نـاو خوێندنـەوەو ڕامـان لەشـیعری " نامەیەکی پایزی "ی محەمەد عومەر عوسمان:

**نامەیەکی پایزی**

**ئەی ئەوکچەی پایزانیش بەرگت سەوزەو گوڵی تەڕ**
**ئەدەی لەسەرت**
**خەو مەبینە.. قۆڵ و باسکم پشتێنێ بێ بۆ کەمەرت!**
**تۆ نەتدیوە.. چۆن ئاگری سپی پیریی بەربۆتە قژی سەرم !**
**زۆر ئەترسم دارستانی قژی ڕەشت بگرێتەوە**
**تۆ نەتدیوە.. پەنجەکانم دە چڵی وشک و برنگن؟**
**گەر بینە شانەی قژت.. ساتێک نابا ئەشکێنەوە!**
**لۆمەم مەکە گەر دیت چاوم هەردەم وەک هەوری زستان وابوو..**
**من کەناری شیعرم بەسە باوەشم بۆ بگرێتەوە**
**ئەگەر هاتوو بیستت خۆم کوشت بزانە کە..**
**نەمتوانیوە شیعرێ بڵێم.. ئازارمی تیا جێ بێتەوە!**

١٩٨٧

شاعیر لەتەواوی ئەم شیعرەدا وەکو ستایڵی هەمیشەی خۆی پایزانە دەنوسێ وپایزانە دەئاخفێ و پایزانە بیری کردۆتـەوە، وەلێ ئـەم پـایز دۆسـتی‌یە نەیهێـشتووە لـەڕوانین بـۆ واقیع دا دونیا بینیەکـەی کـورتی هێنـا بێـت، حەمـە عومـەر گەرچـی دەزانێـت ئـەو چـیتر کەڵکی لەئامێزگرتنی کیژێکی نەماوە بەڵام ئەم دەرگایە بەناوی هەموو پیـاوی گەردونـەوە بەسەر ئەم خانمـەدا داناخـات، ئـەو لەئـەوجی دەسـت لەخۆشـتندا دەکارێـت دڵـی کـچێك بداتەوە کەلەوەرزەکە خۆیدا (ئەگەر ئەم دەستەواژەیە ڕاست بێت، چونکە تـازە خـاوەنی وەرزێکە بەناوی پایز ئەمە شتێکە لەناوەنـدی ڕونـاکبیری کوردیـدا بڕاوەتـەوە) بـەجلێکی سەوزو گوڵێکی تەڕی سەریەوە لەشاعیر بێتە پێشێ و هەموو جەستەی هـاواری باوەشـێك بکات.

ئەم تێکستە ئەگەرچی بەدیوێکدا تواناو وەستانی نوسەر لەبەرامبەر هەنـدێك فیگـەری جوانی ئەم دونیایەدا ڕادەگەیەنێت، بـەڵام بـەدیوێکی تـردا مانـەوەی هەمیـشەیی نوسـەر لەنوستالوژیادا بەیان دەکات، کاتێك شاعیر دەڵێت:

**گوڵی تەڕئەدەیت لەسەرت**

واتە ئەوەی تۆدەیکەیت زەمانێکە من تیایـدا نـاژیم یـان جێمهێـشتووە، بۆیـە دێڕەکـە جۆرێك لەسەرسوڕمانی تێدایە. حەمە عومەر نایەوێت ببێت بەخەونی کچێك دەزانێـت ئـەو خەونانە دۆنکیشوەتین، شاعیر بەهەموو هەوڵی دەیەوێت ئەوی تـر لـەو بێئاگاییـە بێنێتـە دەرێ، لێـرەوە شـیعر ئەرکـە ڕاسـتەقینەکەی خـۆی دەگرێتـە دەسـت، ئـەو ئەرکـەی کـە ئەفلاتون پێی وابوو (شیعر دەبێت حەقیقەت بڵێت ئەگەرنا ئەوە شیعر نییە) ئەم شیعرەی حەمە عومەر حەقیقەتێکی تاڵ دەڵێت.

ژیان دۆستی لەم شیعرەدا دەگاتە لوتکە کاتێـك شـاعیر بـەو هـەموو عەبەسـێتەی نـاو ژیانی خۆیەوە خەمێکی بۆ ژیانی ئەوانی دی هەیە و دەڵێت:

**زۆر ئەترسم دارستانی قژی ڕەشت بگرێتەوە**

شاعیر یەکلایی کردۆتەوە کەئەو لـەدەرەوەی ئـەم بازنەیـەی ئێمـەدا دەژی، بازنەیـەك جـوانی و حەقیقـەت هێـشتا لـەجێگای خۆیانـدان، ئەگـەر لـەم نیـوە دێـڕدا بانگەشـەی خۆجیاکردنەوە لەوانی دی هەبێت ئەوا بەتەنیشت ئەوەوە ئایدیای پێکـەوە ژیـان پێکـەوە هەڵکردن، خەیاڵی دانسان بەوانی دی ئامادەگی هەیە. لەدێڕی دواتردا شاعیر جیهانی خۆی

لەجیهانی ئەوی دی دەدات و دەڵێ کەپەنجەکانی ئەو کەڵکی شانەکردنی قژی کچێکی نەماوە، ئەگەر جەبرێك ئەم دوو جۆرە ژیانکردنە لەیەك بدات ئەوا پەنجەکانی ئەو:

**ساتێک نابا ئەشکێنەوە**

ڕەنگە ئەم داڵە وەك کەرەستەیەك کۆمەکمان بکات لەتەئویلی ئەم دەقەدا، کەئەم دوو جیهانە مەبەست لێی جیهانی ڕۆح و جیهانی مەتریال یان دونیایی خەیاڵ ودونیایی واقیعە... ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر ئەوەمان لەیادبێت کە عەشق بەرجەستەترین پرۆسەیە کەخەیاڵ و واقیع تێیدا بەریەك دەکەون، لەم شیعرەدا نوسەر وەکو نماینـدەیی خەیاڵ و ئەویدی وەك نوێنەرێکی ڕاستەقینەی واقیع دەردەکەون. لێرەوە لەوە دەگەین کەشاعیر نایەوێت خۆشەویستی ئەم خانمە قبوڵ بکات، چونکە پێی وایە ئەوان سەربەدوو دنیایی جودان، لەهەمانکاتدا دەخوازێت پەرسڤێکی ئەو خۆشەویستییە بداتەوە تا ئەو جێگایەی دەکرێت، بەڵام لەم ڕەهەندەوە شاعیر شکست دەخوات و ناتوانێت خۆی فریوبدات. لەدوا دێڕەکانی شیعرەکەدا جارێکی تر ئەوە بەگوێی خوێنەرو بەتایبەتیش ئەوی دیدا دەداتەوە کەئەو ئامادەیی نییە بۆ ژیان لەناو پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی لەوشێوەیەدا .

تەواوی ئەم شیعرە دیالۆگی نێوان عەبەسییەك و ژیاندۆستێکە، بەڵام ئەوەی جێی لەسەر وەستانە ئەوەیە کە عەبەسییەکە زۆرجاران لە ژیاندۆستەکە زێدەتر بەتەنگ ژیانەوەیە ! ئەمەش ئایۆنی دروست ناکات لەگەڵ خودی چەمکەکە بەقەد ئەوەی دواجار شیعرەکە وەك تێکستێکی هیومانی دەستپێدەکات و کۆتای دێت.

ئایا شاعیر لەکاتێکا داواکەی ئەویدی ڕەتدەکاتەوە بۆ ئەم ڕەتکردنەوەیە خاڵییە لەنێرگسییەت و پاساویشی ئەوەنیە کەژیان پوچ و بێبەهایە؟ ئەوەی ئەم درکی پێکردووە خەڵك نایزانن؟ شاعیر خۆی وەك پەیامبەر ناساندووە لەم دەقەدا؟ ئەگەر وایە ئەم هەموو ڕێز دانانە بۆ ئەوانی تر لەچییەوە هاتووە؟ چۆن بەم هەستەوە توانیوێتی ئەم پرسە کۆمەڵایەتیە بەبێ ڕتوش بگوێزێتەوە بۆناو تێکستێك ؟.

هەموو ئەم پرسیارانە وامان لێدەکەن ڕاستییەکی ووتراو بڵێین ئەویش ئەوەیە ئەو توانای لێکبوردن و بەخشینەی لە شیعرەکانیا دەبینرێت دەقاو دەقی ژیانی ڕاستەقینەی خۆیەتی، دەتوانین وا سەیری حەمە عومەر بکەین کەژیانی والەناو شیعرەکانیاو شییعرەکانیشی یەك پارچە ژیانی ئاسایی خۆین .

بەوپێیـەی شـاعیر شـارەزاییەکی باشـی لەتەسـەوفدا هەیـە، دەکرێـت ئـەم شـیعرەی وابخوێنرێتـەوە کەجـەدەلێکی قـوڵی نووسـەر خۆیـەتی لەگـەڵ خـۆی لەیەککاتـداو لەگـەڵ مەعشوقیش (خودا)، لەکۆتایدا هـزری خـۆ ئـازاردان وەکـو میراتێکـی ئـاینی دزە دەکاتـە ناوشییعرەکە و شاعیر سەرفرازی خۆی ڕادەگەیەنێت، کەئەو بەریەکەوتنی لەگـەڵ دنیـایی مـادەدا هـیچ لـەئازارەکانی کەمنابێتـەوەو ئـەزموون نـەکردنی ئـەو پەیوەندیـەش حـەزی مانەوەیە لەنێو دونیای خۆیدا کەدونیایی ئازارە.

وێکچونی شیعرەکە بـە تێکستی سـۆفیانە لـەوەوە سەرچـاوە دەگرێـت تێکستی نێـو ئـەدەبیاتی تەسـەوف تێکـستی ئامۆزشـین بەومانایـەی هەمیـشە تێکـستێکن سـەرقاڵی ئاگادارکردنەوەی خەڵکن لەوەی دونیـا فانییـەو حوکمـەکانی تـری دین لـەناو ئـەم جـۆرە تێکستانەوە دەبینرێن، دەقی سۆفیانە زۆرتر ئاماژەو هێمـای سـادەو ڕووکـەش و ڕونـن و کەمتر خۆیـان لەقـەرەی ڕازو ڕەمـزو دال دەدەن، ئەگەرچـی خـودی تەسـەوف لـەوەقوڵتر دەڕوات و دەبێتە یەکپارچە تێڕامان لەخود و خودا بەڵام بەداخـەوە لەسەرئاسـتی نوسـین ئەم هزرە هێندەی برنەکردووە گواستنەوەیەکی بێڕتوشمان بۆبکـات، بـەکورتی تەسـەوف هێندەی لەبینین و بەرکەوتن و ئەزموونکردنـەوە گەیوەتـە خـەڵك، هێنـدە ئەدەبیاتەکـەی نـــەیکاریوە ئەمەبگەیـــەنێت.بەشـــی وێکـــچونی ئـــەم شـــیعرە لـــەنیوەدێڕی دووەمـــەوە دەستپێدەکات و درێژدەبێتەوە تاکۆتایی شیعرەکە، کە خۆی لەشـێوەی گیـانێکی فانیـدا دەبینێ و ئەودیو وەك خالیدو نەمر دیدەکردووە .

زمان لەم شیعرەدا وەك زۆرێك لە ئیشەکانی تری حەمە عومەر زمانێکی بـێ گرێوگـۆڵ و سـادەیە و شـاعیر ئـەم سـادەییەی زمـانی دەقەکـەی خـستۆتە خزمـەت بەرهـەمهێنانی مانایەکی قوڵ و ڕاوەستان لەبـەردەم دەرگـای مردنـدا بەشـەڕکردن بـەخوازەی وەرزێـك و ئامادەکردنی کچێکی جحێڵ و تێگەیاندنی لەوەی ژیانی مە ژیانێکی زۆر پیرۆزو پڕمانا ترە لەوەی تۆبۆی دەچیت.

ئەگەرچـی هیـچگەراییەك بـاڵی ڕەشـی بەسـەر شـیعرەکەدا کێـشاوە کەچـی شـاعیر توانیوێتی بڵێت ئێمە کۆمەڵێك ڕەنگی جیاوازین هەرچەندە یەك ڕەگەزو یەك خێزانبین!

نیـوەی یەکـەمی شـیعرەکە پێکهـاتووی کۆمـەڵێك ووشـەی پـڕ لـەوزەی ژیاندۆسـتی و ئاماژەی نیشاندانی جوانییەکانی ژیـانن : (بـەرگی سـەوز، گـوڵی تـەڕ، ئـاگری سـپی....)

لەبەرامبەردا نیوەی دووەمی شیعرەکە کە ئەنجامیشە، تژییە لەو وشانەی مرۆڤ نزیک لەنائومێدی دەکاتەوە دەیخاتە دەیخاتە خەیاڵی هیچێتی ئەم ژیانە(چڵی وشکوبرنگ، شکانەوە، خۆکوشتن، ئازار....) . بەریەککەوتنی ئەم دوو جیهانە بەریەککەوتنی ڕاستەقینەی ژیانی خودی شاعیرەو سەرپشککردنیەتی لەهەڵبژاردنی : کچ، گوڵی تەڕ، بەهار ...لەگەڵ هەڵبژاردنی ژیانێکی دی خاڵی لەمانەو پڕلەهەموو شتێك، کەدەڵێین هەمووشتێك مەبەستمان ئەوشتانەیە کەزمان دروستیان دەکات لەخەیاڵدانی شاعیردا، ئەوەتا خۆکوشتنی نوسەر پەیوەندی بەباگراوندێکی ئەبستمۆلۆژی گەورەوە نیە و ڕوانینێکی فەلسەفی لەم خۆکوشتنەدا نابینرێت، هێندە هەیە ئەمە خۆکوشتنێکی لەسەر ئاستی شیعرێك بەهۆی کێشەیەکی زمانەوانیەوە :

**ئەگەر هاتوو بیستت خۆم کوشت بزانە کە**

**نەمتوانیوە شیعرێ بڵێم ئازارمی تیا جێ بێتەوە**

ئەم تێکستە لەو تێکستە غەمگینانەیە کە خوێنەری وشیار ڕادەوەستێنێت، حەمە عومەر بە نامەیك بەرامبەرو خەڵکیش ئاگاداردەکاتەوە لەزەمەن، لەتێپەڕینی ڕۆژانێك کەڕەنگە هەتا هەتایە نەیبینێتەوە، لەبەرکەوتنی جوانی و پیری، پێکهەڵبژانی ڕوح و جەستە لەچاوتروکانێکدا.

# چاكسازيی ئاينيی لەئەوروپا

مەريوان عەبدول

## كەنيسەی مەسيحی لەسەدەكانی ناوەڕاستدا

پێش ئـەوەی بـاس لەچاكسازيی ئـاينيی بكـەين، پێويسته سـەرەتا بـزانين رەوشـی كەنيـسەی مەسـيحی لەسـەدەكانی ناوەڕاسـتدا چـۆن بـووە، چـونكە چاكـسازيی ئـاينيی دەرئەنجامی يان كاردانەوەی كردارو مامەڵەی كەنيسەی كاتۆليكييە. كەنيسەی مەسـيحی لەژێر سێبەری ئيمپراتۆريەتی رۆمانی پەيدابوو و گەشـەی كـرد، بەنـەمانی ئيمپراتۆريـەتی رۆمانی كەنيسەی كاتۆليكی جێگەی ئيمپراتۆريەتی رۆمانی گرتەوە لەرۆما[١].

كەنيسەی كاتۆليكی شێوەيەكی هەڕەمی هەبوو، لەسەرەوەی هەڕەمەكـە پاپـا هـەبوو ئەنجومەنی (كەراديلە) هەڵيان دەبژارد، پاشـان كاردينالـەكان دەهـاتن، پاشـان سـەرۆكی ئەسقوفەكان ئەمانە گرنگيان دەدا بەبـەڕێوەبردنی كاروبـاری كەنيـسەو موڵـك و ماڵـەكانی كەنيـسە، بەشـێكيش لەسـەرۆك ئەسـقوفەكان چـەند ناوچـەيەكيان بـەڕێوەدەبرد، جگـە لەبونی كۆمەڵێك راهيب و خواپەرست كە گرنگيان دەدا بەئامادە كردنی خـەڵكی بـۆ رۆژی دوايی[٢].

كەنيـسە زەويـوزارێكی زۆری هـەبوو، ياسـا و دادگـای تايبـەت بـەخۆی هـەبوو، جگـە لەوەی ژنهێنان و ميرات لـەژێر دەسـتی كەنيـسەدا بـوو، سەرپەرشـتی قوتابخانـەو زانكـۆو نەخۆشخانەكانی دەكرد، بەدەرلەوەی كەنيسە دەسەڵاتی سياسی هەبوو باجی دەسـتاندو دەستی دەخستە ناو كاروبارەكانی دەوڵەتانی ئەوروپا، باڵا دەسـتی كەنيـسە لەئاسـتێكدا بوو كە پاشاكانيش لەژێر كاريگەری دەسەڵاتی كەنيـسەی كاتۆليكيـدا بـوون، دەبـوو پاپـا تاجی پاشايەتی بكاتە سەرسەری پاشاكان تاوەكو رەوايەتيان هەبێت[٣].

بەو شێوەيە دەزگای كەنيسە دەستی گرتبوو بەسەر هەموو لايەنەكانی ژيانی خـەڵكی بـەجۆرێك بـچوكترين كـارو جموجـوڵی تاكـەكانی كۆمەڵگـەی ئـەوروپی لەسـەدەكانی ناوەڕاسـتدا بـەبێ ئاگـاداری كەنيـسە نـەدەبوو، ئەگـەر كەسـێك كـارێكی لـەدەرەوەی

دەسەڵاتی کەنیسە ئەنجام بدایە بەکوفر دادەنرا، تەنانەت ئەگەر کارێکی زۆر تایبەتیش بوایە، ئەوکەسانەش کە بەکارێك هەڵدەستان بەبێ فەرمانی کەنیسە یان دەرچوو بوو لەفەرمانی پیاوانی کەنیسە، توندترین سزایان دەدان کە کافرکردن (تفکیر) بوو، هەر کەسێکیش کافر بکرایە لەهەموو مافێك بێبەش دەکرا، چونکە جیابوونەوە لەکەنیسە جیا بوونەوە بوو لەکۆمەڵگا[٤].

کەنیسەی کاتۆلیکی بۆ پاراستنی دەسەڵات و هەیمەنەی خۆی بەسەر هەموو ئەو بوارانەی کە ئامارژەمان بۆ کرد باڵادەست بوو، لەجێگەی ئەوەی ئەرکی خۆی وەك دەزگایەکی ئاینی بەجێبهێنێت لەئەرکی خۆی دوورکەوتەوەو، بوو بەدەزگایەکی داپڵۆسێنەر بەسەر گەلانی ئەوروپاوە و ناشرین ترین جۆری دەمارگیری پیشاندا بەناوی ئاینەوە کەبووە هۆی کوشتن و لەناوبردن و ئەشکەنجەدانی هەزار کەس ئەم پاکتاوکردن و ئەشکەنجە دانەش لەرێگەی دادگاکانی پشکنینەوە بەئەنجام دەگەیشت، ئەم دادگایانە بەبڕیارێك لەلایەن پاپا (گریگۆری نۆیەم) لەسەرەتای سەدەی سیانزەیەم دامەزران و تاسەدەی هەژدە بەردەوام بوون. هەر کەسێك بچووکترین گومانی لێبکرایە دەیانهێنایە بەردەم ئەم دادگایەو ئەگەر لەبۆچونی خۆی پەشیمان نەبوایە دەسوتێنرا، زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەبونە قوربانی کەسانی چاکسازیی وەك (جۆن هاس) بوون کە بۆخۆی قەشە بووە و کەسێکی ئەکادیمی بووە لەبەر بۆچونە دروستەکانی و پەردەهەڵماڵین لەسەر کارە دزێوەکانی پیاوانی کەنیسە کە بەناوی ئاینی مەسیحی دەیانکرد سوتێنرا، هەروەها جۆردانۆ برۆنۆ(١٥٤٠–١٦٠٠) فەیلەسوفی ئیتاڵییان بەهەمان شێوە سوتاند ، لەجنێفیش (میشێل سێرڤیە) ی فەیلەسوفیان بەزیندویی سوتاند[٥].

ئەم بارودۆخە نالەبار و ئاڵۆزە بەهۆی ئەو هەموو ستەم و زۆرەی کە دەزگای کەنیسە ئەنجامی دەدا لەناو خۆدا تۆوی شۆڕشێکی چاند کە شۆڕشی ئاینی یان چاکسازیی ئاینییە، چونکە ئەم ئەرکە هەر گەورەپیاوانی ئاینی و قەشەو قەدیسەکان خۆیان ئەنجامیاندا کەسانی وەك جۆن هاس و لۆتەر و کالڤن و ویکلف و زۆرێکی دی لەپیاوانی ئاینی خۆیان بەو کارە هەستان بەرەنگاری ناڕاستیەکانی پیاوانی کەنیسەبوونەوە، نەك تەنها ناڕاستیان بەرامبەر بەخەڵك بەڵکو بەرامبەر بەخودی ئاینی مەسیحیش.

## زاراوەی چاکسازیی:

وشـەی چاکـسازیی یەکێکـە لـەو زاراوانـەی کـە زۆر جـار لەئـەدەبیاتی شارسـتانیەتە کۆنەکانـدا دەبینرێـت، واتــە ئــەو ژیارانــەی لــەدوای ئــەوەی مێژوویــەکی شارســتانی دەوڵەمەندیان هەبووە بەرەو رووخان چووە، پاشان ویستویانە بەخەبەر بێنەوە و خۆیـان ببوژێننەوە و گیانێکی نوێ بەبەر خۆیاندا بکەنـەوە لەرێگـەی هەڵسەنگاندنی ئـەوەی کـە خراپ بووە لەشێوازی بیرکردنەوە و مامەڵەی لەگەڵ خودی بونی شارستانیەت[٦].

کەواتـە چاکـسازیی هەسـتێکی قوڵـە بەپێویـستی پـاك کردنـەوە و لابردنـی ئـەوەی نـەخوازراوە بۆتـە هـۆی لادان لەرەسـەنی و پـاکی سـەرەتا کـە ئـەو شـتەی هـەیبووە جا هەرچیەك بێت جیاوازی نییە گرنگ گەڕانەوەیە بۆ چاکێتی و پـاکێتی، کاتێـك چاکـسازیی دێتە ناوەوە کە دژەکەی بەدی بکرێت و هەستی پێبکرێت واتە خراپ کاری یـان گەنـدەڵی بونیان هەبێت.

ئــەوەی گرنگــە لای ئێمــە باســکردن نییــە لــەخودی چاکــسازیی، بــەڵکو باســکردنە لەچاکسازیی ئاینی لەئەوروپا، کە مێژوویەکی تایبەتی هەیە گەرچی نەشـتوانرێت بـەوردی سەرەتاکەی دیاری بکرێت، بەڵام لەسەردەمی مارتن لۆتەر دا بەتەواوەتی دەخەملێت.

سەردەمی چاکسازیی ئاینی سەردەمی گۆرانکاری فراوانە، سـەرجەم کێـشەکانی ئـەو سەردەمەی گرتۆتە خۆ لەفۆرمێکی ئایینیدا[٧]، واتا ئەگەر بزافەکە بزافێکی ئـاینی بـووە و مەبەستی چاکسازیی بووە لەئاییندا، بەڵام لەگەڵ خۆیدا تەواوی کایەکانی تری کۆمـەڵگای گرتۆتــەوە و کاریگــەری لەســەر دانــاون، چــونکە دەزگــای کەنیــسە دەســەڵاتی خــۆی سەپاندبوو بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکیدا، بۆیە بنەمای چاکسازیی ئاینی رزگـار بوون بوو لەدەسەڵاتی کەنیسە و گەڕاندنەوەی مافە کەسییەکان بۆ مرۆڤ[٨].

چاکـسازیی ئـاینی پێناسـەی زۆر و جیـاوازی بـۆ کـراوە، لەوانـە هەنـدێك دەڵـێن: چاکـسازیی ئـاینی بزاڤێکـی ئایینیـە ئامـانجی گەیـشتنە بەچارەسـەرێکی ناوەنـدی یـان گونجانـدنی بـیرو بـاوەڕی مەسـیحی، تابتوانێـت خـۆی بەرامبـەر بەپێـشکەوتنی زانـستی رابگرێــت[٩]، ئــەم پێناســەیە لــەوەوە سەرچــاوەی گرتــوە کــە کەنیــسەی کــاتۆلیکی بەرەنگارییێکی تونـدی زانـست و بـیری زانـستی دەکـرد و بـیردۆزە زانـستی و هزرییـەکانی بــەلادان و بێبــاوەڕی دادەنــا بــەئایینی مەسـیحی، هۆکــاری ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ

دەستکردنی دەزگای کەنیسە بەکۆمەڵێك بیردۆزی زانستی کۆن و کردنی بەبەشێك لەئاینی مەسیحی لەکاتێك دا ئەو بیردۆزانە بەرهەمی سەردەمێکی مێژوویی دیاری کراو بوون، بۆ نمونە بیردۆزی بەتلیمۆسی کە وەك بەشێك لەبیرو باوەری مەسیحی سەیر دەکرا.

یەکێکی تر لەو پێناسانەی کە بۆ چاکسازیی ئاینی کراوە دەڵێت: ناوێکی تایبەتە بەو سەردەمە دەگوترێت کە مەسیحییەکان تیایدا پارچە پارچەبوون. لەم سەردەمەدا ئەگەر چی کڵێسای کاتۆلیکی درێژەی بەبوونی خۆی دەدا، بەڵام ئەوانەی دواتر ناوی پرۆستانتەکانیان لێ نرا داوای چاکسازییان دەکرد لەکەنیسەی کاتۆلیکی، بۆیە چەند بنەمایەکی تریان دانا بۆ ئاینی مەسیحی جیاواز لەبنەماکانی کەنیسەی کاتۆلیکی[١٠].

دیاردەیەکی ئایینی لەناو هەموو شارستانیەتەکاندا بەدی دەکرێت، ئەویش چاکسازیی ئاینییە واتا کەشی گەڕانەوەی ئایینە بۆ پاکێتی بیروباوەڕە سەرەتاییەکەی. شپنگلەری فەیلەسوفی ئەڵمانی (١٨٨٠–١٩٣٦) بزاڤی چاکسازیی بەبزاڤێکی عەقڵی دەزانێت، کە لەخولی گوێزانەوەی شارستانییەت بۆ مەدەنیەت یان کەمێك پێشتر دەردەکەوێت[١١].

ئەگەر بمانەوێت لەمانای چاکسازیی تێبگەین پێویستە دژەکەی بناسین، چونکە دەتوانرێت شتەکان بەدژەکانیان بناسرێنەوە، ئەنتی چاکسازیی بریتیە خراپەکاری یان گەندەڵی، دژە چاکسازیی ئاینی بریتیە لەهەموو ئەو خراپە کاری و گەندەڵیانەی کە دەزگای کەنیسەی کاتۆلیکی گرتبۆوە لەماوەیەکی مێژوویی درێژدا، کەواتە چاکسازیی ئایینی بریتیە لەچەند هۆکار و بنەمایەك بۆ کەم کردنەوە و لەناو بردنی ئەو گەندەڵی و خراپەکاریانەی لەکەنیسەی کاتۆلیکیدا رووی داوە لەمێژووی کەنیسەی کاتۆلیکیدا.

**سەرەتاکانی بەرهەڵستکاریی ئاینیی لەکەنیسەی مەسیحیدا:**

چاکسازیی ئاینی دیاردەیەکی ئاوارتە و بێ پێشینە نیە، وەك ئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن و راستەوخۆ دەیگەڕێننەوە بۆ سەدەی شازدە و دەیبەستنەوە بەلۆتەرەوە، راستە لەسەردەمی لۆتەردا چاکسازیی ئاینی دەخەملێت و کاریگەر دەبێت، بەڵام پێش ئەو سەردەمەش هەوڵی چاکسازیی هەبووە ئەگەر چی ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون وەك ئەوەی لۆتەر تیایدا سەرکەوتوو بوو، دەشێ ئەمەش پەیوەندی بەبار و دۆخەکانیانەوە هەبوبێت، یان ئەو هەل و مەرجەی بۆ لۆتەر و ئەوانی تر رەخساوە بۆ هەوڵەکانی پێش لۆتەر نەڕەخساوە.

جگە لەوە لێکترازانی کەنیسەی مەسیحی و دروست بونی ئاینزاکانی ئاینی مەسیحیش مێژوویێکی قوڵی هەیە، بەرهەڵستی ئاریۆسی لەسەدەی چوارەمی زاینی لەدیدی کاتۆلیکەکانەوە یەکێکە لەمەترسی دار ترین بەرهەڵستکاری کە کەنیسە بەرەو رووی بۆتەوە[١٢]، ئاریوس کە خاوەنی بەرهەڵست کاریەکە بوو لەساڵی (٣٣٥)ز مردووە و لەدیدی مەسیحیەکاندا بەهەڵگەڕاوە لەمەسیحیەت دانراوە (هرطقة)[١٣]، ئاریۆس بۆچونەکانی بەپێچەوانەی کەنیسەی کاتۆلیکییەوە بوو ئەو بیروباوەڕی وابوو (خوا تەنهایە و، ناوی نا:باوك، مەسیح وشەی خواو کوڕیەتی: لەڕێگەی هەڵبژاردن و پاڵفتە کردنەوە کە دروست کراو بوو پێش دروست کردنی جیهان ئەو دروست کەری شتەکانە)[١٤].

کۆنگرەی نیقیەی ساڵی (٣٢٥ز) سنورێکی بۆ گفتوگۆی توندی نێوان ئەسناسیۆس و ئاریۆس دانەنا، ئەگەر چی زۆربەی ئەسقوفەکانی سەر بەڕۆژهەڵات بوون و لایەنگری ئاریۆسیان دەکرد جابەنهێنی بوبێت یان بەئاشکرا واتە ئەوانیش پێیان وابوو مەسیح کوڕی خوایە، بەڵام هاوبەشی خوا نییە لەماددە و مانەوەدا. دوای بڕیاری کۆنگرەی نیقیە (قوستەنتین) ئاریۆسی دورخستەوە، بەڵام لەساڵی (٣٣١ز) بانگهێشتی ئاریۆسی کرد و بەتەنها گفتوگۆی لەگەڵدا کرد، کاتێك بۆی دەرکەت بۆچوونەکانی دەرچون نین لەمەسیحیەت، داوای کرد کەنیسەکان بگەڕێننەوە بۆ ئاریۆس و شوێنکەوتەکانی[١٥].

لەساڵی (٤٥١ز)کۆنگرەیەکی تر بەسترا بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی نێوان مەسیحییەکان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەسروشتی مەسیحەوە هەبوو، لەم کۆنگرەیەدا دان بەیەکسانی هەردوو ئەسقوفەکانی رۆما وبیزەنتەدا نرا[١٦]، جگەلەوەی کە ئەسقوفەکان دابەشبوون بەسەر یەعقوبی و مەلەکانی و نەستووری[١٧].

لەسەدەکانی ناوەڕاست دا جیاوازی نێوان کەنیسەی کاتۆلیکی و ئەرسەدۆکسی روو لەزیادبوون بوو، چونکە کەنیسەی ئەرسەدۆکسی باوەڕی وابوو پاپا دەسەڵاتی بۆخۆی قۆرخ کردووە، لەکاتێکدا دەسەڵات مافی ئیمپراتۆرە، لەبەرامبەردا پاپا کەنیسەی رۆژهەڵاتی بەملکەچ بوون بۆ ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی تاوانبار کرد[١٨].

ئەو جیاوازییەی لەنێوان کەنیسەکان و پیاوە ئاینیەکان دروست بوو، هەر لەسەرەتای مەسیحییەتەوە سەری هەڵداوە و مشت و مڕێکی زۆری لەنێوان پیاوانی ئاینی و دەسەڵات

دارانی رۆمی و بێزەنتیدا لەسەر شتانێکی زۆر سەبارەت بەئاینی مەسیحی دروستکرد، وەك سروشتی عیسای مەسیح و کێشەی مرۆڤ بوون و خوا بونی مەسیح، تێڕوانینی جیاوازی مەسیحی بۆ مەسیح و مەسیحییەت و تێکەڵ کردنی رۆشنبیری ئاینی پێشین بەمەسیحییەت، ئەمانە هەموویان بوونە هۆی دروست بوونی دیدی جیاواز لەم ئاینەدا و سەرئەنجام ئاینزا و کەنیسە جیاوازەکان پێك هاتن. ئەمانە گەرچی بەشێوەیەکی بەرچاو لەلایەن زۆربەی سەرچاوەکانەوە بەچاکسازیی دانانرێت، بەڵام دەتوانین بڵێین هەوڵدانێك بوون بۆ چاکسازیی، چونکە دەرکەوتنی ئەو گروپ و کۆمەڵە جیاوازانە لەدەزگای کەنیسەدا ئەوە دەگەیەنێت کۆمەڵێك کەس هەبوون ناڕازی بوون لەشێوازی بەرجەستە بوونی مەسیحییەت لەو کەنیسەییدا.

ئەو کاتەی فلیپی چوارەم پادشای فەرەنسا توانی بەربەرەکانی پاپا بێنیفاسی هەشتەم بکات و بەسەریدا سەر بکەوێت، کە کێشەکانیان لەسەر مڵکەکانی کەنیسە بوو، پیاوانی پاشا پاپا یان بەو تەمەنە پیرییە خستە بەندینخانەوە و سێ رۆژ لەبەندینخانەدا مایەوە لەساڵی (١٣٠٣) دا مرد، بۆیە لێرەوە و لەو کاتەوە چاکسازیی ئاینی لەیەکێك لەلایەنە بنەڕەتیەکانەوە دەستی پێکرد، ئەویش دەرچونی فەرمان رەواکان بوو لەدەسەڵاتی پاپاکان[١٩].

یەکێك لەو هۆکارانەی وای کرد پاشا سەرکەوتوو بێت لەم کارەیدا، جان دووپاری کەیەکێك بوو لەقەشەکانی دۆمینیکان جێی سەرنجی پاشاکان بوو، پشت گیری پاشا فلیپی چواردەی کرد لەدژی پاپا بێنیفاسی هەشتەم و ناوی لەو داواکارییەدا هەبوو کە لەساڵی (١٣٠٣) بۆ بەرگری کردن لەپاشا فلیپی چوارەم لەدژی پاپا بێنیفاسی هەشتەم رێك خرابوو، دووپاری نامەیەکی گرنگی نووسی بەناوی (دەربارەی دەسەڵاتی پاشاو کڵێسا) کە تایبەتە بەمشت و مڕی نێوان فلیپی چوارەمی پاشای فەرەنسا و پاپا بێنیفاسی هەشتەم، ئەم ململانێیە بووە هۆی رێکخستنی زنجیرە نامەیەك دەربارەی پەیوەندی نێوان کڵێسا و حوکومەت، بەڵام لەو نامانە دا نامەکەی دووپاری لەساڵی (١٣٠٦) زیاد لەوانی تر شوێنی خۆی کردەوە، تیایدا جان دووپاری بەرگری لەپاشا دەکات لەبەرامبەر بانگەشەکانی پاپادا، ئەم نامەیە بووە چەکێکی گرنگ بەدەست پاشاوە[٢٠].

ئەم هەڵوێستەی دووپاری کە خۆی پیاوێکی ئاینی بوو جێگەی سەرنجە، چونکە بەئاشکرا داوای چاکسازیی کردووە لەکەنیسەی کاتۆلیکیدا بەتایبەتی لەبابەتێکی گرنگی وەك دەسەڵاتی پاپادا، پشتگیری کردوە لەگەڕانەوەی سەرجەم دەسەڵاتەکان بۆ فەرمانڕەوا کەپاشایە، لەبەرامبەردا دەسەڵاتی پاپا کەم بکرێتەوە و خەریکی کاری ئاینی بێت.

## جۆن ویکلف (١٣٢٠-١٣٨٤)



بەیەکەم چاکسازیی بەریتانی دادەنرێت، لەساڵی ١٣٢٠ لە(هبسبول) ی نزیك گوندی ویکلف لەدایك بووە، لەزانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندویێتی و هەر لەو زانکۆیەشدا بووە بەمامۆستای لاهوت، پاش بەسەربردنی ساڵێك لەو زانکۆیەدا لەساڵی ١٣٦٠ بووە بەسەرۆکی کۆلێژی بالبول، لەلایەن پاپاکانەوە ژمارەیەك پلەو پایەی کلێسایی جیاوازی پێدرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوو لەوانە گوتنەوە لەزانکۆدا.لە بواری ئەدەبدا چالاکی زۆری هەبووە، چەند نامەیەکی سەبارەت بەفەلسەفەی قوتابخانەیی و میتافیزیکەوە نوسیوە، سەبارەت بەلاهوت و لۆژیك نوسینی هەبووە، هەروەها دووبەرگی لەبارەی هونەری دیالیکتیك نوسیوە لەگەڵ زۆر نوسینی تر، زۆربەی نووسینەکانیشی بەزمانی لاتینی بووە[٢١].

ویکلف نەکەوتبووە ژێر کاریگەری پیاوە ئایینییەکان، ئەو لەو باوەڕەدا بوو ئەوانە تەنها لەبیری کۆکردنەوەی پارە و ژیانی رابواردن دان، ئەو جودایی پاپاکانی بەریسوایی دادەنا، دەبێت خەڵکی تا ئەو ئاستە باوەڕ بەپاپاو پیاوانی ئاینی بکەن کە پەیڕەوی لەمەسیح دەکەن و بەئاشکرا قەشە و ئەسقوفەکانی بە(دز و ڕێوی فێڵباز و گورگی دڵڕفێن و نەوسن و شەیتان و مەیمون) ناو دەبرد[٢٢].

دانراوەکانی سەرەتایەك بوو بۆ بزاڤ چاکسازیی ئایینی پڕۆتستانتی، بەهۆی ئەو کاریگەرییەی لەسەر یوحەننا هاس هەیبوو، کاتێك کۆمەڵەی کۆنستانز ئیدانەی ئاینزای هاسی کرد، فەرمانی دەرکرد بەهەڵدانەوەی گۆڕی ویکلف سوتاندنی ئێسکەکانی[٢٣].

ویکلف زۆر بەئاشکرا و روونی بەرهەڵستی رواڵەتگەرایی ریتواڵە (طقوس) ئایینیەکانی کردووە، بەرهەڵستی پیاوانی ئاینی و پاپاشی کردووە، بەرامبەر بەقۆرخکاری رەهایان بۆ دەسەڵات. بۆیە خەڵکی ماڤ ئەوەیان هەیە داوای چاکسازیی بکەن لەو خراپە کارییانەی پیاوانی ئایینی بەرامبەر بەئایینی مەسیحی و خەڵکی ئەنجامیان داوە[٢٤].

لەبیر و باوەڕەکانی تری ویکلف ئەوە بوو، خەڵکی لەبەر خاتری کردەوەکانی ژیانیان رزگاریان نابێت بەڵکو رزگارییان لای خوا نوسراوە، ئەو باوەڕی وا بوو دەبێ ئینجیل وەربگێردرێتە سەر زمانی خەڵکی گشتی تا هەمووکەس لێی تێبگەن، چونکە ئەگەر خەڵکی راستەوخۆ رێنمونییەکانی ئینجیل وەربگرن و بیخوێننەوە، پێویستیان بەکەنیسە نابێت، باوەڕی وابوو دەوڵەتان لەکۆتی کەنیسە رزگاریان ببێت و چی تر ملکەچی نەبن[٢٥]، جگە لەوە داوای دەکرد کەنیسە دابماڵرێت لەهەموو دەسەڵاتێکی موڵك و دەسەڵاتێکی ماددی ، چونکە مەسیح و هاورێکانی بەهەژاری ژیاون بۆیە دەبێت پیاوانی ئاینیش بەو شێوەیە بژین، ویکلف ئەوەی زۆر پێناخۆش بوو کە گوایە هەندێك لەقەسیسەکان هەڵدەستن بەئەنجام دانی کاری سەراسیما (المعجزە)[٢٦]. هەندێك لەبەیاننامەکانی ویکلف لەساڵی (١٣٨٢ز) لەلایەن کڵێساوە مەحکوم کرا لەوانەش:

(*مەسیح لەبنچینەوە بەڕاستی لەڕێ و رەسمی پیرۆز (شێوی رەبانی) لەبوونی لەشی خۆیدا بوونی نییە.

*لە ئینجیلدا بڕیاری لێ نەدراوە مەسیح فەرمانی رێوڕەسمی شیوی رەبانی بڕیار داوە

.

*ئەگەر کەسێك لەکاتی خۆیدا تەوبە بکات، هەر جۆرە دان پێدانانێکی بەرووکەش زیادو بێ مانایە....)[٢٧].

گرنگی جۆن ویکلف و رەخنەکانی لەوە دایە بیر و بۆچون و نووسراوەکانی لەپاش خۆی کاریگەری زۆریان هەبووە، چونکە ئەو لەکەسە یەکەمەکان بوو بەشێوەیەکی دیار بیر و باوەڕە چاکسازییەکانی دەربڕێت و بەئاشکرا رەخنە لەکەنیسەی کاتۆلیکی و

پیاوانی ئاینی بگرێت، بەجۆرێك خەڵكی ئاگادار بكاتەوە لەكارە دزێوەكانی كەنیسەی كاتۆلیكی، یەكێكی تر لەگرنگیەكانی بەهەمان شێوە دەگەڕێتەوە بۆ یەكەمی بوونەكەی، چونكە ئەگەرچی لەسەردەمی ئەودا چاكسازیی ئاینی نەیتوانی ڕێڕەوی خۆی وەربگرێت وە بەشێوەیەكی فراوان كاریگەری دابنێت، بەڵام بوو بەسەرەتایەكی تیۆری بۆ چاكسازیی ئاینی بەجۆرێك چاكسازەكانی دواتر پشت ببەستن بەنووسراو و بۆچونەكانی ویكلف.

## رۆڵی دوو چاكسازیی پێش لۆسەر (هاس و ئیرزمۆس)

بێگومان پێش ئەوەی شۆرشی لۆسەری رووبدات لەبواری چاكسازییدا گەلێك هەوڵ دراوە بۆ چاكسازیی، ئەگەر چی ئەو هەوڵانە دەرئەنجامی بەرچاویشیان لێ نەكەوتبێتەوە، وەك ئەوەی لەهەوڵەكانی لۆسەردا بەئەنجام گەیشت، بەڵام رۆڵی خۆیان بووە و دەروازەیەك بوون بۆ خەملێنی شۆرش لەچاكسازییدا.

جێگەی بایەخە ئاماژەیەكی كورت بەرۆڵی دوو چاكساز بدەین ئەوانیش (جۆن هاس و ئیرزمۆس)ن كە یەكەمیان لەو پێناوەدا گیانی خۆی بەخشی وسوتێنرا.

جۆن هاس لەماوەی (١٣٩٥–١٤١٥) لە(پراگ) ژیاوە[٢٨]، كە شوێنێك بووە ماوەیەك ناوەندی كلتوری و بازرگانی سەدەكانی ناوەڕاستی ئەوروپا بووە، هەرلەوێش خەریكی ئامۆژگاریكردن بووە، هەندێك لەئامۆژگاریەكانی ویكلفی خوێندبووە و زۆربەی بیر و باوەڕەكانی ئەوی پێ پەسەند بوو، گرنگ ترین كاری ئەو داڕنینی پیرۆزی بوو لەپیاوانی كەنیسە كە كردبوویانە كاڵای بەریان و بەناوی پیرۆزی و ئاینی مەسیحییەوە ستەمیان لەخەڵك دەكرد، گرنگترین وتەشی لەم بارەیەوە ئەوەبوو كە دەی گووت: (یاخی بوون لەپاپایەكی هەڵە، گوێڕایەڵی مەسیحە)[٢٩].

دژایەتی هاس بەشێوەیەكی راستەوخۆ بۆ دەزگای كەنیسە لەكاتێكدا بوو كە پاپا لەساڵی (١٤١١ ز)لە هەوڵی بەدەست هێنانی بڕێك پارەدا بوو، بەمەبەستی ئەنجامدانی هێرشێكی خاچ پەرستی بۆ سەر (لادیسلاس)ی پاشای ناپۆلی، بۆیە پاپا دەستیكرد بەبانگهێشت كردن بۆ فرۆشتنی پسوڵەی لێخۆش بوون، بەڵام هاس و یارمەتی دەرەكەی جیرۆمی پراخی دژی ئەم كارە وەستانەوە و سەرزەنشتی كۆكردنەوەی پارەی كرد لەلایەن كەنیسەوە بۆ رشتنی خوێنی مەسیحیەكان، پاپای بەدژی مەسیح ناوبرد، بەشێوەیەكی گاڵتە ئامێز رەخنەی لەپیاوانی فرۆشەری پسوڵەی لێخۆشبوون دەگرت[٣٠].

بەهۆی ئەو رەخنە توندانەی جۆن هاس دژی گەندەڵییەکانی پیاوانی کەنیسە و پاپا، ئەنجومەنی وەفاداری هاسی بانگهێشت کرد، ئەگەر چی پەیمانی پاراستنی ئاسایشیان پێدا، (هاس)یان گرت و سەرجەم نووسینەکانیان سوتاند و خۆشی بەتاوانی هەڵگەڕانەوە لەئاینی مەسیحی سزادرا بەسوتاندنی و سوتێنرا(٣١).

جۆن هاس کاریگەری زۆری لەسەر بزاڤ چاکسازیی ئاینی هەبوو، بەتایبەتی لۆتەر، کەلۆتەر خۆی دان بەوەدا دەنێت زۆرێك لەبۆچونەکانی هاسی لا پەسەندبووە(٣٢).

گرنگی هاس لەمێژووی چاکسازییی ئایینیدا لەوەدایە کاریگەریەکی زۆری لەسەر چاکسازانی دوای خۆی بەجێ هێشتووە، بەتایبەتی لۆتەر، ئەوەی زیاتر هەڵوێستی هاسی بەهێز کردبوو کاریگەرتری کردبوو، ئەوە بوو هاس لەپێناوی ئەو کارەدا گیانی خۆی پێشکەش کرد بەبێ ترس.

هەرچی ئیرازمۆسە شێوازێکی تایبەت و جیاوازی گرتەبەر بۆ کار کردن لەچاکسازیی ئاینیدا، ئەو دەیویست بەشێوەیەکی نەرم و نیان و لەسەرخۆ و پلەبەندی کار لەچاکسازیی ئاینیدا بکات بەپێچەوانەی لۆتەرەوە کە بەگەرمی و حەماسەت و لایەنی نەتەوەییەوە کاری دەکرد(٣٣).

ئیرازمۆس فۆن رۆتەردام لەساڵی (١٤٦٩ز) لەهۆڵەندا لەدایك بووە، کاتێك تەمەنی گەیشتە ٢٩ ساڵی چووە ناو رەبەنەکانی قەدیس ئاوگۆستین، لەساڵی (١٤٩٢ ز) بۆتە قەشە، بەڵام لەگەڵ ژیانی دێرەکاندا سروشتی نەدەگونجا، هەر بۆیە لەدوای دوو ساڵ قەشەیتی، مۆڵەتیان پێدا دێر بەجێ بهێڵێت وەك سکرتێری لاتینی ئوسقوفی شارەکۆنەکەی (کەمبری) لەباکوری فەڕەنسا دامەزرا(٣٤).

یەکێك لەو کارانەی ئیرازمۆس ئەنجامی داو کاریکردە سەر چاکسازیی ئایینی، بریتی بوو لەوەرگێڕانی تێکستەکانی (ئینجیل) و چەند کتێبێکی کۆنی کەنیسە بۆ سەر زمانی میللی و بۆچونی خۆشی لەسەر دەر برین، هەروەها یەکێك لەکتێبە گرنگەکانیشی بەناوی (لە بارەی ستایشی نەفامییەوە) کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر دەزگای کەنیسە تیایدا بەشێوەیەکی توند و تیژ رەخنەی ئاراستەی پیاوانی ئاینی و ئەوانەی بەناوی ئاینەوە ستەم لەخەڵکی هەژار دەکەن گرتووە(٣٥).

ئیرازمۆس تەنها قەشـەیەك و چاكسازییكی ئـاینی نـەبووە، بـەڵكو زۆربـەی سەرچـاوە فەلسەفیەكان لەریزی فەیلەسـوفە هیۆمانیـستەكاندا (مـرۆ دۆسـتەكان) دایـدەنێین و بـاس لەرۆڵی ئەو دەكەن لەكایەی گرنگی مرۆڤدۆستیداو فەلسەفەكەی مـرۆڤ بەناوەنـد دادەنێـت وپایەی عەقڵی مرۆڤیش بەرز دەنرخێنێت، هەروەها ئەو هەوڵی زۆری داوە بۆ گونجاندن و هاوسەنگی كردن لەنێوان فەلـسەفەی مەسـیحی و مرۆڤیـی بـوونی كـۆن، هەوڵـەكانی ئـەو كرانــەوەی بەســەر لایەنــە جیاجیاكانــدا تیلورانــسی (لێبــوردەیی) ئــاینی بەپێویــست دەزانی[٣٦].

هەر سەبارەت بەڕۆڵی ئیرازمۆس لەسـەر تیلورانـسی ئـاینی، لەگوتەیەكـدا دەڵێـت (لـە راستیدا بنەڕەتی ئاینەكەمان ئاشتی و پێكەوە گونجانی چاكە، ئەمەش نایەتــەدی مەگــەر بەئەوەی كۆتەكان هەڵبگرین و تاك ئازاد بێـت و بەبۆچـونی خـۆی هـەموو كـارو بارەكـانی ئەنجام بدات)[٣٧].

ئیرازمــۆس جیــاوازییێكی زۆری هــەبوو لەگــەڵ لۆتــەر دا ئەگــەر چــی هــەردووكیان بەریفۆرمیستی ئاینی مەسـیحی دادەنـرێن، كاتێـك یـەكێك لەكتێبـە گرنگـەكانی ئیرازمـۆس بەناوی (لە بارەی ئازادی ویستەوە) دەرچـوو لۆتـەر بەرپـەرچی ئـەو كتێبـەی دایـەوە و، لەبەرامبەردا كتێبێكی نووسی (لە بارەی كۆیلایەتی ویستەوە)[٣٨].

## شۆڕشی لۆتەریی



مـارتن هـانز لۆتـەر لەسـاڵی (١٤٨٣ز)لـە ئایزن بین لەئەڵمانیا لـەدایكبووە، سـەرەتای خوێنــدنی لای كۆمەڵەیــەك بــووە بــەناوی (Brothers of common life)، برایـانی ژیـانی هاوبـەش لـە(مەگـد بـۆرگ)، پاشان لەزانكۆی (ئێرفرت) لاهـوت و زانـستە مرۆییــەكانی خوێنــدوە و لەســاڵی (١٥٠٥ ز)وەك راهیب تیایدا دەرچووە، پاشان چۆتە شاری (وتەنبەرگ) و لەزانكۆكەیدا وانــــەی

لاهوتی گووتۆتەوە[٣٩]، ئەگەرچی (هانز)ی باوکی هەژار بووەو پیشەی کانزاکاریکردووە، بەڵام مەبەستی بوو کوڕەکەی ببێتە پارێزەر، بەڵام دوای ئەوەی لۆتەر ئامادە بوو بۆ خوێندنی ماف، لەناکاو بیروڕای گۆڕاو خۆی تەرخان کرد بۆ خوێندنی ئایینی و سلکی رەهبانیەت[٤٠].

دایکی لۆسەر (گرتیا) ئافرەتێکی خاکی بوو (متواضعة)، زۆربەی کاتەکانی بەئیشکردنەوە بەسەر دەبرد، باوکیشی (هانز) پیاوێکی گرژو رەق بوو بەئاسانی هەڵدەچوو، (گرتیاو هانز) باوەڕیان بەدار (گۆچان) هەبوو وەك هاوکارێکی سیحری بۆ بەهێزبوونی رەوشت، بۆیە مارتن دەڵێت رۆژێك باوکی لێیداوەو بۆماوەیەك نێوانیان گرژ بووە، هەروەها دایکی لەسەر ئەوەی کە گوێزێکی دزیوە لێیداوە، مارتن خۆی دەڵێت: (ژیانی رەق و گرژ کە لەگەڵ دایك و باوکم ژیاوم، پاڵی پێوەناوم دواجار پەنا ببەمە بەر دێرو ببمە راهیب)[٤١].

## دەستپێکی شۆڕشی لۆتەری

هێرشی مارتن لۆتەر بۆسەر فرۆشتنی پسولەی لێخۆشبوون لەساڵی (١٥١٦ ن) کارێکی بەناوبانگە[٤٢]. هەر ئەم هەڵوێستە بوو لۆتەری دەرخست و ناساندی، بەم هەڵوێستەش شۆڕشە گەورەکەی ئاشکرا کرد، کە هەوێنی گۆڕانکارییەکی گەورەبوو لەسەرانسەری هەموو ئەوروپادا.

ئەمەش کاتێك روویدا تێتزل نوێنەری پاپا لیوی دەیەم هەستا بەفرۆشتنی پسولەی لێخۆشبوون، بەمەبەستی کۆکردنەوەی پارە بۆ دروستکردنی کەنیسەی قەدیس پترۆس لەڤاتیکان[٤٣]. تیتزل کاتێك بەو کارە هەستاوە، بەبۆچونی خۆی ئەو کارەی لەگەڵ بیر و باوەڕی مەسیحییدا گونجاوە هیچ شتێك گرنگ نییە تەنها پێشکەشکردنی پارە نەبێت بۆ بەدەستهێنانی پسولەی لێخۆشبوون بۆ مردووان، بەبێ ئەوەی پێویستی بەپەشیمانی و ئیعترافکردن هەبێت[٤٤].

لۆتەر هەستا بەنووسینی (٩٥) ماددە دژی ئەو کارەی کەنیسەو بەدەرگای کەنیسەی وتەنبەرگەوە هەڵی واسی، ئەو شتانەی لەو (٩٥ ) ماددە یەدا هاتبوو بریتی بوون لە:

١–کەنیسە ناتوانێت کەس لەسزا رزگار بکات.

٢-هەر مەسیحییەك دەتوانێت لێخۆشبوون بەدەست بهێنێت بەباوەڕێکی تەواو و دروست پێویست بەئەنجامدانی ئەو کارانە ناکات کە کەنیسە دایناون.

٣-پێویست ناکات کەنیسە ببێتە (نێوەند) لەنێوان مرۆڤ و خوادا، مرۆڤ دەتوانێت لێخۆشبوونی خودا بەدەست بهێنێت بەبێ لێخۆشبوونی کەنیسە[٤٥].

لۆتەر وێنەیەکی لەو (٩٥) ماددەیە نارد بۆ (ئالبرست براند نیۆرگی)، ئەم بەشە لەنامەکە لەبەرگی (٤٨) ی بەرهەمەکانی لۆتەردا هاتووە (لێم ببورە کە من، کەمترین مرۆڤ، بێ شەرمییەکی پێویستم بۆ ناردنی نامە بۆ خزمەتتان پەیدا کردووە... پسولەی لێبوردنی پاپا لەژێر پەردەی ناوی بەرزی ئێوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی سانپترۆ لەسەرانسەری وڵاتدا دەفرۆشرێت. ئێستا ناتوانم لەزمانی گەمەی واعیزەکان کە منیش قسەی ئەوانم نەبیستووە، شکایەت بکەم، ئەمن لەو خراپ تێگەیشتنەی ئەوان لەناو خەڵکیدا خولقاندویانە بەناو خەڵکی ئاساییدا بڵاو بۆتەوە، خەفەتبارم. بەئاشکرا خەڵکی هەژار باوەڕیان وایە بەکڕینی پسولەی لێخۆشبوون، بەدڵنیاییەوەدەکەنە رزگاری، هەروەها ئەوان باوەڕیان وایە لەگەڵ پارەدان بەسندوق، گیانەکان لەبەرزەخ رزگار دەبن...)[٤٦].

## بۆچونە نوێیەکانی لۆتەر

لۆتەر لەسەرەتادا باوەڕی بەئازادی بیر نەبوو، بنچینەی ڕێنماییەکانی لۆتەر ئەوەیە تاك ماف هەیە بەبێ (نێوەند) لەگەڵ پەروەردگاری خۆیدا راز و نیاز بکات[٤٧]. واتە لابردنی هەموو (نێوەند)ێك لەنێوان مرۆڤ و پەروەردگاریدا، ئەمەش واتای نەهێشتنی رۆڵی قەشەکان دەگەیەنێت، هەروەها نەهێشتنی رۆڵی پاپا کە لەسەرەوەی هەرەمی نێوەندەکەدایە، لەم بوارەشدا توانی هەنگاوی گەورەبنێت، تەنانەت پاپای رۆمای بەدروستکاری شەیتان پەسنکرد[٤٨].

لۆتەر پێی وابوو نابێت کەنیسەی لۆتەری دەست لەکار و باری سیاسی وەربدات، بەڵکو سیاسەت کاری دەسەڵاتی مەدەنییە، ئەگەر بەراوردی ئەم بۆچونەی لۆسەر بکەین بە(کالڤن) ئەوا دەبینین بەپێچەوانەوە کالڤن باوەڕی وابوو دەبێت دوڵەتی شار – دەوڵەتی (جنێڤ) شوێنکەوتەی بنەماکانی کەنیسەی کالڤنی بێت[٤٩].

ئـەم بۆچـونەی لۆتـەر کاریگـەری زۆری هـەبوو، دەتـوانین لـەڕووی تیۆرییـەوە بەسەرەتایەکی دابنێین بۆ بەرەو عەلمانیەتچوون لەئەوروپا، چونکە لۆتەر بەئاشکرا باس لەوە دەکات پێویستە ئاینی مەسیحی (کەنیسە) دابڕنرێت لەهەموو پرسێکی سیاسی و دەست نەخاتە کارو باری دەوڵەت و کاری دەسەڵاتداران، بەهەمان شێوە پیاوانی ئاینی بەپاپاشەوە دەست لەکاری سیاسی وەرنەدەن. گرنگی ئەم بۆچونەش لەوەدا بوو کە لەناو خودی کەنیسەوە ئەم دەنگە بەرزبۆوەو خاوەنەکەشی پیاوێکی ئاینی و خاوەنی شوێنگەیەکی ئاینی بەرز بوو، بێگومان ئەم بۆچونە سیکۆلارییە خزمەتێکی زۆری کرد بەدەسەڵاتی میرو دەسەڵاتدارەکان، بۆیە ئەوانیش پشتگیری شۆڕشەکەی لۆتەریان کرد ئەم پشتگیرییەش رۆڵێکی گەورەی بینی لەسەرکەوتنی شۆڕشەکەی لۆتەردا، لەسەرەوەی ئەوانەش بەرگریان لێکرد فردریکی میری سەکسۆنیا بوو[٥٠].

یەکێك لەوانەی کاریگەرییان لەسەر لۆتەر دانابوو جۆن هاس بوو کە ئەویش پێشتر کاری لەسەر چاکسازیی کردبوو، بەڵام لەلایەن کەنیسەوە سوتێنرا. لەساڵی (١٥١٩ز) گفتو گۆیەك لەنێوان لۆتەر و یەکێك لەزانا کانی لاهوتدا دروستبوو کە ناوی (جۆن ئیك)بوو لۆتەر ئەوەی رەت کردەوە پاپا هیچ دەسەڵاتێکی خوایی هەبێت و گووتی ئەو زۆرێك لەبیروڕاکانی جۆن هاس پەسەنددەکات[٥١].

لۆتەر یەکەم نامەی خۆی پێشکەش بە(دەستەی خانەدانانی مەسیحی گەلی ئەڵمانی) کرد، تیایدا داوای بەئەڵمانی کردنی ئاین و دانانی بنەماکانی لەسەر بنەڕەتێکی نیشتمانی و دامەزراندنی کەنیسەیەکی نیشتمانی لێدەکردن، کە لەدەرەوە ئاراستە نەکرێت و سامانی ئەڵمانیا نەچێتە دەرەوە، خانەدانەکانی ئەڵمانیا خۆیان شایستەی سامانی خۆیانن کەنیسەی نیشتمانیش شایستە ترە بەچاودێری کردنیان[٥٢]. لۆتەر بەم بۆچونانەی بەتەواوی دەیویست سەروەری لەپاپا و کەنیسەی کاتۆلیکی بسەنێتەوە و بەهیچ جۆرێك نە خۆی و نە گەلی ئەڵمانیش پابەند نەبن بەکەنیسەی کاتۆلیکی و فەرمانەکانی پاپاوە کە وەك بەشێك لەئاینی مەسیحی تەماشا دەکرا، هەر بۆیە داواکارییەکانی لۆسەر زیاتر بوو لەوەی تەنها داوای چاکسازیی بکات لەکەنیسەی کاتۆلیکیدا، بەڵکو داواکاری جیا بوونەوەی کەنیسەی ئەڵمانی بوو لەکەنیسەی کاتۆلیکی وەك دەزگایەکی سەربەخۆ، توانیشی ئەو کارە بکات نەك تەنها کەنیسەی ئەڵمانی جیا

بکاتـەوە، بـەڵکو ئاینزایـەکی نوێـشی دانـا کـە لەسـەرەتادا بەلۆتـەری ناسـرابوو، بـەڵام لەدواییدا بوو بە(پرۆستانت).

لۆتـەر لەسـێ نامـەدا هێرشـی کـردە سـەر کەنیـسەی کـاتۆلیکی و زۆر ئازایانـە بۆچـونەکانی خـۆی دەر بـڕی، نامـەی یەکـەمی نـارد بـۆ دەسـەڵاتدارانی ئـەڵمان و تیایـدا گووتبووی: سیستەمی کەهنوتی هیچ پیرۆزییێکـی نییـە و پێویـستە پیـاوانی کەنیـسە لـەو جیـاوگ (امتیـازات) و مافـە بێبنەمایانـەی هەیانـە دابمـاڵرێن و دەسـەڵاتداران خۆیـان لەبێگانەکان رزگاربکەن، لەنامەی دووەمدا ناوی لێنابوو دیلـەکانی پاپـا هێرشـی کردبـووە سـەر پاپـا و حـەوت نهێنییەکـە، لەنامـەی سـێهەمدا بـەناوی ئـازادی مرۆڤـی مەسـیحی گووتبوی: لێخۆشبوون لەڕێگەی حەوت نهێنییەکە و کاری چاکەکردنەوە بەدەست نایـەت، بەڵکو لەرێگەی پەشیمان بوونەوە و خۆخستنە بەردەم رەحمەتی خواو نەچـونەوە بـەلای گوناهدا بەدەست دێت[٥٣].

یەکێك لەو کارە گرنگانەی لۆتەر ئەنجامی داوە، وەرگێڕانی ئینجیل بوو بۆ سەر زمانی ئەڵمانی[٥٤]، چونکە بەم کارە چیدی ئینجیل بـەقۆرخ کـراوی نەمایـەوە بەدەسـت پیـاوانی کەنیـسەوە تـا چۆنیان بووێـت ئـاوا راڤـەی بکـەن و لێکیبدەنـەوە بـۆ خـەڵکی، ئـەوانیش هیچیان لەسەر نەبێت تەنها گوێڕایەڵی بۆ پیاوانی کەنیسە، بـەڵکو خـەڵکی لـەوە بـەدواوە خۆیان دەتوانن بەبێ هیچ دەستگرتن و پێشڕەوییەکی پیاوانی کەنیسە لەئاینی مەسـیحی تێبگەن و فەرمانە ئاینییەکان جێبەجێبکەن ئەمەش بۆخۆی لێدانێکی تر بوو لەدەسەڵاتی پیاوانی کەنیسە.

### وەستاندنی لۆتەر لەبەردەم دایتی ئەڵمانیدا

ئـەو رەخنـە توندانـەی لۆتـەر ئاراسـتەی دەزگـای کەنیـسە و پیـاوانی کەنیـسەی کـرد لەگووتار و نامە و کتێبەکانیدا، بووە جێگەی نارەزایی کەنیسە و تەنانەت پاشاش، ئەگەر چی لەسەرەتاوە پاپا لیـۆی دەیـەم وای دەزانـی ئـەم کێشەیە بـەهۆی نـاکۆکی و گـرفتی نێـوان پیـاوە ئاینییـەکان و روهبانەکانـەوە دروسـت بـووە دەکرێت بەرێگـەی دبلۆماسـی چارەسەر بکرێت، بـەڵام لەدواییـدا پاپـا بـۆی دەرکـەوت ئـەوەی لۆتـەر ئـەنجامی دەدات بەربـەرەکانیی و دژی دەسـەڵاتی کەنیـسەیە و بەرپەرچـدانەوەی بۆچـوون و بنـەماکانی کەنیسەی کاتۆلیکییە، کارێکی ئـاژاوە گێـڕی و جیـا خوازییـە. پاپـا رێگەیـدا بەلۆتـەر بـۆ

ماوەی دوو مانگ، تا پاشگەز بێتەوە یان فەرمانی بێبەشکردنی دەردەکات، بەڵام لۆتەر بەتوندی وەڵامی بڕیارەکەی پاپای دایەوەو چەند کتێبێکی یاسایی کەنیسەی لەشاری وتنبەرگ لەناو خەڵکێکی زۆر و هوتاف کێشاندا سوتاند[٥٥].

داوایان کرد لەلۆتەر تا لەبەر دەم ئەنجومەنی شاری (ورمس) ئامادەبێت و بەرگری لەخۆی بکات، لە(١٨ی نیسانی ساڵی ١٥٢١) لۆتەر لەبەر دەم ئیمپراتۆر ( شارل) و شازادەکانی ئەڵمانیادا ئامادە بوو پرسیاریان لێکرد: (ئایا هەموو ئەو کتێبانە خۆت نوسیووتن و داکۆکی لەهەموویان دەکەیت) لەوەڵامدا لۆتەر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەو کتێبانەی بەناوی ئەوەوە بڵاو بونەتەوە هەموویان هی ئەون، لەکاتێکدا پرسیاریان لێکرد پەشیمان ببێتەوە، بەرپەرچیدانەوە و سور بوو لەسەر بۆچونەکانی[٥٦].

پاش ئەوەی لۆتەر سوور بوو لەسەر بۆچونەکانی و پەشیمان بوونەوەی دەرنەبڕی کۆبوونەوەی (ورمس) بڕیاری بێبەشکردنی لۆتەری دەرکرد بەتاوانی ئەوەی سوکایەتی بەپاپا و پیاوانی ئاینی کردووە پێویستە بگیرێت و بدرێتە دەست پاپا[٥٧].

سەرئەنجام لۆتەر توانی بەیارمەتی فریدریکی دانای پاشای سەکسۆنیا رزگاری ببێت و بۆ ماوەی (١٠) مانگ لەکۆشکی (وتەنبەرگدا) شاردرایەوە، خەریکی خوێندنەوە و نوسین و رێکخستنی تیۆری ئیلاهی بوو، هەر لەو ماوەیەشدا ئینجیلی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی[٥٨].

ئەو بارو دۆخەی بۆ لۆتەر گونجا یارمەتی دەری بوو بۆ بەردەوام بوون و سەرکەوتنی لەوەدا کە ببێت بەڕابەری سەرجەم چاکسازانی ئاینی لەئەوروپا، ئەگەر بارو دۆخی گونجاوی ئەڵمانی ئەوکات نەبوایە کەپێکهاتبوو لەچەند هەرێمێك و چەند دەسەڵاتێکی جیاوازی میرایەتی و بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بیروبۆچوون و چاکسازییەکانی لۆتەردا نەگونجا رەنگە هەوڵەکانی لۆتەریش زیاتر نەبوایە لە(جۆن هاس) و سەرئەنجامیشی کەمتر نەبوایە لەئەو کە سوتان بوو. لەسەرو هەمووشیانەوە( فریدیك) ی دانا پشتگیری زۆری لۆتەری کرد نەیهێشت بکەوێتە دەست پیاوانی کەنیسە. کەواتە بەدەر لەتواناو لێهاتوویی و چاونەترسی لۆتەر هۆکاری تریش سەرخەری پرۆسەی ریفۆرمەکەی لۆتەر بوون وەك ئاماژەمان پێدا یان دەتوانین بەواتایەکی تر بڵێین لۆتەر لەکاتی خۆیدا هات و لەشوێنێکی گونجاویشدا دەرکەوت هەم کاتەکە و هەم شوێنەکەش یارمەتیدەربوون بۆ سەرکەوتنی لۆتەر.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

(١)صالح، محمد محمد: تاريخ اوروبا من عصر النهضة وحتى الثورة الفرنسية، بغداد، ١٩٨١، ل١٧٠-١٧١.

(٢)هـ.س.ل.

(٣)فلۆوەرز، سارا: ریفۆرم، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٨.

(٤)هـ.س.ل.

(٥)سالح، هاشم: قەیرانی هۆشیاری ئەوروپی و دابڕانی گەورەی ئەبستمۆلۆژی، وەرگێڕانی شوان ئەحمەد، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٤٦، ساڵی شەشەم، ٢٠٠٦، ل٢٦-٢٨.

(٦)الميساوی، عبدالجليل: قيم الاصلاح و التحديپ، ١٩٩٩، ل٢٥.

(٧)صالح، محمد محمد: س. پ، ل١٦٩.

(٨)رابوبرت، ا.س: مبادی و الفلسفه، ترجمة احمد امين، دار الكتاب العربی، بيروت، ١٩٦٩، ل١١٣.

(٩)احمد، قيس هادي: نظرية العلم عند فرانسيس بيكن، دار الشؤون الثقافية العامة، ط٢، بغداد، ١٩٨٦، ل٢٤.

(١٠)فلۆوەرز: س.پ، ل٩.

(١١)بدوی، عبدالرحمن : اشبنجلر، دار قلم، بيروت، ١٩٤٦، ل٢٢٣-٢٢٤.

(١٢)صالح، محمد محمد : س. پ، ل١٧٩.

(١٣)الحفني، عبدالمنعم: موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ط ٢، مكتبة المدبولي ١٩٩٩، الجزء الاول، ل١٣٢.

(١٤)الشهرستاني، ابي الفتح بن عبدالكريم : الملل و النحل، تحقيق محمد فريد، قاهرة، دون سنة، الجزء الاول، ل٢٣٤.

(١٥)ديورانت، ول : قصة الحضارة (قيصر والمسيح)، ترجمة محمد بدران، مصر، ٢٠٠١، المجلد السادس، الجز و ١٢، ل١٩.

(١٦)هـ.س، ل١٠٢.

(١٧)ابن خلدون، عبدالرحمن : تاريخ علامة ابن خلدون، بيروت، ١٩٨٦، المجلد الثاني، ل ٣٠٦.

(١٨)صالح: محمد محمد، س.پ، ل١٨١.

(١٩)ديورانت: س. پ، المجلد حادى عشر، الجزء ٢٢، ل٢٢

(٢٠)پۆڵادی، کەمال: مێژووی هزری سیاسی لەڕۆژئاوا، وەرگێڕانی ئازاد وەلەدبەگی و سیروان زەندی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان، ٢٠٠٥، بەرگی یەکەم، ل ١٥٥–١٥٦.

(٢١)ديورانت: س.پ، المجلد حادى وعشر، الجزء ٢٢، ل٦٥.

(٢٢)فلۆوەرز: س.پ، ل٢٢.

(٢٣)الحفنى: س.پ، الجزء الثاني، ل١٥٤٠.

(٢٤)صالح، غانم محمد : الفكر سياسي القديم والوسيط، بغداد، دون سنة، ل٢٢٧–٢٢٨.

(٢٥)فلۆوەرز: س.پ، ل٤٥.

(٢٦)ديورانت:س.پ، قصة الحضارة، المصدر سابق، جزء ٢٣، ل٩٨.

(٢٧)پۆڵادی: س. پ، ل٤٤.

(٢٨)ديورانت: س. پ، جز و ٢٣، ل٤.

(٢٩)فلۆوەرز: س.پ، ل٢٤.

(٣٠)ديورانت: س. پ، الجزء ٢٣، ل٦.

(٣١)فلۆوەرز: س. پ، ل٢٤

(٣٢)دارك، سيدنى : مێژووی ڕێنسانس، وەرگێڕانی ئەبو بەکر خۆشناو، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٢٣.

(٣٣)ديورانت: س. پ، الجزء ٢٤، ل١٥٢–١٥٣.

(٣٤)دارك: س. پ، ل١١٥.

(٣٥)ئەحمەد : كمال مەزهەر، ڕێنسانس، وەرگێڕانی فوئاد ميسرى، چاپخانەی –الحوادث–، بغداد، ١٩٨٤، ل١٢٠.

(٣٦)كونز مان واخرون، بيتر:، اطلس – dtv الفلسفة، ترجمة جورج كتورة، ط١، المكتبة الشرفية، بيروت، ٢٠٠١، ل٩٧.

(٣٧)سليمان، على حيدر: تاريخ الحضارة لاوروبية الحديثة، ط١، دار الواسط لدراسات والنشر، بغداد، ١٩٩٠، ل٩٧.

(٣٨)بدوى، عبدالرحمان: موسوعة الفلاسفة، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٨٤، ج١، ل٣٦.

(٣٩)صالح، محمد محمد : س. پ، ل١٨٢.

(٤٠)سليمان: س. پ، ل٧٤.

(٤١)هـ. س. ل.

(٤٢)العظمة، عزيز: العلمانية من منظور مختلف، بيروت، ١٩٩٨، ل٢٤.

(٤٣)صالح، محمد محمد : س.پ، ل١٨٢.

(٤٤)ديورانت: س.پ، الجزء ٢٤، ل٦.

(٤٥)صالح، محمد محمد: س. پ، ل ١٨٢.

(٤٦)فلۆوەرز: س.پ، ل٣١.

(٤٧)دارك: س. پ، ل١٨٢.

(٤٨)بدوي: موسوعة الفلاسيفة، س. پ، ل٣٦٦.

(٤٩)توينبي، ارنولد: تاريخ البشرية، ترجمة نقولا زياده، بيروت، ١٩٨٢، ج٢، ل٢٠٠٤.

(٥٠)صالح: محمد محمد، س. پ، ل١٨٢.

(٥١)هـ. س. ل.

(٥٢)ابراهيم، عبدالعزيز عبدالغني: محاضرات فى تاريخ اوروبا بين النهضة و الثورة الفرنسية، منشورات ELGA، مالطا، ١٩٩٧، ل٢٩.

(٥٣)صالح: محمد محمد، س. پ، ل١٨٣.

(٥٤)بيوهمه، ئۆته: فەرهەنگی سۆفیا، وەرگێڕانی بەهرۆز حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٨٨.

(٥٥)صالح، محمد محمد: س. پ، ل١٨٣–١٨٤.

(٥٦)فلۆوەرز: س. پ، ل٣٨.

(٥٧)سلێمان: س.پ، ل٧٦.

(٥٨)فلۆوەرز: س. پ، ل٤٢.



# دەق

هەور
محەمەد ئەمین پێنجوێنی

تاها خەلیل بەعەرەبی گۆرانی بۆ بەفر دەڵێت
ژیان و چەند نموونەیەک لەشیعرەکانی
نووسینی و وەرگێڕانی: لەتیف هەڵمەت

باوکم بەردەوام لەگۆڕ دێتە دەرێ
زەینەب یوسفی

(من)با( بردمی )با
ئەیوب سابیر

یادەوەری ژنە تەونکەرەکە
ئەسعەد عەزیز محەمەد

**شیعر**

# هەور

## بۆ هەور-ی کوڕم کە (٨) سەعات ژیا...

محەمەد ئەمین پێنجوێنی



گەواڵەیەکی پایزیی
ڕەشەبای مەرگ
پرژوبڵاوی کردیتەوە...
بەبێ ئەوەی نمەیەک...یا
تاوێ ڕژنەی پەڵەیی
ئەم ئاگردانەی
دڵم دابمرکێنیتەوەو..!!
کێڵگە قڵیشاو برنگەکانی
مەزاری وێرانم پاراو بکەی..!
ئومێدم وابوو..
لەژێر بارانی ( وادە) تا
دەمارەکانم چەکەرە بکاو..
سەوز بێتەوە
ژێی کەمانی ئاسوودەییم...
ئاوازەکانی جاران بژەنێ و
سروودی گەنجبوونەوەم بچڕێ...
بەتەمابووم

بروسکە ئەڵماسییەکانت...

هەموو کۆڵانە نوتەکەکانی

ڕۆحم بکاتە چراخان...!

شەوە زەنگی گیانە

شەکەتو کڵۆڵەکەم

بکاتە ڕۆژی نەورۆز...

هیواخوازبووم

گرمەو قەرمەی بەهاور پایزییت

خەمە تووپەڵ بەستووەکانی

دڵ و دەروونم هەڵتۆقێنێ

وەک قارچک و دوومەڵانی

ساراو دەشتی کاکی بەکاکی

تۆماری ژیانی پڕ کارەساتم...!



ئەی هەور

کوا تۆفو کڕێوە؟ کوا بارانی وەشت

ڕەحمەتی گەردوون

کوا ئەو جیهانە یوتۆبیایەی؟

بەتەمابووم بۆم کەی بەبەهەشت

بەنازو ئەفسون

بەئاواتبووم

دەستت بگرم بۆ شاری یاری

خنەخن بڕۆی بترقێتەوە

چوون بچوی پەری....

**بۆ گفەو بڤەو بیانوو گریاتنت**

**پێشکەشت بکەم**

**هەزار جۆر دیاری...**

**بۆ هەردایەو هەر باوەیەکت**

**کرۆزانەو لچ بادانێکت...!**

**سەد ماچت بکەم بۆ یادگاری**

*******

**ئەوا ئێستاکە رۆحی من هەورە**

**بەئاسمانەوە**

**بێئوقرەو ئارام کوناوکون پشکن..**

**هەر کولیەکی رەشەبای غەزەب...**

**شی ئەکاتەوە...!**

**بەڵکو لەم کەونە بێکۆتاییەدا...**

**بەخەیاڵیش بێت..؟!**

**ئەو گیانە پاکەت بدۆزێتەوە...!**

Penjweny٤٤@yahoo.com

# تاها خەلیل بەعەرەبی گۆرانی بۆ بەفر دەڵێت
## ژیان و چەند نموونەیەک لەشیعرەکانی

نووسینی و وەرگێڕانی: لەتیف هەڵمەت

تاها خەلیل شاعیرێکی کوردی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانەو بەزمانی عەرەبی شیعرو بابەتی دی دەنووسێت و لەشیعردا شێوازو خەسڵەت و تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو جوانیی سروشتی کوردستان و کارەساتە خوێناوییەکانی نەتەوەی کورد بەڕوون و ڕەوانی لەشیعرەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوەو توانیویەتی لەڕێگای ئەو چامەیەوە کە بەناونیشانی (حلبجە– هەڵەبجە) بەعەرەبی نووسیویەتی کارەسات و مەرگەساتی شاری هەڵەبجەی شەهیدو کوێرەوەری و چەرمەسەری نەتەوەی کوردی بەدەست وڵاتانی دراوسێی کوردستانەوە بۆ زۆربەی ڕۆشنبیران و خوێنەرانی عەرەب روون و ئاشکراکردووە.

تاها خەلیل تاکو ساڵی هەزارو نۆسەدو نەوەدو حەوت چوار کتێبی بەچاپ گەیاندووەو چەند ساڵێکیش لەتاراوگە ژیاوەو سەرەنجام گەڕاوەتەوە بۆ شام، شایانی باسە ساڵی (٢٠٠٥) لەگەڵ کۆمەڵێ لەنووسەرانی سوریاو عیراق و وڵاتانی دی عەرەبی و سەردانی شاری سلێمانی کرد، بەڵام جێی داخە تاکو ئێستا ئەم شاعیرە کوردە لەلای ئێمە نەناسراوە، کەچی شیعرەکانی وەرگێڕدراوە بۆ گەلێك لەزمانانی ئەروپایی و جێی پرسیاریشە بڵێین چیرۆکنووسێکی وەکو خەلیل قەیسی کەهیچ هەڵوێستێکی پشتگیریکردنی کێشەی ڕەوای کوردی نییە بۆ لەفێستیڤاڵی گەلاوێژدا دانیشتنی بەناوەوە سازدەکرێت و کەسانی ڕۆشنبیرو شاعیری بەتواناو لێهاتووی وەکو تاها خەلیل پشتگوێ دەخرێت، کە لەناو جەرگەی ناسیۆنالیزمی عەرەبدا شەهیدە نەمرەکانی هەڵەبجە دەلاوێنێتەوەو گۆرانی بۆ سلێمانی و حەمرین و خانەقین و کەرکوك و مهابادو عەفرین و قامیشلی و دیاربەکرو وان و بۆتان دەڵێت...

هیوادارم لەمەودوا لەو جۆرە فێستیڤاڵ و دانیشتن و کۆڕو کۆبوونەوە ڕۆشنبیرییانەدا ئەم جۆرە نووسەرانە لەیاد نەکرێت.

کورد گەل

پێکەوە رقیان لەشتگەلێکە

لەکەسگەلێکە

لەدەوڵەتگەلێکە

هەر زۆریش

رقەبەرایەتی یەکدی دەکەن

***

لەشەقامدا

زۆر بەخێرایی دەڕۆی

وەکو ئەوەی هەر نەمناسی

گوزەر دەکەیت و

ماچە کۆنەکانی منت لێ دەڕژێ

***

سامناکی

هەر چەند ژنێک ناس دەکەم

تامەزرۆی ناسینی ژنێکی دی دەبم

***

تاسە

بەفر دەبارێ

ئایا بەمە دەزانن

ئەوەتا بەفر دوندەکانی دەوروبەرم دادەپۆشێ

ئایا بەمە دەزانن

گوێم لەترپەی پێگەلێکی دوورە

ئایا بەمە دەزانن

بەفر.. عاشقگەلێک لەوێ یاری خلیسکان دەکەن

عاشقگەلێک لەوێ دەجەنگن

عاشقگەلێکیش پەنجەکانی پێی هەڵدەوەرێ

بەمە دەزانن

ئائەوەتا من زاری دەکەن

وەکو پێویستە....

***

ئەوەی ماوەتەوە

لەپێش سیی ساڵەوە

تەنها دیوارێک لەوێ ماوەتەوە

بەردەکانی نازانن

بەکام لادا لاسەنگ بن و

بکەون و ئاسوودەبن

***



کۆڵانەکان

ڕێگاکان بەژێر دەروازەکەمدا

دەڕۆن و

هەموویان گۆرانی

بۆ لەیلاکەم دەڵێن

***

ڕووەک
ژووانە داخراوەکانمان
گوڵگەلێکی هەڵوەریون
لەسەر دیوارەکان
***
بەڵگەنامە
هەموو مردۆکان
لەئەزموونی ساڵەکاندا
نوشوستییان بەدەست هێنا
***
سەوز
گوڵە یاسەمینێکت بۆ نەهێشتین
چڵێکت بۆ نەهێشتین
تووڕی دەینەسەر گڵکۆکانمان
لەسامناکی گڵ و تاریکیدا
نەختێ هاودەممان بێ
***

دیارنەبوون

دوای نیوەشەو

کەتۆ لەگەڵمدا نیت

تەمەنم نیوە دەبێ و

دەتکەکانی وەکو:

کەستانە هەڵدەوەرێ

***

دوای ئەوە

لەکاتی رۆیشتندا وەستاین

پێکەوە لامان کردەوە

یەکێکمان لەسەر مێزەکە

هەندێ وشەی لەبیرچوو بوو

***

پێکگەیشتن

کەتۆم ناسی

خۆمم ون کرد

# باوکم بەردەوام لەگۆڕ دێتە دەرێ

زەینەب یوسفی

ئیدی ناپرسم بۆ مانگ هاوتا رەنگی نییەو



زیوینە

باوکم لەگۆڕەکەی هەستایەوەو

بۆ ئەستێرە بەمجۆرە دوورە

باوکم دیسان حەزی لێیە

بگەڕێتەوە بۆماڵ

بێ کفن

رووت

ماڵەکەمانیان کاول کردووە

باوکم هەروا وەکو جاران

لەبازنەیەکی تەماوییدایە

هەنگاو هەڵناگرێتە ئەو پەڕی خەونەکانییەوە

پێموایە مانگ هاوتا رەنگی بووە

بەلاَم من هیچ کات پرسیارم نەکردووە

ماڵ کاول کرا

باوکم بەردەوام لەگۆڕ دێتە دەرێ

رووت

لەبەردەرگای خەونەکانییەوە



رادەوەستیٚ و

هیٚشتا شورای ماڵەکەمان دەبینیٚ

ئەستوورو بەرز

ماڵ کاول کرا

گۆڕ دەمی ئاوەڵا کرد

مانگ وابزانم پیٚشتر هاوتا رەنگی بووەو

من

حەز دەکەم پشت لەهەموو شتیٚک بکەمەوەو

ئاوڕیش نەدەمەوەو

لەئامیٚزی تۆدا خەوم لیٚبکەویٚت.

# من(با) بردمی (با)

ئەیوب سابیر

**من با... بەردمی با**

**نەماسییەک،**

**نە نەورەسێک دەلیلم بوون**

**با گەیاندمییە ئەم دوورگەیە با**

**ئێرە پڕە لەگوڵ!**

**بەڵام گوڵێک نییە لەتۆ بچێت**

**دیارییەکم لەئاوەوە پێگەیشت**

**بەدەریادا بۆت دەنێرم کە پارچەیەکە لەخۆم**

**ئاوازێکە نزیک فیراق**

**تابلۆیەکە دوور دوور وەک غەریبیم**

**برینێکی تەڕ**

**تەڕتر لەو ماچانەی مانگ بەبارانا بۆی دەناردم**

**تابلۆیەک رەنگەکانی پڕە لەحەسرەت.**

**ئازازێک نۆتەکانی لەئازار**

**ئازارێک سبەی گەورەدەبێ**

**گەورەدەبێ و هەناسەکانت بەدیاری دەبا بۆ دەریا.**

**ئەم شەو نانووم**

**هەرچی ئاوازەکانی ناخم و تابلۆکانی خەیاڵم هەیە دەخنکێنم**

**ئەم ئاوازە نوێیە بەئاهێکەوە گرێدەدەم و**

**بەهاوارێکدا دەینێرم بۆ ئاسمان**

**ئەم تابلۆیەش بەبرینەکانما هەڵدەواسم**

هەرگیز ئەم شەو لەیاد ناکەم.

من هەڵە بووم هەموو ئەوانەی وەک ئەم شەو بوون لەبیرم کرد

لەبیرم کرد من بەو ژەهرە مردم کە نەمخوارد!

ئێستاش دەرمانێک نەماوە بۆ ژیان

هەنگاوێک نییە پێ بەسەر دڵما نەنێ

دەبێت چاوەڕێی بەیانییەک بکەم تا بێت بەبەرگی سپیەوە بمبا

من ماندوو بووم لەچاوەڕوانی تۆ... ماندوو

پێنووسێکم شەکەت لەبەردەم خەمێکدا

شەکەتتر لەو زەنگەی لەمێژە بەرێوەیە

تا بێتە نێو رۆحی پاسارییەکەوەو

لەئێوارەیەکدا خۆی بکوتێ بەپەنجەرەی ژوورەکەدا

پەیامێک مردوو لەنێو ژاندا

ژانێک لەگەڵ بیستنی یەکەم گریانێکی تردا

ئەم دەژێتەوەو هەرگیز ئەمماڵە بەرنادا.

نا هەرگیز گوێبیستی یەکەم گریانێکی تر نابم

گریانی یەکەم بەرکەوتنی جەستە بەدەستەکانی زەوی.

بەڵام رەنگە یەکتر ببینینەوە

رەنگە بەبیانووی سڕینەوەی شوشەی پەنجەرەیەکی پاکەوە بێت

یان هێنانی پانتۆڵێکی کابۆی منداڵانە بۆ چاکردن

یاخود وێنەیەکی خۆشەویست کە لەنێو بەلەمێکدا

بیهێنێت و پێمبڵێت

من و تۆ...

بەدوو دەستی منداڵانەوە

**دەبوایە لەم جەنگەدا بدۆڕێین**

**کە جەنگ یاری گەورەکانە**

**نەک من و تۆ..**

**ئەو گەورانەی پیرترن لەدرۆ،**

**هەناسەیان بۆنی شەهوەتی لێدێ و**

**ئاشقێکی درۆزنن.**

**ترسناکترین شت ئەوەیە کە ئاشقێکی درۆزن بیت**

**بێباک بیت لەهەنسکەکانی نێو جێگا**

**لەگریانەکانی نیشتمان، بەدەست ئەوانەی کە تارماییەکن لەخوێن**

**پەیکەرێکن لەناپاکی.**

**رەنگە یەک بینینەوەمان لەرێی ئەدرەسێکی سەر دووەم لاپەڕەی**

**بوردەیەک بێت**

**یا خوێندنەوەی کارتێکی سەری ساڵی نەوەو هەشت**

**یا دۆزینەوەی تیشێرتکی کۆنی خۆم**

**لەنێو جلەکانی دایکمداو پێمبڵێت ئەمەت بۆچیە ئەیدڕێنم**

**یان منداڵێکی گوڵفرۆش گوڵێکم بداتێ و**

**بڵێت ئەمە کۆتاییە**

**نا ئەمە هەرگیز کۆتایی نییە**

**ئەمە سەرەتایە لەکۆتاییدا... سەرەتا**

**دەبێت ئەم تابلۆیە ببێ بەچیرۆک**

**ئەم ئاوازە بەگۆرانی**

**گۆرانی چی؟**

**گۆرانی بۆ هەناسەکانی تۆ**

که لەدەستەکانم ساردترن
بۆ بالآم؟
که جەستەم بۆنی ماچەکانی تۆی لێنایه
بۆ پاکێتی؟
لەم شەوەدا که رووتم.
هیچ بەربەستێک نییه لەنێوان من و ئاگردا
لەنێوان گوڵەکانی دۆزەخ و
من و بادا.
بەڵام تۆ هەرگۆرانییەکانی خۆت بڵێ
گۆرانی پەنجەرەکانی هەناسه لەنێو ژوورەکانی مەرگدا
گۆرانی بۆ ژیان
لەنێوان بەدحاڵیبوونی من و
بەدحاڵیبوونی تۆدا.
هەرگیز گۆرانییەکت نەبوو بۆ گەڕانەوه
گەڕانەوەی چی؟
گەڕانەوه بەسەر وێرانەکاندا
وەک گەڕانەوەی رەشەباکان!
کاتێک گەلآکان دەبەنەوه ئاسمان و جێیان دەهێڵن بۆ وەرینێکی تر.



ياخود گەڕانەوەی سەربازەکان لەجەنگ

کە دواتر لەماڵەکانی خۆیاندا دەکوژران!

دواجار من و تۆ

جگە لەدوو بت هیچیتر نیین

لەیەکەم ساتی چوونەناو پۆل و بەردەم مامۆستا

هەموومان دەکرێین بەبت

ئێرە مەملەکەتێکە لەبت!

دەبێت گۆرانی بۆ بێ گوناهیمان بڵێین

هەموومان بێ گوناهین.

بێ گوناه...

**چیرۆک**

# یادەوەری ژنە تەونکەرەکە

ئەسعەد عەزیز محەمەد

ئەو بەیانیە ژنە تەونکەرەکە لایەکی روومەتی داگیرسابوو لەئازاری دانە کلۆرەکەی ئۆقرەی نەبوو، شوێنی بەخۆی نەئەگرت، سەرێکی ژوورەوە بوو سەرێکی تری ناوحەوشەو بەرهەیوانەکە بوو، بۆ خامۆشبوونی ئەو ئازارە بەجۆشەی ناودەمی، چەند دەنکە مێخەکێکی هێناو لەناو هاوەنێکدا کووتای پاشان هاڕاوەی مێخەکەکەی خستەسەر ئازارەکە لەگەڵ ئەوەی ئازارەکە بۆچەند ساتێك تاوی سەند، بەڵام بۆنی مێخەك بەهێواشی مەستیدەکرد هەروەکو چۆن لەکچێنیدا بەوبۆنە ئالوودە دەبوو ئێستاش ئەوبۆنە بەهێدی دەمارەکانی مێشکی خاودەکردەوە بەکپبوونی ئازارەکەو وتەیەکی مێردەکەی بەبیرداهاتەوە کە دەیگوت: مێخکەکەت ئەوەندە بۆنخۆشە گیان دەخاتەوە بەرهەموو جەستەیەکی مردوو هەست و سۆزی مرۆڤ دەبزووێنێت، ئازاری لەش دەڕەوێنێتەوە بۆنی مێخەك تێکەڵ بەهەوای ژوورەکە بوو هەموو گەردیلەیەکی پێکهاتەی هەوا لەساباتی ئەو ژوورەدا سەرەڕای گەردیلە گازییەکان چەند گەردێکی لەبۆنی مێخەك هەڵگرتبوو، ئاوی ناوگۆزەکە تامی تیژی مێخەکی دەدا، دارتەونە هەڵواسراوەکەی ناوژوورەکە بۆنی مێخەکی لێبەرز دەبووەوە گلۆڵەبەنە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو سەبەتەکە بۆنی مێخەکی هەبوو بۆنی مێخەك لەهەموو شتێکی ئەوشوێنە بۆن دەکرا لەدەستە نوێنە هەڵچنراوەکەی سووچێکی ژوورەکە لەگڕی ئاگردانەکەدا کەبەئەستەم تینی گەرمی تێدا مابوو لەڕایەڵەی دارتەونەکەوە لەسەری هەموو تاڵەبەنەکان و ڕەنگەکانییەوە بۆن دەپژا ڕەنگی سوورو سەوزو شین و زەردو ئاڵتوونیی بۆنی مێخەکی دەدا ئەوبۆنە لەهەردوو کونەلووتییەوە بەرەو خانەکانی مێشکی دەڕۆیشت لەوێدا لەدەرگای تۆمارگەی یادەوەرییەکانی هەڵویستەیەکی کردو بەکلیلی بۆن قفڵی دەرگای ئەو یادەوەریانەی کردەوە کە لەسەربۆنی مێخەك داخرابوو هەموو لاپەڕەی ئەو زەمانانەی هەڵدایەوە کەسەربووردەی چیرۆکی بۆنی میخەك دەگێڕێتەوە بەهەڵمژینی بۆنی مێخەك بۆسەردەمی گەنجێتی گەڕاییەوە دواوە ئەو کاتانە بوو سەودای عەشق کەوتبووە سەری و پەیمانی ئەوینداری بەسوارەدا بوو ژووانگای ئەو دووعاشقە سێبەری دارتووەکەی ناو ئەو چەمە بووکەکانی ژنانی تێدابوو لەنیوەڕۆی گەرمای هاویندا سوارە کەدەهاتەژووان چەپکێ

ڕەشــەڕەیحانەی بەدەســتەوە دەگــرت کورێــك بــوو لــەبۆنی ڕەیحانــە ئــەویش ملوانکــە مێخەکبەندەکەی لەمل دەکرد ئەو کاتانەی ئەو دووچۆلەکەیەی عەشق لەوێ یەکیاندەگرت بۆنی مێخەك و بـۆنی ڕەیحانـە تیکـەڵ بەیـەکتردەبوون و بـۆنێکی خۆشـیان بـەو ناوچـەیە دەبەخـشی بـۆنی مێخـەك بـەرەو مێژوویـەکی تـری بـرد لـەو مێـژووە ڕاوەسـتا کەشـووی بەسوارەکرد لەماوەی تاکە هەفتەی بووکێنیدا، چونکە هـەر ئـەو هەفتـە ژیـانی هاوسـەری لەتـەك سـوارە بەسـەربرد لـەو ماوەیـەدا خۆشـترین سـاتەکانی تەمـەنی بـەڕێکرد چێژیان لەهەموو چرکەیەکی زەمەن وەردەگرت کەبەیەکەوە دەژیان وەکو ئەوەی دڵیـان خەبـەری دابێت کەئەوە دواساتی تەمەنیان دەگووزەرێنن لەدوای ئەو زەمەنە چاوەڕوانی ئەوەنـەبن عومریـان پێکـەوەمابێت. هەفتـەی هـەنگوینی هەفتـەی بـۆنی مێخـەك بـوو بەوشـەکانەوە لکێنـدرابوو بـەڵکو ئەوبۆنـە بـووە سـیبەری ڕازی هـەردووکیان سـوارە چـەند جارێـك لـەو هەفتەیە گوتی: ئەگەر لەپێش توودا مردم مشتێ مێخەك بهێنەو لەسەرگۆڕەکەم ڕۆی بکە، لەوەتی سوارە ڕۆیشتووە دوا کۆچی کرد حەسرەتێك لەدڵیدا ماوە بەدەیەها جـار تارمـای ئەو حەسرەتە لەبیریدا زەنگی لێدەدا بەهەزارەهاجار خۆزگەی دەخواست بزانێت تـەرمی گۆڕغەریبی بێسەروشوێنی سـوارە لەکوێیـە تـاوەکو بـڕوات ئێـسك وپروسـکی بهێنێتـەوەو گڵکۆیەکی بۆ هەڵببەستێت و بەئارەزووی خۆی و پڕبەدڵ فرمێـسکی لەسـەر هەڵبڕێـژێت و بـۆی بگریـا و شـینی لەسـەربکات نـەمامێکیش لەسـەری بنێـژێت چـەند ملوانکەیـەکی مێخەکیش بەدارەکەوە هەڵبواسێت دەیزانـی هـەرگیز ئاواتەکـەی بـەدی نایـەت هـەروەکو لەبەرخۆیەوە دەیگوت: تازە مەگەر لەودونیا بەدیدەنی یەکترشاد ببینەوە. هەرلەبەرئـەوە بوو خۆزگەی دەخواست تازووە بمرێت بەڵکو لەقیامەتدا چاوی بەسـوارە بکـەوێت جـاریوا هەبوو بۆ دڵنەوایی خۆی دەیگوت: بەڵکو لەمـەرگ دەربازبووبێـت و تـوانیبێتی وەکـو ئـەو چەند کەسە کە لەچاڵی مەرگ هەڵهاتبوون ئەویش ڕایکردبێت هەرزوو لەم بیرانە پەشـیمان دەبووەوە، چونکە لـەدڵی خۆیدا دەیـووت: ئەگـەر لەژیانـدا بووایـە لەهەرشـوێنێك بووایـە هـــەواڵێکی بۆدەنــاردم، چــونکە دەیزانـــی بـــەبێ ئـــەو ژیـــان و مـــردنم لەیەکدەچـــن هەمووئەوجارانەی لەگەڵ ژنانی ئۆردووگاکەیان دەچوونە گۆڕستان بۆسەردانی گۆڕی خزم و ناسیاوەکانیان بەتەنها بۆ ڕازیکردنـی دەروونـی خـۆی پڕچـنگێ مێخـەکی لەگـەڵ خـۆی دەبردو ڕۆیدەکردەسەر ئەو گۆڕانەی کەهیچ دەلالەتی ئەوەی لەسـەر نـەبوو کەناسـنامەی کەسـیتی خاوەنەکـەی دەربخـات ژناکـانی هـاوڕێی کـەلێیان دەپرسـی: بۆچـی کـاری وادەکەیت؟ ئەویش بەخەمێکی قووڵەوە کە لەسیمایەوە دەردەکەوت دەیگوت ئەم گۆڕانـە بەوەدەچێت هیچ کەس سەردانیان نەکات گۆڕەکەی سوارەش لەهەر جێگایەکدا بێت هـیچ

کەس سەردانی ناکات هەر لەبەرئەوە لەجیاتی گۆڕەکەی سوارە مێخەك ڕۆدەکەمە سەر ئەم گۆڕانە بۆنی مێخەك بەرەو ئەو مێژووە شوومە گەڕاندییەوە کەهیچ کات ئامادە نییە لەبیری بچێتەوە کۆتای هەموو یادەوەریەکانی بەو زەمەنە گرێداوە هەرکەیادی دەکاتەوە برینێك لەناخیدا بەسۆدێتەوە بەیانیەکی بەهار بوو سوبح هەناسەی دەدابۆنی هەوا ئاوێتەیەك بوو لەبۆنی گژوگیای دەشتودەر، بابۆنی سۆتکەو چەورکەو جاترەو پوونگەی هەلگرتبوو ئەو بەیانییە ترسێکی سامناك بەری ئاسمانی گوندەکەی گرتبوو، هەموو کەسێك دەیزانی بەلایەکی گەورە بەڕێوەیەو بەرەولای گوندەکەی ئەوان دێت بۆیە سوارە ئەو و دایك و باوکی پێش ڕوودانی هەرشتێك لەناو دێ دەرکردو بەرەو شار رەوانەی کردن لەگەڵ ئەوەی تەقەلای زۆری کرد لەگەڵیدا بمێنێتەوە، بەلام سوودی نەبووپێش ئەوەی بەجێی بهێڵێت و بەرەو شار بکەوێتەڕێ، ملوانکە مێخەکبەندەکەی خۆی پێدا. ئەوە دواجار بوو سوارە ببینێت، ئیتر لەوەو پاش جارێکی تر چاوی پێنەکەوت نەیزانی بەرەو کوێیان برد هەرئەوەندە نەبێت کەلەدەمی خەڵکییەوە بیستوبووی سوارەو هەموو پیاوانی گوندەکەیان ئەنفالکراون وماڵەکەشیان تالانکراوەو دێیەکەیان ڕووخێنراوە، بۆنی مێخەکەکە بەرەو دوای ئەنفالی برد لەئۆردگایەکی نزیك شارۆچکەیەك نیشتەجێ بوو چاوەڕوانی گەڕانەوەی سوارەی دەکرد لەو ساوە بەچاوەڕوانیکردن ژیانی دەبردەسەر، لەوە دڵنیابوو چاوەڕوانی بەهیچ ئامانجێکی ناگەیەنێت، بەلام خۆ بێجگە لەچاوەڕوانی هیچی تری لەدەست نەدەهات. هەردەبوو چاوەڕوان بێت، هەموو خزم و کەسوکاری داوایان لێدەکرد بەبێوەژنی دانانیشێت و شووبکات، براکانی زۆریان لێدەکردو گووشاریان دەخستەسەری و هەڕەشەیان لێدەکرد، بەلام لەبەرئەوەی ئەو لەدوای سوارە دڵی بەرامبەر هەموپیاوێك مردووبوو، دەیدایەوە پەڵمەگریان و دەیگوت جارێك بەختی خۆم تاقیکردەوە لەپاش سوارە شوو بەکەس ناکەم یان ئەو کاتانەی ژنە خزمەکانیان بۆلای دەهاتن و هەوڵیان لەگەڵیدەدا بەشووکردن ڕازی بکەن، بەئاهێکی زۆر قووڵەوە دەیگوت: لەدوای ئەنفالکردنی سوارە شووم بەدارتەونەکەم کردووە بۆنی مێخەك بەبیرەوەرییەکانی بالای دارتەونەکەی شۆڕیکردە خوارەوە، زۆرکات لەناخی خۆیدا خۆی دەدووانەو هەرئەم دارتەونەیە ئاگاداری حاڵی من بێت بەڕازە شارەوەکانی دڵی من بزانێت لەگەڵ هەر کەرکیت وەشاندنێك وەکو ئەوە وابوو زامەکان لەناخیدا بکوتێت، لەبری بەنەکان ئەوەندە گوڵی جوانی نەخشدەکرد بەدەست و پەنجەکانی، جێگەی تێڕوانین و سەسامیی هەموو ئەو کەسانەبوو سەیری تەونەکەیەن دەکرد، لەسەرەتادا کاری تەونکردنی بۆیەکرد بۆئەوەی لەقسەوباسی دەوروبەری هەڵبێت لەگوشاری براکانی ڕزگاربێت، بەنیاز بووئەگەر

تەونی کەسیشی بۆ نەهێنرێت، کارێکی خۆخەریککردن بکات بەڕۆژ تەون بکات و بەشەو هەڵیبوەشێنێتەوە، چونکە بەبڕوای خۆی کاتێك براکانی دەبینن ئەو هەر بەتەونکردنەوە سەرقاڵبووە وەڕەس دەبن و وازیان لێدەهێنا، بەڵام ماوەیەکی زۆری پێنەچوو تەونێکی زۆری لەسەرکۆ بووەوە هەرلەبەرئەوە دەرفەتی ئەوەی نەبوو سەریخۆی بخوورێنێت پەنجەکانی بەبەردەوام لەناو رایەڵەکان لەهاتووچۆ بوو بەوێنەی پەنجەی گیتارژەنێك سەمای ئاوازێکی پڕخرۆشی دەکرد ئەو ئاوازەی پەنجەی ئەوپێی هەڵدەپەڕی سەمفۆنیای مەرگەساتی مێژووی وڵاتێك بوو، هەموو ئەونەخش و نیگارانەی کەببوونە مایەی سەرنجڕاکیشانی خەڵك، بەرئەنجامی خەون و حەزە خەفەکراوەکانی و ئاواتە سەربڕاوەکانی خۆی بوون گڵێمی ئەو دیوەخانی زۆرئاغاو میرو بەگزادەی ڕازاندەوە، بەڵام هەرگیز ئامادەنەبوو تاکە بەڕەیەك بۆچەکدارێك دروستبکات کەبەشداری لەئەنفال کردووە.

ژنێکی دراوسێیان هەبوو کوڕێکی منالی بەناوی سوارەوە هەبوو کەئەوان بانگیان دەکرد دڵی دادەخورپاو رادەچەڵەکا برینی کۆنی دەهاتەوە سۆ ئەو وەختانەی گوێبیستی ئەو ناوە دەبوو پێیانی دەگوت: بۆناوەکەی ناگۆڕن هەرکە گوێم لەو ناوە دەبێت ڕادەچەڵەکێم، ئیتر لەوە بەدواوە ئەو ژنە وریای ئەوە دەبوو کەلەپێش ئەو وبەئاگاداری ئەو هیچ کاتێکی تربانگی نەکات بەناوەکەی خۆییەوە دوا سەرگوزشتەی ئەو ژنە تەونکەرە ڕۆژی مەرگی بوو دەمەو عەسرانێکی بەهار خاك بۆنی گوڵە بەهارەو گولیلك و رووەکی سرووشتی دەپرژاندە، هەواوە خوێنی گەنجەکانیش بەسرووودی ڕاپەڕین جۆش و خرۆشیان بوو موشەك و گوللەتۆپەکان کوێرانە ئاراستەی ئۆردووگاکە دەکرا، ئەوکاتە ئەو خەریکی ئەوەبوو دوابەری گڵێمەکەی ببڕێت لەو ساتانە موشەکێك بەرماڵەکەیان کەوت جەستەی ژنە تەونکەرەکە پارچە پارچەبوو گڵێمەکەشی بەخوێن سوور بوو دارتەونەکەشی تێکوپێکدرا، هەردووچاویشی بەگڵێمەکەوە لکا بوو لەشوێنی ڕووداوەکە هیچ لەلەشی نەمابوو بێجگە لەبۆنی مێخەك.

کەرکوك ٢٠٠٦



## دیدار

# بەختیار عەلی لەبارەی رۆمانە نوێیەکەیەوە دەدوێت

سازدانی: حەمە کاکەڕەش

*** تـۆ یــەکێکیت لــەو نووســەرانەی کــە لەســەرەتای دەرکەوتنتــەوە سـەرنجی زۆری خوێنـەرانی کـوردت بـەلای خۆتـدا ڕاکێـشاوە، هـەم لـەلای ئەوانەی کە بەعەشقێکی تایبەتەوە دەتخوێننەوەو هەم لـەلای ئەوانەشـی کــە بەهــەموو شــێوەیەک دەیانــەوێت دژت قــسەبکەن. بــەڵام تــۆ ئــەو بێدەنگییــە پێویــستەی کــە نووســەر پێویــستی پێیــەتی لەبەرامبــەردا هەڵتبژاردووەو خەریکی داهێنانی خۆتی. هەر جارەو بـەژانرێکی ئـەدەبی وەک ڕۆمان و شیعرو لێکۆڵینەوەی فیکری و ڕەخنەی ئەدەبی دێیتەوە نـاو بازنەی گفتوگۆکان.**

**وەک مــن دەزانــم دەمێکــە ســەرقاڵی نووســینی ڕۆمــانێکی نوێیــت و پێدەچێت لەتەواوبووندابێت، ئایا دەکرێت پێمانبڵێیت کەی ئەو ڕۆمانەت چاپدەکەیت و خۆت ئەم کارە بەراورد بەکارەکانی ترت چۆن دەیبینیت، ئایا دەکرێت ناوی ڕۆمانەکەشمان پێبڵێیت و کەمێک زانیاریمان لەسـەری بدەیتی؟**

—سەرەتا حەزدەکەم پێتبڵێم، بـەڕێزتان و ژمـارەی هـەرە زۆری خوێنـەرانی کـوردیش دەزانـن واقیعـی ڕۆشـنبیریی کـوردی چـۆنە، ئێـوە ئاگـادارن کـە دونیـای ئێمـە پـڕە لەخەڵکانێکی شەڕانگێز کە ئیشیان ئەوەیە لەڕێگای پـەلاماردان و خـەڵك ناشـیرینکردنەوە ناو بۆ خۆیان دروستبکەن. خەڵکێکی زۆر لەدونیای ئێمەدا نووسین و خوێندنەوە دەزانـن، بەڵام فێری بیرکردنەوە نەبوون، ئەمە لەحەفتاکانەوە واقیعی ئێمە بووە، واقیعی تراژیـدی ڕەخنە لەکوردستاندا قسەیەکی بەناوبانگی دەرهێنەری ئـەمریکی (بیلـی ویلـدەر)م بـەیادا دەهێنێتەوە، ویلدەر دەیگوت لەئـەمریکا (ئـەوەی نـەتوانێت ببێتـە دەرهێنـەر، نـەتوانێت بنووسێت، نەزانێت کاری مۆسیقی بکات، هیچ شتێکی لـەباردا نـەبێت، دەبێتـە مـونتیج). لەڕاسـتیدا ئێـستا لەکوردسـتانیش وای لێهـاتووە، هــیچ بەهرەیـەکی نـەبێت، نـەزانێت بنووسێت، نەتوانێت بیربکاتەوە، دەبێتە ڕەخنەگر، ئیـدی ئەمـە واقیعـی ئێمەیـەو دەبێـت قەبووڵیبکـەین، پـڕە لـەو کەسـانەی بەرهـەمی جـوان تووشـی هیـستریایان دەکـات. مـن فێربووم ئیشبکەم و ئاوڕ نەدەمەوە، سەردەمێك دەترسام ئەو قسانە کار لەخوێنـەربکات، چونکە وام هەستدەکرد برێك لەخوێنەری ئێمە هەر قسەیەك بکـەیت باوەڕدەکـات. ئـەمڕۆ

ئەو ترسەم نەماوە، لەبەرئەوە بەرچاوڕوونترو ئامانجناستر ئیشدەکەم. دروشمم لەژیاندا بووە بەوەی (ڕاستگۆیانە بنووسم) (ساتێك لەخوێندنەوەو خۆ پێگەیاندن دانەبڕێم) (باوەڕم بەخۆم بێت و لەگەڵ خۆشمدا توندترو ڕەخنەگرتربم) (خوێنەری ڕاستەقینەو ئیدیال بخەمە بەر چاوی خۆم). بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا من باوەڕم بەهەندێك شتی دیش زۆر بەهێزو گەورەیە. یەکەم: هەموو مرۆڤێك دەبێت ئازادبێت، چی دەنووسێت بینووسێت، گەر کەسێك بەوە شادومان دەبێت پەلاماری من بدات، بابیدات، من ڕۆژێك لەڕۆژان کێشەم لەگەڵ ئەوەدا نەبووە خەڵك لەسەرم بنووسن. گەر بەشایستەی بزانم وەڵامدەدەمەوە، گەر بەشایستەشم نەزانی فەرامۆشیدەکەم. من لەو کەسانە نیم هەر کەسێك هەندێ دێڕی لەسەرم ڕەشکردووە، پڕۆژەو کاروباری خۆم بخەمە لاوەو خەریکی وەڵامدانەوە بم، ئیشەکانی خۆم بەگرنگتر دەزانم لەوەی بکەومە گفتوگۆی بیزەنتییەوە لەگەڵ هەندێ کەسدا کە هەندێکیان دەمێ ساڵە دەنووسن و خاوەنی دێڕێکی جوان نین، دوای ئەوە بەڕاستی من لەمێژە هەندێك لەو نووسەرانە ناخوێنمەوە (دەڵێم هەندێك نەوەك هەموویان). هەندێك لەوانە ئاستی ڕۆشنبیری و ئەخلاقیاتی نووسینیان لەوە ئاشکراترە توانای هیچی نوێیان هەبێت، یاخود کاریان تێبکات، یاخود ڕستەیەکی بەسوود بڵێن، خەڵکێك هەیە تەنیا دەتوانێت بوغز بنووسێتەوە، خەڵکێکی تریش هەیە، تەنیا دەتوانێت بوغز بخوێنێتەوە، نووسینی بوغز ئاسان و بیرکردنەوەو تێڕامان سەختە، هەر کەسەو ئازادە چ جۆرە ڕێگایەك هەڵدەبژێرێت. ئەوانە باش بڵێن یاخود خراپ من ئاگاداریان نیم، چونکە ژیان بەگشتی لەوە کورتترو بەنرخترە مرۆڤ بەخوێندنەوەی هەندێك لەو نووسەرانەوە بیباتەسەر، دونیا پڕە لەتێکستی جوان و نووسەری گەورە... نووسەر هەیە دەساڵە جنێو بەمن دەدات، من یەك دێڕیم نەخوێندۆتەوە، لێرەو لەوێ هەندێك ڕستەی لەدەمی خەڵکەوە دەبیستم، مرۆڤ جارێك یەکێك دەخوێنێتەوە، دووجار دەیخوێنێتەوە، سێ جار دەیخوێنێتەوە، کە لەسێ جاردا هیچی پێنەبەخشی ئەوا بێمێشکییە بیکات بەچوارجار. ئەوەی دەزانێت یەکێك نووسەر نییەو هەر دەیخوێنێتەوە، دەبێت گومان لەسایکۆلۆژییەتی خۆی بکات، بۆئەوەی مرۆڤ بەپاکی ئیشبکات، دەبێت ئەوانە توڕداتە ئەولاوە، هەستدەکەم نووسەری ڕاستەقینە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەرکی زۆر سەخت و بابەتی زۆر وردتری لەپێشدایە، لەوە گەورەترن لەبەردەم دادگایەکی ناشیرین و قەرەقوشیدا بۆ پاکی خۆی بگەڕێت، با ئەوان حوکمی خۆیان بدەن و منیش کاری خۆم دەکەم. دواجار هەر کەسێك لەئێمە ئەو شتە دەکات کە دەیزانێت، هەیە ناتوانێت

بیربکاتەوەو جوان بنووسێت، لەبەرئەوە ڕێگا سووک و ئاسانەکەی گرتۆتەبەر، ئەویش ئەوەیە بیشێوێنێت و گومانی لەسەر دروستبکات، گۆتە دەربارەی ئەو جۆرە نووسەرانە دەیگوت (هەندێك نووسین، بۆئەوە نەنووسراون مرۆۋ هیچیان لێوە فێربێت، بەڵکو بۆئەوە نووسراون خاوەنەکەی پێمان بڵێت خوێندنەوەو نووسین دەزانێت). زانای بەناوبانگی ئەڵمان، لیشتنبێرگ، دەیگوت (کتێب وەك ئاوێنە وایە، گەر مەیمونێك سەیریبکات، تەنیا وێنەی خۆی لەناودا دەبینێتەوە)، ئەمە حەقیقەتە، ئەستەمە تۆ چاوەڕێبیت نەخوێندەوارێك بتوانێت جوانت بخوێنێتەوە. ئەوەی نەتوانێت ماسیبگرێت، کە دەست بەتاڵ دەگەڕێتەوە، ئەو درۆیە بڵاودەکاتەوە کە ڕووبار ماسی تیا نییە، تەنیا بەم درۆیە دەتوانێت وەك ماسیگرێکی سەرنەکەوتوو بژی و درێژە بەگەمەی خۆی بدات، هەڵبەت کە ماسیگری زڕقولاپی دیکەش هەن کە لەگەڵیدا ئەم درۆیە بڵاودەکەنەوەو بۆی دەسەننەوە. بەلآم ئەوەی ئەم درۆیە ناتوانێت داپۆشێت ئەوەیە کە ڕووبار هەیەو ماسی هەیەو ماسیگری دی هەن کە دەتوانن ماسی بگرن...

لەوانەش بگوزەرێت من زۆر بڕوام بەزیرەکی خوێنەری کورد هەیە، تا ئێستا نەبووە، نووسەرێکی فاشیل توانیبێتی بڕوای نوخبە خوێندنەوارەکەی ناو خوێنەرانی کورد تاسەر بۆ خۆی بباتەوە، من سیاسیش نیم، حیزبم هەبێت و بۆ ئەندامی زۆر بگەڕێم، من نووسەرم و ڕاوبۆچوونی دروست و هوشیارانەم بۆ گرنگە، ئەوانەم بۆ گرنگ نییە کە دژم دەنووسن، ئەوانەم بۆ گرنگە کە دژم بیردەکەنەوە. ئەوانەی دژت دەنووسن شوێنی پێکەنین و بەزەیین، بەلآم ئەوانەی دژم بیردەکەنەوە ڕێزیان دەگرم و گوێیان لێدەگرم، لەسیاسەتدا دروشمێك هەیە دەڵێت: درۆبکە، درۆبکە، درۆبکە دەبێتە ڕاست. ئەم سیاسەتە لەئەدەب و فیکردا ناخوات، ناتوانیت خراپ بنووسیت، خراپ بنووسیت، خراپ بنووسیت، ببێتە ئیبداع. مێژووی سیاسەت پڕە لەو جۆرە درۆیانەی بوونەتە ڕاست، بەلآم مێژووی ئەدەب لەو جۆرە درۆیانەی تیا نییە.... سەختترین پالآوگەو دڵڕەقترین هەلآوێردکار، مێژووی ئەدەبە.

سەبارەت بەدوا کارم. ئێستا لەقۆناغی کۆتایی ڕۆمانێکی نوێدام، حەزدەکەم ناوەکەی تا کاتی بڵاوبوونەوە ئاشکرا نەکەم، نەبا گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. لەقەوارەدا ئیشەکە نزیکە لەشاری مۆسیقارە سپییەکان. لەمێژە خەونی ئەوەم هەیە، تێکستێکی ڕاستەقینە لەسەر خەیاڵ بنووسم. بەرهەمی داهاتووم حیکایەتێکی ئەو نەوە خەیاڵییەیە کە لەپێش ڕاپەڕین لەدایك دەبێت و لەمڕۆدا هێدی هێدی دەمرێت. ڕۆمانەکە ڕۆچوونە بەناو ئەو

مێژووە نهێنی و جوگرافیا نهێنییەی هەر مرۆڤێك لەناو خۆیدا هەڵیگرتووە. بەشی زۆری رووداوەکان لەکوردستانی دوای راپەڕیندا روودەدەن. دیارە هێشتا زۆر زووە بۆئەوەی لەسەر جیاوازی ئەم رۆمانە لەگەڵ بەرهەمەکانی دیدا قسەبکەم، هەر قسەیەکی لەو چەشنە ناچارمدەکات، شتێك دەربارەی رووداوو جۆری کاراکتەرەکان ئاشکرا بکەم کە ئێستا بەگونجاوی نازانم، هێند هەیە لەم رۆمانەدا کۆمەڵێك پاڵەوان و حیکایەت پێکرا تەریب بەیەك دەڕۆن و پێکەوە حیکایەتی دونیای ئەمڕۆی ئێمە دروستدەکەن. ئەم رۆمانە لای منەوە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەحەقیقەتی ژیانی دوای راپەڕین، تێڕامانێکە لەو کۆمەڵگا نوێیەی کە هێدی هێدی هەڵدەستێتە سەرپێ، تێڕامانە لەپاڵەوانە تازەکانی ئەم جیهانە، لەنامۆو بێجێگاکانیشی. من پێموایە پەیوەندی نێوان خەیاڵ و حەقیقەت پەیوەندییەکی بازنەییە، مرۆڤ هەر چۆنێك لەحەقیقەتدا قووڵ بێتەوە دەگاتەوە بەخەیاڵ، هەر چۆنێکیش لەسەر خولگەی خەیاڵ بسوڕێتەوە دەکەوێتەوە ئامێزی حەقیقەت. جوڵەیەکی بازنەیی و بێکۆتایە، کە مرۆڤ قووڵ تیا دەژی، بەڵام بەدەگمەن هەستی پێدەکات. ستراکتوری رۆمانەکە ئیشکردنە لەسەر ئەو وێنەیە، شتێکە وەك گەمەی بلیارد، کۆمەڵێك تۆپ کە بەئاراستەی جیا دەڕۆن و پەرشدەبنەوە بۆئەوەی جارێکی دی یەکبگرنەوە. بەهەرحاڵ رۆمانەکە درێژو پڕ وردەکاری و پڕ کێشەیە کە ئاسان کورتناکرێتەوە، یاخود هەرگیز کورت ناکرێتەوە، من هەرگیز رۆمانێکم نەنووسیوە لەیەك چیرۆك و یەك رێگاو یەك کاراکتەر پێکهاتبێت تا بتوانم کورتیبکەمەوە. رۆمان واتە مەلەکردن لەدەریای چارەنووسی کۆمەڵێك مرۆڤدا. بەئومێدم لەمانگی حەوت یاخود هەشتدا بیگەێنمە چاپخانە، پێش ئەوە هەندێك هاوڕێ و دۆست دەیخوێننەوە، ئیدی دواتر چاپخانە دەزانێت، کەی دەگاتە دەستی خوێنەر.

٢٠٠٧/٣/٢٥

سوید

**لەژمارەی داهاتوودا فایلێکی تایبەت بەبەرهەمەکانی بەختیار عەلی بڵاودەکەینەوە**



**کوشتارگە**

**وەرگێڕانی: فەرزین**

**مارییای ساویلکە**

**وەرگێڕانی ؛ ئەدیب نادر– لەندەن**

**سەردەمی هۆزانی لیریکی**

**٤٥٠-٧٠٠ی پێش زایین**

**حەمەکەریم عارف**

# وەرگێڕان

# کوشتارگە

ئیستبان ئیچە وریا

وەرگێڕانی: فەرزین

هەرچەندە ئەمە ڕووداوێکی مێژووییە، من نامەوێت بەخوێندنەوەی مێژوونووسانی ئیسپانیایی کە دەبوایە نموونە بوونایە بۆ ئێمە، یان حیکایەتی نووح و کەشتییەکەی بگێرمەوەو تا حەوت پشتی باوباپیرانی ئەوانتان بۆ باسبکەم.

پارێزکردن لەو نموونانە هۆی زۆرە، بۆ ئەوەی درێژدادڕی نەکەم باسیان لێناکەم. بەڵام ئاماژە بەوە دەکەم ئەم ڕووداوە لەدەیەی ١٨٣٠ لەسەردەمی مەسیحدا ڕوویداوە. ئەوەش بڵێم ئەو ڕۆژانە، پارێز بوون. واتە ئەو کاتەی کە گۆشت لەبۆئینۆس ئایرۆس کەمبوو، چونکە کڵێسە بەوتەی ئەو ئامۆژگاریانەی ئیپکتۆس گوتبووی- سەبوور بەو پارێزبکە- پیاوانی بەنەخواردن و نەخواردنەوە داوەت دەکرد، چون گوتویانە خواردنی گۆشت گوناهەو دەبێتە هۆی گەشەسەندنی(نفس الماره). لەو جێگەوە کە حوکمی کڵێسە لەڕۆژی ئەزەلەوە بەفەرمانی خودا بۆ زك و ویژدان هاتووە، بەتاکەوە هیچ پێوەندی و کاریگەریێتی نییە. لەجیهاندا هیچ شتێك لەوە چاکترو ئاقڵانەتر نییە کەکڵێسە شتێك حەرام بکات، هەم زەرەری بێ، هەم قازانج. لەو لاشەوە قەسابەکان و دارو دەستەکەیان، فیدرالیستێکی وشك و کاتۆلیکێکی دیندار بوون، چونکە دڵنیا بوون خەڵکی بۆئینۆس ئایرۆس ئەگەر مەجبوریان کەیت مێگەلێکی ئارام و ڕامیان لێ دروست دەبێت.

ئەو ڕۆژانە تەنیا برێك لەو مانگا گۆشتیانە دەبران بۆ کوشتارگە، کە پاپ بۆ منداڵە برسی و نەخۆشەکان داینابوو. چون کاتۆلیکەکان مەجالی پەرواری کافرو بێ دینەکانیان نەدەدا. ئەم کۆمەڵە خەڵکە دەستانێکیان بۆ ئاژاوەو قەبووڵ نەکردنی ئەو یاسانە هەبوو، هەر بەو کارەش خەڵکی دیکەیان پێوەدەکرد.

ئەرێ ئەو ڕۆژانە باران زۆر دەباری شەقامەکان پڕ بووبوون لەئاو و چاڵەکان هێندە ئاویان تێهاتبوو کە دەتتوانی مەلەی تێدابکەیت، شوستەکانیش ببوون بەسێڵاو. لافاوێکی سەیر لەچۆمی(باراکاس) و تەواوی داوێنی کێوی( ئاڵتۆ) ی گرتبووەبەر. چۆمی پلاتا

سەرڕێژی کردبوو، وا کە شۆستەو شەقامەکان و بگرە زەوی و مەزاری دەوروبەری گرتبووە بەرو تەنانەت خۆی کێشکرد بووە نێو ماڵەکان و تەواوی تەختایی ئەو هەرێمە. شار لەباکوورەوە تا خۆرهەڵات پڕبوو لەقوڕو چڵپاو و لەباشوورەوە دەریایەکی لەباوەش گرتبوو کە پاپۆڕێکی بچووك لەو سەرەوەو لەو بڵندایییەوە بەنیگەرانییەوە سەیری ئەو دیمەنەی دەکرد. وەك ئەوە وابوو جارێکی تر تۆفانەکەی نووح هەستا بێت.

لەخواترسەکان، لەژن و پیاو شەو ورۆژ دەگریان و دۆعایان دەکرد، لەکڵێسەکاندا پاپاکان مینبەرەکانیان دەدایە بەرمشت و لەقەو دەیاننالآند، بانگەشەی خەڵکیان دەکردو دەیانگوت: ئاخر زەمانەو داوەری نزیکەو رقی خوا هەستاوەو ئەم سێلاوەش نیشانەکەیەتی. ئای لەئێوە تاوانبارە بەدبەختەکان، وای لەئێوە یەکگرتووە چەپەڵەکان کە کڵێسەو ئەولیاکانتان پێ شۆخییەو قسەی پیرۆزی خودا ناچێت بەگوێتاندا، وای لەئێوە کە لەمیحرابەکاندا چۆك دانادەن و لەخودا ناپاڕێنەوە. ئێستا ئەوکاتەیە کە لێوتان بکرۆژن و پەژێوان ببنەوەو داوای عەفوبکەن، ناشکوری و ناسوپاسی ئێوە بێدینەکان وای کرد کە بەڵا لەئاسمانەوە بێتە خوارێ، ئەوە خوای فیدرالیستەکانە کە ئێوەی دوچاری لەعنەتکردووە.

ژنانی داماو ئەمانیان لەکڵێسە بڕیبوو، هەر وا کەچاوەڕێ بوون ئەم کارەساتەیان دەخستە ئەستۆی یەکگرتووەکان. باران بەردەوام دەباری، ئاو هەموولایەکی گرتبوو واکە پاپاکان هەر چیان دەگوت راست دەردەهات. زەنگی کڵێسە بەفرمانی رۆساس کە لەتەواوی کاتۆلیکەکان بێ ئۆقرەتر بوو، لێدەدرا. یەکگرتووە بێ ئیمانەکان لەبینینی ئەو هەموو خەڵکە بەدبەختەو ئەو هەموو شیوەن و هاوارە ترسیان لێنیشتبوو. لەهەموو جێگەیەکدا قسە لەسەر ئەوەبوو کە دانیشتوانی شار بەگەورەو چکۆلەوە بەپێخاوسی لەو مەراسیمەدا بەشداریان بکردایەو جەنابی ئیسقفش نانە پیرۆزەکەی بخستایەتە ناو توورەکەکەی و لەگەڵ ئەو خەڵکەدا تا بڵندترین جێگەی شار هەڵیگرتباو لەوێ لەگەڵ دەنگی هەزاران کەسدا بەتەلیسم و دۆعاو نزاوە بەڵاو دێوەزمەی ترسیان شار بەدەرکردایەو لەخوای مەزن بپاڕانایەتەوە.

خۆشبەختانە ئەو مەراسیمە پێکنەهات، چاکتر وایە بڵێین بەداخەوە. چون بێگومان ئەو مەراسیمە بەس سەیر دەبوو. ئەرێ، چۆمی پلاتا خەریك بوو هێور دەبوەوەو

ئاوەکەی دەنیشتەوە. بێئەوەی پێویستی بەدوعاو نزابێت. لەو هەموو شتەی کە گوتمان تەنیا شتێکە کە بەئێمە پێوەندی هەیە ئەمەیە کە بەهۆی ئەوە ئاو هەموو جێگەیەکی داگیر کردبوو، کوشتارگە یازدە رۆژی تەواو یەك سەری بەخۆیەوە نەدی، لەئەنجامدا لەماوەی یەك دوو رۆژدا تەواوی حەیوانەکان تەنانەت شەوانەش کە بارکێشییان دەکرد هاتنەوە ناوئیش و کاری خۆیانەوە.

بێچارە منداڵان و نەخۆشەکان دەبوایە بەهێلکەو جووجەڵە قەناعەتیان بکردایە. بێدین و بیانییەکان بۆ لەپارچەیەك گۆشت چیان نەدەکرد!

پارێز لەگۆشت گشت شاری گرتەبەر هەمان شار کە کڵێسە تەنانەت بۆ وەی نەدەبوو بەچاوێکی خاوێنەوە تەماشات کردایە، ئێستە رەحمەتی کەلێسا وەك باوباران بەسەر خەڵکدا دابەش دەبوو. ئەو رۆژانە کە پارێز بوو نەداوێنی کەسێك پیس دەبوو و نەخواردن و خواردنەوەش لەڕادەبەدەر دەبوو، لەئاکامدا رۆحگەلێکی زۆر چوونە بەهەشت و رووداوگەلێك روویدا کە خەڵك مەگەر بەخەون وخەیاڵ بیاندیبایە. هەزاران مشك کە پەنایان بردبووە ئەو کوشتارگەیە، تەنانەت یەك دانەشیان نەما، هەموویان لەبرساندا مردن یان سێڵاو لەگەڵ خۆی بردیانی. ژمارەیەکی لەڕادەبەدەر لەژنە رەش پێستەکان وەك هەنگ لەسەر و پای حەیوانەکان نیشتبوون و رژابوونە ناو کوچەو کۆڵانان. داڵاش و سەگ کە رەقیبی ژنەکان لەکوشتارگەدا بوون بۆ پەیداکردنی لەتێ گۆشت کەوتبوونە ئەو سارایە. پیاوەپیرەکان، بەئازارەوە لەبرساندا مردن. بەڵام رووداوێکی سەیر ئەوە بوو کە چەند کەسێکی بێدین ئەوەندە سۆسیس و ماسی( ئیکستریمادۆڕا) یان خواردبوو تەقینەوەو مردن.

برێك لەدوکتورەکان رایان وابوو کە ئەگەر گوشت هەر وا لەکەمیدا بێت رەنگە نیوەی خەڵکی شار بەهۆی ئەوەی کە مەعیدەیان بەگۆشت خووی گرتووە، بمرن. بەداخەوە ئەم پێش بینییە دژایەتی بوو لەگەڵ ئەو بانگهێشتنە کە پاپاکان لەمینبەرەکاندا بۆ خواردنی گۆشت و هەر چەشنە رسوایێك بۆ رۆژانی رۆژوو دیارییان کردبوو. هەر بەو هۆیە کێشەیەکی ناوخۆیی کەوتە نێو زك و ویژدان. لەلایەکەوە تامەزرۆی گۆشت بوون. لەلایەکی تریشەوە ئەو هەراو بەزمەی پاپاکان نابوویانەوە تەواوبوونی بۆ نەبوو.

خزمەتکارەکانی کڵێسەش بەئەرکی خۆیانیان دەزانی هەر شتێك ببێتە هۆی دژایەتی و بێ ئابڕوویی کڵێسە قەبوڵی نەکەن. سەرەڕای ئەمانەش خەڵکی هێندە ماسی و دانەوێڵەیان خواردبوو تەقەفیرەیان پێکەوتبوو. ئەم کێشەیە ئەنجامێکی ناوەکی هەبوو، ئەوداخ و کەسەرو هاوارە دڵتەزێنە ببوو بەهۆی ئەوەی ژوورو شەقام و جێگای دانشیتن و ..... پڕببێت لەترو تس.

حکومەت کەوەك رزگارکارێك لەجێی باوکی خەڵك دانشتبوو کەوتە مەترسییەوە، پێیوابوو ئەم جۆرە بزووتنەوانە دەبێت بەڕاپەڕینێکی گەورە، ئەمەیەش کاری ئەو دەستە یەکگرتووانەیە کە بەوتەی پاپاکان خوێڕییەتی و چەپەڵی ئەوان ئەم بەڵایەی ناردووە بۆ ئەم خەڵکە. حکوومەت ناچار بوو کە بێتە سەر ئەو رایەی کە بۆ هێورکردنەوەی دەردەی زك و ویژدان تەواوی مانگاکان بەرێتە کوشتارگە. هەر لەسەر ئەو بڕیارە رۆژی شازدەیەمی قاتوقڕیی، لەئاسانەی جەژنی پیرۆزی(دولۆرس) پەنجا سەرمێگەل لە(بۆرگۆس) وە بەمەلەکردن هاتنە کوشتارگەی"ئاڵتۆ". سەرەڕای ئەوەی کە رۆژانە ٢٥٠ تا ٣٠٠ مانگا سەرفدەبوو، سێ یەکی خەڵك پەیڕەوی کڵێسە بوون، گۆشتییان نەدەخوارد. ئەم مێگەلەش بۆ ئەو خەڵکە زۆر نەبوو.

سەیر ئەویە لەشارێکی ئاوەهادا کەسانێکی زۆر بوون دەبوایە گۆشتییان بخواردبایە، بەڵام کلیلی زکیان بەدەستی کڵێسەوە بوو. بەڵام ئەگەر باوەڕیان بەوە بێت کە شەیتان لەگەڵ گۆشتدا دەچێتە نێو لەش و کڵێسەیش دەتوانێت ئەو تەلیسمە بەتاڵ بکاتەوە، زۆر سەیرنییە.

مەسەلەکە ئەوەیە مرۆڤ دەکەن بەماشێن و لەڕێگەی کڵێسەوە دەیخەنە کارو ناڕاستەوخۆ ئیشی پێکدەکەن، رەنگە رۆژێك تەنانەت هەناسە کێشان و پیاسەکردن و قسەکردن لەگەڵ دۆستێکدا لەلایەن حاکمانەوە قەدەغە بکردرێت. بەڵێ ئەو رۆژانەی باوکانی ئێمە دەژیان هەروا بوون. بەڵام حەیف کە راپەڕینی مانگی مەی بەو رۆژانە کۆتایی هێنا.

لەم بارودۆخەدا بڕیاری حکومەت گەیشتە کوشتارگەی ئاڵتۆ، کۆمەڵێك لەقەسابەکان و جاسوسەکان کەوتنە چەپڵە لێدان و هەرواو هوریاو پێشوازیان لەو پەنجا مانگایە کرد.

ئەو خەڵکە دەیانگوت بەڕاستی سەیرەو هەروا هاواریان دەکرد:" بژی فیدرالیست، بژی نەجاتـدەری گـەورە". دەبێـت بەخوێنـەر راگەیـەنم ئەوکاتانـە فیدرالیـستەکان لەهــەموو شوینێك پەیدا دەبـوون، تەنانـەت لـەناو سـواڵکەرەکانی کوشـتارگە بێئیزنـی نەجاتـدەری گـەورە هـیچ بزووتنەوەیـەك رووی نـەدەدا. هـەر وەك چـۆن هـیچ مەراسـیمێکی دینی بـێ فرمانی" ئاگۆستینووس" بەڕێوە نەدەچوو مقۆمقۆ داکـەوتبوو. چـەند مـشکێك کـەتا ئـەو کاتـەی لەحەییـەلادا بـوون زیندوبوونـەوەو جـارێکی تـر نیعمـەتی خـودا بەسـەریاندا رژا. بەخەیاڵێکی ئاسوودەوە کەوتبوونە تێکوشانێکی سەیر.

یەکەم مانگا کە سەربڕدرا پێشکەشیان کرد بەناجاتدەری گەورە کـە کوشـتەو مـردەی کەبابی راسـتە بـوو. کومیتەیـەك لەقەسـابەکان ئـەو مانگایـەیان بـەناوی فیدرالیـستەکانی کوشـتارگەوە بـردە خزمـەتی و لـەوەی کـە لەدارودەسـتەی یـەکگرتووەکان پـەیڕەوییان نەکردو و لەحکومەت و تەواوی بەدبەختییـەکان کـە لەوانـەوە سەرچاوەی گرتـووە، دوان بـەبڕێك دروشمـی بـژی و بمـرە دووپاتکردنـەوەی لەلایـەن ئـەو جەماعەتـەوە کۆتـایی بەمەراسیمەکەهات. گریمان ئەو کابرایە کەسێکی تایبەت بوو کە لەحەزرەتی عالی بەڵگەی شـەفاعەتی وەرگرتبێـت و عـالی جـەنابیش یاسـا بنێتـە سـەر چـاو و لەبەرانبـەر هـەر کارەساتێکدا دژ بەدین و هەر بەلایەکی ناگەهانی بەرخۆدانی بکردایە.

ئەگـەر وانەبووایـە قـەبوولکردنی وەهـا دیارییـەك لـەو رۆژەدا، ئـەویش بەبەرچـاوی خەڵکەوە. کارێکی باش نەبوو سەربڕینی مانگاکان دەستی پێکردو لەچاو نووقانێکدا چل و نۆ مانگایان خست. ئەو رۆژە رۆژێکی سەیر بوو، گەرچی بۆن و بۆسارێکی زۆر پیس لەو گەڕەکـە فەقیرنـشینە دەهـات، چـاکترە سـەبارەت بـەو جێگەیـە برێـك شـت بنووسـم. کوشـتارگەی" ئـاڵتۆ" لەباشـووری بۆئینـووس ئایرۆسـدا لـەزەوییێکی چـوار گۆشـەداو لەمابەینی دوو خیاباندایە.

یـەك لـەو خیابانـە هـەر لـەو دەوروبـەرەدا کۆتـایی دێـت، ئـەم لاولای جۆگەکـە پـڕە لەکونەمشك و قەتماغەی ئەوخوێنە رژاوانەی کە لەکوشـتارگەدا ماونەتـەوە، لای راسـتەوە بینایەکی لێیە کە پێی دەڵێن "کاسیا" ئـەم بینایـە بریتییـە لەسـێ ژوورو هۆڵێـك، لەبـەر دەرکەی بیناکەدا چەند داری درێژ دانراوە بۆ بەستنەوەی ئەسپەکان. لەپشتەوەش چـەند

گەوڕێكی تێدایە بۆ ڕەشەوڵاخەكان، لەزستاندا ئەم گەوڕانە هێندە قوڕو چڵپاویان تێدێت تا ملی حەیوانەكان دەچێت.

ئەوانەی پەیڕەویی لەیاسای كوشتارگە ناكەن و تاوانبار دەكرێن هەر لەم كاسیادا دادگایی دەكرێن. حاكم پیاوێكی گرنگە، سەرۆكی قەسابەكانەو لەلایەن نەجاتدەری گەورەوە لەكوشتارگە دادەنرێت. چ كەسێك شیاوی ئەم جێگەیە زۆر گرنگ نییەو بیری لێ ناكرێتەوە. بینای كاسیا كەلاوەیەكە ئەگەر لەبەر ناوی حاكم نەبووایەو دیتنی ئەو دروشم و وێنانە كە لەسەری نووسرابوون" بژی فیدرالیست بژی نەجاتدەری گەورە" و ناوی " دۆنائینكارناسیۆن ئیسكوورا" خاتوونی قارەمان نەبووایە، هیچ كەس لای لێ نەدەكردەوە، بەڕاستی ئەو دروشم و شیعارانە بەزمانێكی سادە بیروباوەڕی سیاسی و مەزهەبی ئەو خەڵكەی راڤە دەكرد. بەڵام رەنگە برێك لەخوێنەران نەزانن ئەم خاتوونە كێیە؟ ئەو ژنە قارەمانە ژنە ڕەحمەتییەكەی نەجاتدەری گەورەو لایەنگری قەسابەكان بوو. ئەو لەدوای مردنیشی رێزێكی تایبەتی هەبوو بەو جۆرەی كە پێیان وا بوو هەر زیندووە. ئەوەش بە هۆی ئەوە كە مەسیحی بوو و لەڕاپەڕینی دژی " بالكاریس" دا چالاكی هەبوو. لەساڵرۆژی ئەو شۆرشەدا داروده‌ستەی ترۆریستی رۆساس، قەسابەكان ئەم خاتوونەیان بەشێوەیەكەی جوان رازاندەوەو بردیان بۆ كاسیا ئەویش لەگەڵ كچەكەی و چەند خاتوونی فیدرالیستدا بەرانبەر بەو خەڵكە قسەیكردو لایەنگری خۆی بەرانبەر بەقەسابەكان دەربڕی، هەر بەو هۆیەوە جەماوەركە بەخۆشحاڵییەوە نازناویان نا (پارێزەری كوشتارگە) و ناوەكەیان بەدیواری كاسیاوە نووسی. لەدوورەوە كە تەماشات دەكرد كوشتارگە لەجموجۆڵێكی سەیردا بوو، چل و نۆ مانگا سەر بڕابوون و لەو مەیدانەدا كەوتبوون. زۆرتر لەدووسەد كەس لەهاتوچۆدا بوون خەڵكێكی زۆر بەڕەنگ و روخسارێكی عەجیبەوە لەدەوروبەری مانگاكاندا كۆببوونەوە، زەقترین كەسەكان قەسابەكان بوون كە كێردێكی گەورەیان بەدەستەوە گرتبوو و دەموچاویان پرمیا بوو، تاقمێك منداڵ لەپشتیانەوە خەریكی لاساییكردنەوەی قەسابەكان بوون. ئەو ژنە دووڕەگانە رەش و سوور كە لەگەڵ سەگەكاندا هاتبوون بۆ كەلەوپا، بەسەر یەكتردا هەڵدەزنان و بۆ لەتێك گۆشت زكی یەكترییان دەدەڕی. چل عەرەبانە كە رووەكەیان بەچەرم داپۆشیبوو بەڕیز لەحەسارەكەدا وەستابوون و چەند سواری پاڵتۆ لەبەریش لەناو

حەشـامەتەكەدا دەهـاتن و دەچـوون، تـاقمێكی تـر بەسـەر ئەسـپەكانیانەوە ملیـان لار دەكردەوەو تەماشای ئەو جموجۆڵەیان دەكرد. پۆلێك داڵاش كـە بـۆنی گوشـت كوێریـانی كردبـوو سـێبەریان خـستبووە سـەر مەیدانەكـەو قـیرو قاڕێكیـان بـوو كـە كـەس لەكـەس تێنەدەگەیشت. هەربـەو پێیـە كـە كارەكـان دەچـوونە پێـشێ، دیمەنەكـەش دەگـۆڕدرا، تاقمێـك وەك گوللـەی وێڵیـان دیبێـت یـان سـەگێكی هـار هەڵمـەتی بـۆ دابێتن پـرژو بـڵاو دەبوونەوەو تاقمێكی دیكە جێگـەی ئـەوانی پڕدەكردنـەوە. لـەم لاوە خـەریك بـوون زكـی مانگایەكیان دەدڕی لەلایەكی تریشەوە قەسابەكان خەریك بوون گۆشـتەكەیان تـوێ تـوێ دەكردو بەو سنگنانەوە كە تایبـەت بـوون بـەو كـارە هەڵیاندەواسـی. لەلایـەكی كەشـەوە خەریك بوون بەزەكەیان لەپێستەكەی جوێدەكردەوە. ئەو كەسانەش كەبە تەماحی لەتێك گۆشت یان بەز هـاتبوون، دەسـتە چـڵكنەكانیان درێـژ دەكـردو هوروژمیـان دەبـردە سـەر مانگاكەو قەسابەكە. هەراوهوریای خەڵك بەتایبەت قەسابەكان زۆر بەرزبوو.

كەسێك دەیقیڕاند:" ئەها ئەو پیرەژنە لەتێك گۆشتی خستە ناو كراسەكەیەوە".

ژنێكی رەش پێست جوابی دایەوە:" ئەوە كە شـتێ نییـە، تەماشـاكە ئـەوە دوویـەكی خستە ناو شەرواڵەكەیەوە". قەسابێك دەیگرماند:" ئەی ژنە فێڵ بازەكە دەڕۆی یان بـەم كێردە زكت بدڕم"؟

ئەویش لەولامدا دیگوت:" ئاخر من چ بكەم خان گیـان؟ ئەوەنـدە سـەقیل مەبـە، لـەو هەموو دڵ و جەرگە شتێك بەمن ناگات"؟ منداڵەكانیش پێكەوە دەیانقیڕاند:" بڕۆ قەحبە، خۆتۆ تەواوی جەرگ و دڵەكەت هەڵگرت".

لەگەڵ ئـەم هـەراو هوریایـەدا منداڵـەكان گۆشـتە گـەنیوەكانیان هەڵدەگرت و دەیانـدا بەسەر ژنەكەدا. چـەنە هـەنگاو لـەولاترەوە ژنێكـی دیكـە گـەوگیپاڵی مانگایـەكی بـەدووی خۆیدا رادەكێشا، ژنێكی دووڕەگەش كە گەوگیپاڵێكی زۆری بەباوەش هەڵگرتبوو، كەوت و لەنێو ئەو خوێن و خۆڵەدا كەوتە ژێر دەستكەوتەكەی.

نزیك بەچوارسـەد ژنـی رەش پێست بازنەیـەكیان پێكهێنـابوو و ئـەو بەزانـەی بـەدەم كێردی قەسـابەكانەوە دەكەوتنـە خـوارەوە كۆیـان دەكـردەوە. ژنگـەلێكی دیكـەش زگ و میزەڵدانیان پاكدەكردەوەو دەیانبرد.

مێرد منداڵەکان سوار یان پیادە لەهاتوچۆدا بوون. میزەڵدانیان ئەدا بەسەروچاوی یەکدا، بەزیان دابەشدەکردو دەنگ و هەرایان ئەوەندە بەرزببووەوە تەنانەت ئەو مەلانەی بەسەر ئاسمانی کوشتارگەکەوە بوون دەترسان.

بەفەرمانی نەجاتدەری گەورەو هەروەها پیرۆزی ئەو رۆژە بەتەرزێکی زۆر ناشرینەوە قسەو جنێویان بەیەك دەگوت، ئەوەش رق و تووڕەیی ئەو خەڵکەی نشاندەدا کە دەهاتنە کوشتارگە. بەڵام من نامەوێت باسی ئەو شتانە بکەم کە خوێنەر بڕەنجێت.

کتوپڕ دەتدی جەرگ و دڵی خوێناویان دەدا بەسەر کەسێکدا، لەلایەکی دیکەشەوە لەتە گۆشتی گەنیو، هەرکەسێك شتێکی بەدەستەوە بوایە لەخۆڕا دەکەوتنە شوێنی و هەروا بەزمیان دەناوە، پیرەژنێك بەدۆعاو نزاوە دەکەوتە شوێن پیاوێکی خوێڕی کە سەروچاوی دابوو لەخوێنەوە، چەند دۆستی پیاوەکەش ژنەیان دەگرت و لەتە گۆشتێ، پشکەڵێ بەزێکیان دەدا بەدەستییەوەو قاقا پێدەکەنین، ئەوەندە بەرز کە جاروبار حاکم هەرای لێدەکردن و بێدەنگیانی دەکرد.

ئەرێ ئەمە دیمەنێکی بچووك بوو لەرەفتارو ئاکاری تاکە کەسی و جەماوەری ئەو کوشتارگەیە.

تەنیا رەشە وڵاخێکی چەتوون و شاخداری توێڵ یان لە گەوڕەکەدا مابووەوە. بڕێك پێیانوابوو مانگایەو بڕێکیش پێیان وابوو کە گایە. ئێستاش کاتی ئەوە بوو کە بزانن کێیان راستدەکات.

دوو شۆڕەسواری کەمەندار هاتنە نێو گەوڕەکە، باقی خەڵکەکەش لەدووی ئەوان بەسوارو پیادە هاتنە بەر دەرکی گەوڕەکەو سەیری ئەو دیمەنەیان دەکرد. چەند شۆڕە سواری کەمەنداری دیکەش لەم لاولای دەرکی گەوڕەکەوە چاوەڕوان وەستان. خەڵکەکە دەستماڵێکی سووریان بەستبوو بەسەریانەوە، رەشەوڵاخێك هاربببوو و کەف کەوتبوە لێوی و دیبۆڕاند، گوریسێك بەشاخییەوە گیری کردبوو و هیچ هێزێك نەبوو لەنێو ئەو قوڕو چڵپاوەدا دەری بێنێت. ئەوە ئیشی کەمەندارەکانیش نەبوو. منداڵەکان هێندە قیڕاندبوویان کە دەنگیان نووسا بوو، پیاوەکانیش هەرچی دەستماڵەکانیان تەکاندەدا بێهوودە بوو، هەراهەرای ئەو خەڵکەو چەپڵە لێدانیان بەڕاستی شتێکی سەیر بوو.

جەفەنگ و قسەی قۆڕ بەلێزمە لەزاری هەر کەسێکەوە دەهاتە دەرێ. هەرکەس ئەو دیمەنەی بدیبا دەکەوتە خۆشییەکی رادەبەدەرو دەستیدەکرد بەشۆخیکردن و خۆی بەجۆرێك نیشاندەدا.

" وادیارە بەجێی کەرویشك، پشیلەیان راو کردووە."

" پێتانم گوت مانگایە."

" مەگەر نایبینی کەگایە؟"

" گەر پیاوی هێلکەگونەکانی نیشانبدە تا بلێم راستە."

" مەگەر نایبینی شتێك بە ناو گەلییەوە شۆڕبوەتەوەو هەر دانەیە کێشی لەسەری تۆ گەورەترە، پێموایە چاوت نایبینێت."

" نەڕۆحەکەم کوێر دایەت بوو کە تۆی کەری بوو، مەگەر نازانی ئەوەی بە ناو گەلییەوەیەتی مشتێك قورە؟"

"چ مانگا بێت چ گا، ئەو حەیوانە لەیەککگرتووەکان دەچێت."

خەڵکەکە بەبیستنی یەکگرتوو، یەك دەنگ هەرایان کرد:" بمرێ یەکگرتووە وەحشییەکان."

" تەواوی ئەم حەرامزادانە بسپێرن بەتاقە چاو."

" بەڵێنیتان پێدەدەم، تاقە دەرەقەتی هەموویان دێت."

" راستدەکات ئەم حەیوانەش بسپێرن بە (ماتاسیت)ی جەلاد. بژی ماتاسیت."

" ئەو حەیوانە هی ماتاسیتە."

" ئەوەتە هەلات" دەنگی کەسێك دەنگی هەمووانی کز کرد:

" ئامادەن...! ئاگادار بن ئێوە کە لەبەر دەرکەکە راوەستاون، هاربووە ئاگادار بن رانەکات."

بەڕاستی کە وابوو حەیوانەکە لەو هەراو دەنگەو بەتایبەت لەو دوو شەلاقەی خواردبووی هار ببوو، کە دیتی پەتەکە شل بوەتەوە پەلاماری خەڵکەکەیدا، هێندە بەزەبر بوو کەمەندارەکەو ئەسپەکەشی بەخۆیدا راکێشا، پەتەکەی سەر شاخی بەدەست کەمەندارەکەوە پچڕا، بەشاخ و بەلەقە کەوتبووە ناو خەڵکەکە. لەناکاودا سەری منداڵێك چوو بەحەواداو کەوتە بەین موعجیزەکە، سەری ئەو منداڵە وەها لێببوەوە دەتگوت

بەتەور لێت داوە. لەشی بێگیانی منداڵەکە کەوتبووە ژێرپێی خەڵکەکەو بەجۆگەلە خوێنی لێدەرژا. پیاوێك هاواریکرد:" پەتەکە پچڕا رایکرد."

خەڵکەکە بێدەنگ رامابوون، ئەو کارەساتە وەك برووسکە دەرسات هاتوچوو.

ئەوانەی لە نزیك دەرکەکەدا بوون لە حەیبەتی حەیوانەکە هەڵاتنە سووچێکەوە و برێکیش کۆبببوونەوە لەتەرمی منداڵەکە. ئەوانەی کە سواربوون کشانەوەو کەوتنە شوێن حەیوانەکە. هەموو دەیانقیڕاند:" حەیوانەکە هەڵات، بیگرن" سیتی پیلۆس" پەتەکەت خە " بوونی خا" هات بۆ لای تۆ، نزیك مەبەوە بەری بگرە" مۆرادۆ" بیگرە هەرای لێ بکە مەگەر شەیتان بۆ خۆی بیگرێ."

چەند ژنی رەش پێست لەکەناری جۆگەکەدا دانشتبوون بەبیستنی ئەو دەنگە ترسان و خۆیان خزاندە باوەشی یەك، ئەوان بەتاقەت و حەوسەڵەوە خەریکی رێککردنی دەستکەوتەکانی خۆیان بوون. ئەم جۆرە دانیشتنە بەقازانجی ئەوان تەواو بوو چون گەر وا نەبوایە لەترسا زارۆیان دەتۆقی. حەیوانە هارەکە بەلۆژەلۆژ کەوتە رێ. دەڵێن یەك لەو ژنانە لە حەیبەتا میزی بەخۆیدا کرد. یەکی کەش لەچاو تروکانێکدا دەجار دوعایەکی خوێند، چەند ژنی دیکەش بڕیاریان بە" بنیتو"ی پیرۆزدا کە ئیدی پێیان بەم کاول بووەدا نەبیەت و نەکەونە شوێن جەرگ و دڵ. لەم حاڵەتەدا بوو کە حەیوانەکە چووە سەر شەقامێکی درێژو باریك کە لەپاڵ کوشتارگەوە راست دەچووە شاری. چۆمێك ئەم لاولای گرتبوو و ئەو هەرێمەی پڕ کردبوو لەکاکتووس. لەڕاستەی شەقامەکەدا چەند خانوویەکی تێدا بوو. پیاوێکی ئینگلیزی لەکارگەکەی بەسواری ئەسپێکەوە دەهاتە دەرێ و بێئاگا لەهەمووشت کەوتە ناو خەیاڵاتەوە. تا ئەو کاتەی حەیوانەکە کەوتە نێو زەلەکەو ئەسپەکە سەڵەماوە نەیزانی. سوارە کەوتە خوارەوە کەوتە نێو ئەو قوڕو چڵپاوە. ئەم کارەساتەش خەڵکەکەی بەخۆوە رانەگرت، بەڵکە واشی لێهات زۆریش پێی پێکەنین" گرینگوئە"ت دی کەوتە نێو زەلکاوەکە؟

هەستە گرینگۆ"، بە قاووقیژەوە لەزەلکاوەکە پەڕانەوەو لەشی ئەو بێچارەیان کرد بەژێرەوە. ئەو کابرا قژ زەردو سپییە وەك جندۆکەی لێهاتبوو و وەك لەجەهەنەمدا بێت وابوو. لەلایەکەوە چەنە ژنی رەش پێست بەدەستکەوتە کانیانەوە لەپاڵ جادەکەوە دەڕۆیشتن، لەترسانا خۆیان لەکەنار جۆگەلەکەدا حەشاردا.

حەیوانە هارەکە ئەوەندە هەڵاتبوو چەند کیلۆمتر دوور کەوتبوەوە. هەموو گیاندارێکی ترساندبوو. خەرەندێکی پڕ دڕکوداڵ ڕێگەی لێگرت. گیرییان هێنا، کەوتبووە هەناسە بڕکێ بەڵام هێشتا رق و کینەی هێور نەببوەوەو هەر پەلاماری دەدا. جەماوەرەکە خڕبوونەوە، بەڵێنیاندا بەئەسپەکان راوی بکەن و بیبەنەوە سەر جێگەی ئەوەڵی و سزای بدەنەوە.

گەڕانەوە، لەو منداڵە کە گوریسی راووچیەکان ملی بڕیبوو هیچ نەمابوەوە، تەنیا کەمێك خوێن بوو کە قەتماغەی بەستبوو. پیاوەکان بەگوریس کەوتنە گیانی یەك و دوان و سێ... بەڵام بێفایدە بوو تا کەسی چوارەم. ئەو توانی گوریسەکە لەلاقی بکات و بیخات حەیوانەکە لەحەژمەتا کەف کەوتبووە لای لێوی و لاقە پرتێی دەکرد. پەڕەی لووتی دووکەڵی لێهەڵدەستاو ئاگر لەهەناویەوە دەباری. دەنگێك لەسەرخۆ گوتی:" ئەو حەیوانە خەلاس کەن" ماتاسیت بوو، بەپەلە لەئەسپەکەی دابەزی و بەحەرەکەیەك حەیوانەکەی لەپێخست. حەیوانەکە بۆڕەیەکی لێهات و ئیتر تەواو. جەماوەرەکە ماتاسیتیان کرد بەقارەمانی ئەو رۆژەو بەڵێنیاندا جوانترین و چاکترین گۆشتی بۆ بکەن بەدیاری، ماتاسیت سەربەرزو خۆشحاڵ کێردەکەی بۆ چەند ساتێك بەحەواوە راگرت و دوایی دانەویەوەو کەوتە قەڵخکردنی حەیوانەکە.

ئەو پرسیارە مابوەوە ئەو حەیوانە گا بوو یان مانگا؟ هەر چەندە لەوە پێش بۆڕەکەی وەك گا دەچوو، بەڵام خەڵکەکە ئەوەندە ماندووببوون لەبیریان چووبوو کە نێرە یان مێ.

لەناکاودا قەسابیك دەنگی هەڵبڕی:" ئەهای ئەوەش هێلکە گونەکانی" دوایەش دەستی بردو دوو هێلکە گونەکانی نیشاندا کێشەکە جێگەیدا بەشۆخی و پێکەنین و تەواوی رەنج و عەزیەتی ئەو رۆژەیان لەبیرچوەوە.ئاخر بردنی گا بۆ کوشتارگە قەدەغە بوو، بەڵام ئەم جارە عەلاحەدە بوو. یاسا وای دەگوت کەگا دەبێت بخرێتە بەر سەگ، بەڵام بەهۆی برسییەتی و قاتی گۆشت، حاکم ئەو کارەی پێدروست نەبوو.

زۆری نەخایەند قەڵخیان کرد، پێستەکەیان لێکردەوە، لەت و کوتیان کرد و هەڵیانواسی بەسنگەکانەوە. ماتاسیت پارچەیەك لەڕاستە گۆشتەکەی جیاکردەوەو خستییە نێو توورەکەی ئەسپەکەیەوەو سواربوو. لەوانە بوو بگەڕێتەوە، بەڵام کاری

کوشتارگە کەوتبوە نیوەڕۆ، ئێدی جەماوەرەکە کەم کەم ئەوێیان بەجێهێشت. بڕێك پیادە بڕێك بەسواری و بڕێك عەرەبانەکانیان پڕ کردبوو لەگۆشت و دەیانکێشا.

کتوپڕ دەنگێك بەرزبوەوە، قەسابێك بوو:" تەماشا کەن یەکێك لەو یەکگرتووانە خەریکە بۆ ئێرەدێت." خەڵکەکە ئەو دەنگەیان کە بیست لەجێگەی خۆیان وشکبوون." مەگەر رەنگ و روخسارو نیشانەکانی نابینن؟ سەیرکەن نەنیشانەیەکی داوە لەسینگی و نەپەڕۆی ئازیەتی داوە لەکلاوەکەی؟"

" بێشەرەف هەرچی و پەرچی."

" حەرامزاو"

" زینی ئەسپەکەی وەك گرینگۆکانە"

" بیبەین لەداری دەین"

" دەبێت بەتێرو تەسەلی بیکوتین"

" سەیری کە، بەکالآنی حەوت تیرەکەیەوە قیافەمان بۆ دەگرێت"

" هەڵبەت تەواوی یەکگرتووەکان هەر وا قیافەی هیچیان هەیە"

" ماتاسیت مەرج دەبەستم زات ناکەیت لێی نزیك بیتەوە"

" یانی تۆ دەڵێی دەترسیٚ؟"

" مەرج دەبەستم دەترسی"

ماتاسیت قسەی نەدەکرد بەڵام تا بڵێی زرنگ بوو، لەو جێگانەی قسە لەسەر ئازایەتی و راوکردن و چەقۆکێشی دەکرا، هیچ قسەی نەدەکرد نیشانی دەدا. ئەو قسانە وەك نقورچك وابوون ئێشی پێدەگەیاند. لەغاوی ئەسپەکەی کێشاو چووە پێشیٚ.

کابرا یەکگرتووەکە لاوێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵان بوو، خۆش قەدو قیافە وشیك پۆش بوو، بێترس بوو بەکەمتەرخەمییەوە بۆ باراکاس دەچوو. بەڵام کاتێك تەشەری نیگای دارو دەستەی لاتەکانی کوشتارگەی دیت، دەستی بۆ لای دەمانچەکە چوو هەر لەو کاتەدا ماتاسیت بەئەسپەکەوە شانێکی لێداو خستییە خوارەوە، ویستی هەڵێت بەڵام خەڵکەکە هورژمیان بۆ هێناو هاواریان کرد:" بژی ماتاسیت."

کابرا گێچ و وێژ ببوو بەتوڕەییەوە تەماشای خەڵکەکەی کرد، دەستی بۆ دەمانچەکەی برد، هەڵات بۆ لای ئەسپەکەی، ماتاسیت رای کردو پێشی پێگرت، بۆیەنباخەکەی گرت و دای بەعەرزدا، خەنجەرەکەی نایە بینە قاقای، هەرای خەڵکەکە بەرزبوەوە.

" پیاوێکی سەیرە، چ جوربزەیەکی هەیە بەحەق کە فیدارلیستە"

" هەمیشە وەك داڵاش دەنیشێتەوە بەسەر گیانی ئەو بێچارانەوە"

" سەری ببڕە ماتاسیت، بۆ مەگەر نازانی ویستی بتکوژێ؟ وەك گا جەرگ و دڵی دەرهێنە"

" سەیرە چەندە خوێڕیین ئەو یەکگرتووانە، بیکوتە دەی"

" ئەو مل قەوییە هەر بۆ ئەوە دەبێت بیدەی لە دار" نە بۆ چەقۆ چاترە"

" بێن تاقی بکەینەوە" ماتاسیت گوتی، ئەژنۆی چەپی نا بەسەر سینگ و کێردەکەی نا بەملییەوە، بەدەستەکەی تریشییەوە قژی گرت.

" سەری مەبڕە دەست راگرە" ئەمە حاکم گوتی کە بەغاردەهاتە پێشێ، بیبەن بۆ کاسیا سێدارەی بۆ تەیارکەن" مردن بۆ یەکگرتووەکان بژی نەجاتدەر، بژی بەڕێوەبەری یاسا بژی ماتاسیت"

جەماوەرەکە تێکڕا گوتیان:" بژی ماتاسیت، مەرگ بۆ ئێوە یەکگرتووەکان. کەلەپچەیان کرد، بەمشت و زللە بردیان بۆ کاسیا. جۆرێك رەفتاریان لەگەڵ دەکرد دەتووت خۆیان دوژمنی عیسا مەسیحن.

هۆڵی کاسیا زۆر گەورە بوو، مێزێکی گەورەو شکۆداری تێدا بوو، تەنیا لەکاتی ئەشکەنجەدا مەشروب و وەرەقی قومار کۆدەکراوە. لەسووچێکدا مێزێکی بچووك هەبوو قەڵەم و مەرەکەبی لەسەر دانرابوو، پێدەچوو ئەوە هی حاکم بێت، لەسەر یەکێك لەکورسیەکان کابرایەك کەوەك سەرباز دەچوو گیتارێکی گرتبوو بەدەستیەوەو گۆرانی حزبی فیدرالیستەکانی دەگوتەوە. یەکگرتووەکەیان بەبۆڵەبۆڵ بردە ژووری.

یەکێك گوتی:" دەبێت سووری بکەیتەوە"

" خۆت بەشەیتان بسپێرە"

" وەك گا هار بووە"

" کوتەك حاڵی دەکات"

" بەمشت کاری جێبەجێ بکە"

" هەوەڵ شەلاق و دوێرد"

" ئاگریشی دەن خراپ نییە"

" سێدارە چاکترە"

حاکم هاواریکرد: " بێدەنگ بن هەمووتان دانیشن" خۆیشی لەسەر کورسیەکەی دانیشت. هەموو دانشتن دیلەکە رووبەڕووی حاکم وەستا، تووڕە بوو و گوتی:" جەلادەکان چتان لەمن دەویێ؟"

حاکم بزەیەکی هاتێ و گوتی:" بێدەنگبە نایەوێت تووڕە ببی، دەبینی کە"

پیاوەکە لەوانەبوو شێت ببێت، هەموو نیشانەی تاو ویاوی مێشکی بوو. بڵێسە لەچاویەوە دەهاتە دەرێ.

مووەکانی لەشی راست ببوونەوە، دەماری پەناملی لەوانەبوو بتەقێت. کراسەکەی بەسینگیەوە لەگەڵ هەناسەکانیدا لەهاتوچۆدا بوو.

حاکم گوتی:" وەك شێت دەلەرزی؟"

" ئەرێ لەڕقدا دەلەرزم چون دەستم ناگات بتخنکێنم."

" یانی ئەوەندە زرنگی؟"

" دڵنیابە ئەو زاتەم هەیە خوێڕی."

" ئەهای ئەو دوێردەم بۆ بێنن کەیاڵی ئەسپەکەمی پێکورت دەکەنەوە، قژی ئەم کابرایەش بەشێوەی فیدرالیستەکان کورتبکەنەوە."

دووپیاو هەستان، یەکگرتووەکەیان گرت، یەکێك سەری و یەکێك دەستی، دەستبەجێ ئەگریجەکانیان بڕییەوە.

جەماعەت دایان لەقاقای پێکەنین. حاکم فەرمانیدا:" پەرداخێك ئاوی بۆ بێنن با ئەوندە نارەحەت نەبێت." زەهرەماری پێدەدەم نەگبەتە"، قولەڕەشێك بەپەرداخێکەوەهات. پیاوەکە دایە ژێر پەرداخەکەو فڕێیدا، تیکەکانی تابن میچ چوون و پرژەی ئاوەکە رژا بەسەر خەڵکەکەدا.

" ناترسێ، وەك مشکی لێدەکەین"

حاكم گوتی:" بێدەنگ ئێستە سەرت وەك فدرالیستەکان وایە تەنیا شتێکت کەمە ئەویش سمێڵە لەبیرت نەچێت سمێڵیش لێدەی."

" راستی بۆ هیچ نیشانەیەکت پێوەنییە؟"

" چون نامەوێ"

" مەگەر نازانی نەجاتدەری گەورە فەرمانی داوە نیشانەکانتان بدەن لەسینگ؟"

" نیشان بەکەڵکی ئێوەی کوێلە دێت، نەپیاوی ئازاد."

" پیاوی ئازادیش دەبێت بەزۆریش لێیبدات."

" وایە، بەزۆر، ئەمە چەکی ئێوەیە بەدبەخت، گورگ و پڵنگیش زۆریان هەیە، وەك ئێوە دەبێت بەچوار دەست و پێ بڕۆن."

" ناترسی بەور بتخوات؟"

" بەور ونجڕ ونجڕیشم بکات چاکترە لەئێوە."

" بۆچی کڵاوەکەت پەڕۆی رەشی پێوە نییە؟ بۆ نازانی ئازیەتی خاتوونی گەورەیە؟"

" ئەوە ئێوە بوون کە ئەوەتان بۆ زمان درێژی خۆتان کرد بە باو."

" خوێڕی دەزانی چ دەڵێی؟ گەر وشەیەکیتر لەزارت بێتە دەرێ دەڵێم زمانت دەرهێنن."

" ئادەی پانتۆڵەکەی لەپێ داکەنن و قوونی رووتبکەنەوەو بیبەستنەوەو شەلاقی دەن."

هێشتا وتەی حاکم تەواو نەبوو کە چوار پیاوی ملهوڕ کە جلوبەرگەکەیان شەڵاڵی خوێن بوو گرتیان و لەسەر مێزەکە رایانکێشا.

" سەرم ببڕن بەڵام جلەکانم دامەکەنن."

دەستماڵێکیان خنیە دەمی و کەوتنە رووتکردنەوەی، کابرای داماو کەوتبووە لاقە پرتێ، ماسوولەکانی خاو دەبوونەوەو گرژ دەبوونەوە. وەك ماران گەستە گینگلی دەدا، ئارەقی رەش و شینی دەردابوو، دەماری ملی ماسیبوو و لەژێر پێستەکەیەوە دیار بوو.

حاکم فەرمانیدا:" بیبەستنەوە"

یەکێك لەو ملهوڕانە گوتی:" چ بۆڕەیەکی لێدەیت"

پێیان بەپێی مێزەکەوە بەستەوە، بۆ ئەوەی کە دەستی ببەستنەو ناچار بوون دەستیان کەلەپشتەوە گرێ دابوو بیکەنەوە، لەو حاڵەتەدا کابرا کە هەستی بەتۆزێك ئازادیی کرد، بەهەرچی هێزیەوە دەستی حەواداو نەڕاندی، دوایش کە زانی هیچی پێناکرێت لەژێر لێویەوە گوتی:" تکایە سەرم ببڕن بەڵام جلەکانم دامەکەنن، گڵاوە بێشەرەفەکان." هێزو توانای لێبرابوو، وەك خاچ بەستبوویانەوە، خوێن لەدەم و لووتییەوە وەك پلوسك رژایە سەر مێزەکە. پیاوە ملهوڕەکان وڕببوون و جەماوەرەکەش گێژو وێژ.

کەسێك گوتی:" ئەو وەحشییە هێندە داخ و دیقی کردە سکی خۆیەوە تەقی."

کەسێکی تر گوتی:" پڕ بەچەمێك خوێنی تێدایە."

حاکم نێو چاوانی کرژ کردو گوتی:" بەدبەختە، تەنیا ویستمان کەمێك شۆخیت لەگەڵدابکەین ئەو بەڕاستی زانی."

دەبێ راپۆرتەکەی بنووسم:" بیکەنەوە"

فەرمانی حاکمیان بەڕێوەبرد، کردیانەوە، جەماوەرەکە کەوتنە شوێن ئەسپەکەی و رۆیشتن، فیدرالیستەکان جارێکیتر چالاکی خۆیان نواند.

بەڵێ ئەو رۆژانە قەسابەکان وا بانگەشەیان بۆ فیدرالیست دەکرد بە زۆرو شەق. دیارە شتێك وا بانگەشەی بۆ کرابێت دەبێت هەر وابێت.( ئەوان بەپشتیوانی نەجاتدەری گەورەو پارێزەری برایەتی) هەموو پیاوچاکان و نیشتمانپەروەران و رۆشنبیران و ئازادیخوازەکانیان بەچەقۆکێش و دزو درۆزن دادەناو هەزاران تۆمەت و بەرچەسپیان پێوە دەنا.

لەرووی ئەم چیرۆکەوە ڕووندەبێتەوە کەچەقی کۆبوونەوەکەیان کوشتارگەبوو.

١- alto

٢- plata

٣- Unitarian

٤- Extremadura

٥- may Revolution

٦- casilla

٧- Dona Encarnacion escurra

٨- matasiete

٩- Sietepelos

١٠- Botija

١١- penlope

١٢- Esteban Echeverri Barracas

ژێدەر: کورتە چیرۆکەکانی ئەمریکای لاتین–رووبێرتۆگونسالس ئیچەوریا.




ئێزابێل ئەلێندی

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر– لەندەن

**بیۆگرافییەکی پێویست:**

ئیزابێلّ ئەلێندی لەپیرۆ لەدایکبووە، بۆ چەندین سالّ رۆژنامەوان بووەو لەسالّی ١٩٨١دا دەستی بەنووسینی چیرۆك و فیکشن کردووەو ئاکام گلۆبەلّترین و پڕفرۆشترین رۆمانی (مالّی تارماییەکان)ی بلاوکردەوە کە پاش ئەو بەدوو سالّ (لەمەڕ ئەوین و سێبەرەکان)ی بەدوادا هات کە بەهەمان شێوە سەرکەوتن و پڕفرۆشیی رۆمانەکەی پێشووی قۆستەوە. بێجگە لەمانەش رۆمانی (ئیڤالوونا)، (سەرگوزەشتەکانی ئیڤالوونا) و (پلانی بێ کۆتایی) و چەندینی دیکەیش کە ئاستی شۆرەتەکەیان راگرتووە. ئەلێدی حالّی حازر لەکالیفۆرنیادا زیندەگی بەسەر دەبات.

**دەقی چیرۆکەکە:**

مارییای ساویلکە باوەڕی بەخۆشەویستی هەبوو، ئائەوە ئەو هۆیە بوو کە ئەوی کردبووە ئەفسانەیەکی زیندوو، سەرجەم دراوسێکانی بۆ کفن و دفنکردنی هاتبوون، هەتا پۆلیس و ئەو پیاوە زەلیلە کیۆسکییەیش[1] هاتبوون کە هەرگیز دەستبەرداری کارو

کاسبیەکەی خۆی نەببوو، کالیٚ رییەبلیکا[٢] وەك نیشانەیەك بۆ سووگواری چۆلٚ و هۆلٚ کرابوو شریتی رەش لەباڵەکۆنەکانەوە شۆڕکرابونەوەو گلۆپەسورەی نێوماڵەکانیش کوژێندرابونەوە، هەموو کەسێك چ ژن چ پیاو سەربووردەی خۆیان هەبوو، ئا لەم بارییۆیەیشدا[٣] هەرهەموو تەقریبەن خەفەتبار بوون، سەرگوزەشتەکانی نەدارو کەڵەکەبوونی بێدادی، لەمەڕ هەموو جۆرە توندوتیژییەکەوە، لەمەڕ مەرگی ناوادەی منداڵان و ئەو ئەویندارانەوە کە سەریان هەڵگرتبوو، بەڵام بەسەرهاتەکەی مارییا جوداواز بوو، دەرەوشانەوەی ئەو قەشەنگییەی هەبوو کە باڵی بەخەیاڵ و کەڵکەڵە بەخشیبوو. توانیبووی بەسەربەخۆییەوە ئیشوکارەکانی خۆی بەئەنجام بگەیەنێت، بەوریایی و بەبیٚ هیچ بەرگرییەکیش کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە دەبرد. هەرگیز دەربارەی ئەلکهۆل یاخود ماددە بێهۆشکەرەکان بچووکترین لاپرەسەنی شك نەدەبرد، هەتا بەو دڵنەواییانەیش دڵبەستەنەبوو کە لەلایەن غەیبدرکێن و شانس خوێنەرەوەکانی گەڕەکدا بەپێنج-پێسۆ دەفرۆشران. وادەردەکەوت کە لەو دیوو ئەشکەنجەکانی خواستەوە، لەلایەن زرێی ئەو ئەوینەی کە خۆی ئافراندبووی بەرگری لێکراو بێت. ژنێکی بیٚ ئازاری بچکۆلانەو کورتە بنەی خاوەن رووخسارو خووڕەوشتێکی وردەکارانە بوو، وەلیٚ ئەگەر هەر گەوادێك تەقەلای بدابایە تاکو ئینلسیتی[٤] بکات ئەوا خۆی رواڕووی درندەیەکی هاروهاج دەبینییەوە، کە سەرهەتاپا چڕنوك و کەڵبەی لەسەر پیٚ بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی تێسرەواندن بەتێسرەواندن، هەتا ئەگەر سرەواندن ژیانی ئەویشی مەخسەد بووبێت. فێرببوون کەلێی بگەڕێن و کاریان بەسەریەوە نەبێت. لەکاتێکدا ئافرەتانی دیکە زیندەگی خۆیانیان بەپەردەپۆشکردنی شوێنەواری شینومۆری لێدان لەژێر چەندەها چینە ماکیاجی ئەستووری هەرزانبەهادا بەسەردەبرد، مارییا بەڕێزو ئووداوە، بەشتێك لەهەواو فیزی شاژنێکی شرپۆشەوە بەتەمەندا چووبوو. نە لەشۆرەتی ناوەکەی خۆی و نەیش لەو ئەفسانەیە خەبەردار بوو کە لەدەوروپشتیدا خولقێنرابوو. ئەو سۆزانییە بەساڵدا کەوتووەبوو کە رۆحی کیژۆڵەیەکی هەبوو.

لەیادەوەرییەکانیدا سندوقێکی خوونکارو پیاوێکی رەش-پێست کە بۆنی زەریای لێوە هەڵدەچوو بەبەرجەستەیی شەقڵیان گرتبوو: یەك لەدوای یەك، هاوڕێکانی وردە زانیارییان لەبارەی ژیانی ئەوەوە بەدیاردەخست و بەحەوسەڵەوە پێکەوە دەیان

بەستنەوە، بۆشاییە نەنووسراوەکانیشیان بەفانتازیا تـژی کردبـووەوە، هـەتا ئـەوەی کـە سەرلەنوێ رابردوویەکیان بۆ بنیاد نابووەوە، ئەو سەرومڕ بـەبێ وتـن تێدەپـەڕی کـەوەکو ئافرەتـەکانی دیکـەی ئائەوناوچـەیە نـەبوو. لەدونیایـەکی بەمـەوداو دوورەوە هـاتبوو کـە دونیـای پێـست سـپییان بـوو و زبـانی ئیسپانیایـشی بەکۆنـسۆنتە[٢] زەحمەتـەکان و سەدادانەوەی ئیسپانیاییەوە داخێورا. مارییا بۆ ئـەوە لـەدایکببوو تـا ببێتـە لەیدیـەکی[٣] مەزن، ئەمە ئەوە بوو کە ژنـەکانی دیکـە لەتـەرزی ئاخـاوتنی ئەریستۆکراتیکیانەی ئـەوو هەڵسوکەوتی دانسقەیدا ئەنجامگیرییان بۆ کردبوو، ئەگەر هەر گومانێکیش مابووایە، ئـەوا لەگەڵ مردنەکەیدا رەوێنرابووەوە، ئەو مردو ئابڕومەندییەکەی بەنەسمراوی خۆی مایەوە. رەنج و ئازاری بەبیمارییـەکی دیاریکراوەوە نەکێشا، نەسـڵکردوو بـوو، نـەیش لەمیانـەی گوێچکەکانیەوە پشووی دەدا هەروەکو چۆن مەردوومی رەمەکی کاتێك کـە لەئاوزینگـدان دان دەیدەن، هەر بەتەنیا ئەوەی دەربڕی کە چیدیکە لەتواناپدا نییـە بەرگـەی تاکنـەوایی ژیان بگرێت، باشترین کراسی خۆی پۆشـی، سـووراوێکی کـاڵی لـەلێوەکانی سـاوی و ئـەو پەردە پلاستیکیانەی ئاواڵەکردەوە کە رێگای بەرەو ژوورەکەی خۆی فەراهەم دەکرد، ئـا بەو شێوەیە بێت کە تێیدا هەموو کەسێك لەگەڵیدا بێت.

(وەختی مردنم هاتووە) ئەمە دوا روونکردنەوەی ئەو بوو.

لەجێخەوەکەیدا، کە بەو سێ بالیفە پشتیوانی کرابوو کە بەرگەکانیان بـۆ ئـە وبۆنەیـە نیـشاستاوی کرابـوون هـەڵاژاو، بەیـەك تاقـە جورتـوم هەرچـی چـوکلێتێکی خەسـتی نـاو سوراحیە گەورەکە هەبوو چۆڕبڕی کـرد. ژنـەکانی دیکـەیش قەشمـەرییان پێکـرد، وەلـێ کاتێك چـوار سـەعات دواتـر کـە نـەیانتوانی وەخبـەری بهێننـەوە درکیـان بـەوەکرد کـە بڕیارەکەی یەکجاری بووەو ئەوسا رایانکرد هەتا هەواڵەکە لەسەرانسەری بارییۆکـەدا بـڵاو بکەنەوە. چەند کەسێك بـەهۆی لاپڕەسـەنییەوە هاتنـە دەرێ، بـەڵام زۆربـەیان بەڕاسـتی مەینەتبار بوون و لەوێدا مانەوە هەتاکو لێیەوە نزیك بن، ئاوەڵەکانی قاوەیان دەمدا هـەتا بەمیوانەکانی بدەن، چـونکە بـەوە دەچـوو کـە پێشکەشکردنی لیکۆر[٧] بـەد سـەلیقەیی بگەیـەنێت: نەیاندەویـست کەوەیکەکـە[٨] لەگـەڵ شـایلۆغاندا تێکـەڵ و پێکـەڵ بێـت. لەدەورووبـەری شەشـی ئێـوارەدا، مارییـا راچـەنی، چـاوەکانی داپـچڕاند، بەبێئـەوەی رووخـسارەکان بـەدیبکات تەماشـایەکی دەوروپـشتی خـۆی کـردو کتـوپڕ گیـانی

بەدەستەوەدا، هەرهەموو شتەکە ئەوە بوو، یەکێك ئەوەی پێشنیازکرد کە دەشێت لەگەڵ چوکلێتەکەدا ژەهری قــووت دابێت، کـە بـەو پێیـەش هـەر هـەموویان تاوانبـار دەبـن کـە لەکاتی پێویستدا بۆ نەخۆشخانەیان نەبردووە، بەڵام هیچ کەسێك ئەوەنـدە بایـەخی بـەو جۆرە بۆچوونە تۆمەتئامێزانە نەدا.

(ئەگـەر مارییـا قـەراری بەجێهێـشتنی ئـەم جیهانـەی دابێـت، ئـەوا لەهـەقی خـۆی دەرنەچووە، چونکە نەمنداڵ و نـەباوك و دایکـی هـەبوو هـەتا ئاگـای لێیـان بێـت)، ئەمـە داوەریی مەدامی هاوسەکە[٩] بوو.

ئاواڵەکانی مارییا نەیانویست لەنێو دەزگای کفن و دفنکردنـدا بیبیـنن، چـونکە مردنـە دەست ئەنقەسـتە ئاسـوودەکەی بـۆ کـالیَ ریپـەبلیکا پێـشهاتێکی هەیبـەتئامێز بـوو هـەر ئەوەیش بەجێ بوو کە بەرلەوەی بۆ نێو خاك شۆڕبکرێتەوە دواهەمین سـەعاتەکانی خـۆی لەو شوێنەدا بەسەرببات کە تێیدا ژیا نەك وەکو ئەو غەوارەیەی کە هیچ کەسێك نایـەوێت بۆی ماتەمزەدە بێت. راو بۆچوونێکی هەمەچەشنەیش لەبارەی ئەوەوە هەبوو کـە ئەگـەر لەهاوسەکەدا وەیکێك بەرپا بکرێت داخـۆ بەدبـەختی بـۆ رۆحـە کۆچـکردووەکە دەهێنێت یاخود بۆ رۆحی مەعمیلەکانی هاوسەکە، یاخود، لەو حاڵەتەدا، دەبوو ئاوێنەیەك بـشکێنن و پارچەکانی لەدەورووبەری تەرمەکـەدا دابنـێن یـان لەچاپڵەکەی[١٠] سـێمیناریۆ [١١] و بـۆ ئاوڕشێنکردنی سـووچ و قوژبنـەکان ئـاوی پـیرۆز بهێـنن. ئـەو شـەوە هـیچ کەسێك کـاری نەدەکرد، لەوێـدا نـەمووزیك هـەبوو نـە پێکـەنین، هـەتا گریـانیش نـەبوو، تابووەتەکـەیان لەسەر مێزێکی نێو ساڵۆنەکەدا رۆنا، هەموو داراوسێکان بەقـەرز ئەسـکەمیلیان بـۆ ئـەوێ هێناو، ئالەوێدا بوو کە هاتووەکان بەئاسـوودەیی رۆنیـشتن و قاوەیـان فڕکـردو بـەدەنگی لەسەرەخۆ داخێوان. مارییا لەسێنتەردا راکشابوو، سـەری لەسـەر کۆشـەیەکی سـاتندا[١٢] ئۆقرەی گرتبـوو، دەسـتەکانی لەسـەریکدا دانرابـوون و فۆتـۆگرافی منداڵـە مردووەکـەیش لەسەر سینەیدا بوو، بەدرێژایی رابووردنی شەو پێستەکەی رەنگی گۆڕا هەتا بەوێنەی ئەو چوکلێتەی کە خواردبوویەوە تاریك و نووتەك هەڵگەڕا.

مـن لەمیانـەی ئـەو سـەعاتە دوورودرێژانـەوە کـە لەدەورووبـەری دارەبازەکەیـدا دانیشتبووین لەبارەی سەربهوردەیەکەی مارییاوە خەبـەرداربووم، هاوکارەکـانی ئـەوەیان پێڕاگەیانـدن کـە لەدەورووبـەری ئانوسـاتی جەنگـە مەزنەکـەدا لەهـەرێمێکی باشـووریدا

لـەدایکبوو کـە دەرەختـەکانی لەناوەنـدی سـاڵدا گـەڵاکانیان لەدەسـت دەداو سـەرمایش دادەچۆڕایە نێو ئێسکەکانەوە. کچی خانەوادەیەکی ئیسپانیایی پەناهەنـدەی سـەر بـەرز بوو. کاتێك کە بەژوورەکەیدا سەنگ و سـووڕیان کـرد لـەنێو قتوویـەکی پـسکیتدا چـەردە رووپەڕێکی زەردهەڵگەڕاوی داڕزاویان دۆزییەوە، لەمابەینیاندا بەڵگەنامەیەکی لـەدایکبوون و هەنـدێك فۆتـۆگراف و مـەکتووبیش هـەبوون. بـاوکی سـاحێبی هاسـییەندایەك[١٣] بـوو، بەگوێرەی فایلەگیرەی رۆژنامەکان[١٤] کە پێبەپێی تێپەڕینی گاڤ لەکەدار ببوو، بەرلـەوەی شـووبکات دایکـی پیـانۆژەن ببـوو، کاتێـك کـە ماریـیـا دوازدە سـاڵان بـوو، کـە بەسەرگەردانییەوە بەسەر ڕێگوزەری هیڵی ئاسـندا رەتـدەبوو، لەلایـەن شـەمەندەفەرێکی بارگواستنەوەوە لێدرابوو. لـەنێوان هێڵـە ئاسـنەکانەوە هـەڵگیرابوو، بـەوە نەچـووبوو کـە زیانی پێکەوتبێت، هەر تەنیا چەند روشانێکی پێوە بوو هەروەها کلێتەکەیشی ونکردبـوو. لەگەڵ هەموو ئەمەیشدا، هەرزوو روون بووەوە، کە پێکەوتەکە کیژەکەی بۆ نێو ئەو حـاڵ و بارە بەرائەتئامێزە گواستبووەوە کە هەرگیز جـارێکی دی لێیـەوە نەدەگەڕایـەوە ئیـدی هەتا فرەترین بنچینەکانی فێربـوونی[١٥] بـەر لەپێشهاتەکەی بیرچـووبوەوە، بەزەحمـەت وانەکانی پیانۆی خۆی دەهاتەوە یاد یاخود چۆن چۆنی دەرزی تەتریز[١٦] بەکاربهێنێت و، کاتێکیش هەر یـەکێك لەگەڵیـدا دوابایـە وەکـو ئـەوە وابـوو کـە ئـەو لەوێندەرێـدا نـەبێت. بەکونتراستیش[١٧]، ئـەوەی کـە هـەرگیز لـەیادی نـەکردبوو نەزاکـەت و ماریفـەت بـوو کـە هەتاوەکو رۆژی مردنی هەروەکو خۆی بە نەسمراوی هێشتبوویەوە.

پاش ئەوەی کە لەلایەن ئەو لۆکۆمۆتیڤەوە[١٨] لێیدرابوو، ماریـا توانای ئەندێشەکردنی نەبوو، فەرامۆشکارو لەڕقەبەرایەتی خـاڵیی بـوو. لەڕاستیـشدا، بـۆ بـەختیاربوون بەباشـی پڕچەك بوو، بەڵام شادمەندیی نەدەبووایە قەدەری ئەو بێت، کاتێك کە شازدە ساڵان بـوو باوانی، ئارەزوو مەند هەتا بەرپرسیارێتی کیژە تاڕادەیەك کەودەنەکەیان بەسـەر یـەکێکی دیدا دابدەن، بڕیاریان دا کە بەرلەوەی قەشەنگییەکەی بڕاکێت بـەمێردی بـدەن. بـۆ ئـەو مەبەستەیش دکتۆر گویڤارایان[١٩] هەڵبـژارد، کـە پیـاوێکی خانەنـشینی تۆزقاڵێـك لـەباری زەواجکردن بوو، بەڵام ئەو پیاوە بوو کە پارەیان پێقەرزدار بـوو نەیـشی دەتـوانی کاتێـك کـە ئـەوان پێـشنیاری ئـەو ویـساڵەیان کـرد رەتیبکاتـەوە. هەرهـەمان ئـەو سـاڵەیش

گۆوەندەکە خۆبەخۆو تایبەتمەند بەرپاکرابوو، کە هەر شاسیتەی بووکێکی شرپشێت و زاوایەکی چەند دەیەیەك لەخۆی گەورەتر بوو.

مارییا لەگەڵ ئەوەشدا کە بەژن و باڵای پێگەییوو وەکو هینی ژنێك وابوو، کەچی بەئاوەزێکی منداڵانەوە هاتبووە نێو جێخەوی زەواجەوە. شەمەندەفەرەکە لاپڕەسەنیە زگماکەکەی ئەوی لەناوبردبوو، بەڵام بێسەبرو قەراریی هەستەکانی نوغرۆ نەکردبوو. هەموو ئەوەی کە دەیزانی ئەوانەبوو کە لەئاژەڵەکانی هاسییەنداکەی ماڵی باوانیدا دیبووی، دەیزانی کە ئاوی سارد بۆ جیاکردنەوەی ئەو سەگانە باشە کە پاش جوتبوون نەیاندەتوانی لێکدی ببنەوە، ئەوەیش کە ئەو کاتەی کەڵەشێر پەڕەکانی خۆی پڤدەداو دەقووقێنێ کە بیەوێت بەسەر مریشکێکدا بتسێ، وەلێ هیچ مەبەستێکی سوودبەخشی بۆ ئەو فاکتانە نەدۆزیبووەوە. لەشەوی گواستنەوەیدا، لەپیاوێکی باساڵداچووی هەڵەرزیووی هەڵدەڕوانی کە بەڕۆبە حەمامییە فلانێلە[٢٠] شەکاوەکەی خۆی و شتێکی هەڵنەساوی خوار ناوکییەوە بەرەو پیری دەڕۆیشت. خافڵگیریی[٢١] حاڵوباری گرفتێکی[٢٢] وای بەسەردا هێنابوو کەزۆر شەرمنتربوو لەوەی لێیەوە بدوێت، کاتێکیش کە بەوێنەی باڵۆن کەوتبووە هەڵئاوسان و بووتڵێك ئاگوادی لامارگەیتتای[٢٣] تەواوی هەڵنۆشی بوو، کە تۆنیکێکی ئەنتی – سکرۆفیولا[٢٤] بوو کە وەکو ڕەوانکەر[٢٥] بەبڕێکی زۆر گەورە بەکاردەبراو، ئەوسایش بەدانیشتن لەسەر چامبەر پۆتێکدا[٢٦] بیست و دوو ڕۆژی بەسەر بردبوو، بەو چەشنە ئەوەی پووچەڵکردبووەوە کە هێندەی نەمابوو چەندین ئۆرگانی گرنگی لەکیس بدات. هەتا ئەو ناسۆرەیش، بەهەرحاڵ، ئەو کاریگەرییەی نەبوو کەفسی بکاتەوە. زۆر زوو وایلێهات کە نەیدەتوانی دووگمەی جلەکانی دابخات و لەئانوساتی لوواوی خۆیشیدا، کۆرپەڵەیەکی زەردفلی نێرینەی هێنابووە دونیاوە. پاش مانگێك لەنێو پێخەفدا مانەوەو هەموو ڕۆژێك خواردنەوەی مریشکاو و دوو لیترە شیر، بەهێزترو گەشتر لەهەموو کاتێکی تری ژیانی هەستابووەوە. وێشدەچوو کە لەخەوگەرییە بەردەوامییەکەی[٢٧] خۆی چاك بووبێتەوەو هەتا ماڤی ئەوەیشی هەبوو کە هەندێك پۆشاکی جوان و قەشەنگ بۆ خۆی بکڕێت، ئەو وانەبوو، بەهەرحاڵ، کەفرسەتی نیشاندان و دەرخستنی کەنتۆرە نوێیەکەی خۆی هەبێت، چونکە مێردە دوکتۆرەکەی دووچاری سترۆکێکی[٢٨] کتوپڕ هات و لەژووری نانخواردندا لەکاتێکدا مرد کە کەوچکی شۆربا

بەدەستیەوە بوو، مارییا خۆی بەپۆشاکی عەزاداری و شـەپقەی ڕۆپۆشـدار بەخـشی، وای هەستکرد کە لەنێو گۆڕە جلوبەرگێکدا نێژراوە. بەڕەشپۆشی دووسالْی بوارد، یەلـەکی بـۆ نــەداران دەچــنی، یــاری لەگــەلْ لاپ–دۆگــەکانی[٢٩] و کوڕەکەیــدا دەکــرد، کــەوەکو کیژۆڵەیەکی خشپیلانەی پرچ درێژی لوول جلی لەبەرکردبوو –هەروەك ئەوەی کە لەیەکێك لەفۆتۆگرافـە دۆزراوەکـانی نێـو قتـووە پـسکیتەکەدا دەردەکـەوت، کەلەسـەر بەڕەیـەکی ورچەپێستی ژێردرەوشانەوەی تیشکێکی سوپەر ناتۆڕاڵدا[٣٠] بەدانیشتوویی دەبینـرا. بـۆ بێوەژنەکــە، گــاڤ لەهەنووکەیــەکی جاویدانــدا بەســتبوی، بــەوە دەچــوو کــە هــەوای ژوورەکەیشی وەکو خۆی مابێتەوە، هێشتایش هەر بەبەرامەی بۆگەنی مێردەکـەی چـڕوپڕ بوو. لەهەمان خانوو سەرومڕیی بەهەڵکردن دابوو، لەلایەن خزمەتکاری بەوەفاوە خزمـەت دەکراو لەنزیکیـشەوە لەلایـەن بـاوان و براکانییـەوە چـاودێریدەکرا، کـە ڕۆژانـە بۆئـەوەی سەرپەرشتی خەرجییەکانی بکەن و هەتاکو بـچووکترین قەرارگیرییەکانیـشی بـۆ وەربگـرن بەنۆرە سەردانیان دەکرد. وەرزەکان رابووردن، گەڵای دارەکانی نێو باخـچەکە هـەڵوەرین و هەمینگ بێردەکانی[٣١] هاوین جارێکی دی پەیدا بوونەوە بەبێئەوەی لەڕۆتینەکەی ئەودا هـیچ گۆڕانکارییـەك هـەبێت. هەنـدێجار لەڕەشپۆشـی خـۆی سەرسـام دەبـوو، چـونکە بەتەواوەتی ئەو مێردە داهێزراوەی لەبیرکردبوو کە کەڕەتێك یـاخود دوو کـەڕەت لـەنێو بــەینی چەرچــەفە کەتانییەکانــدا بەبێتاقەتییــەوە ئامبــازی بــوو، دواســاتیش، لەبــەر مەیلوزەوقەکـەی کـەیلی پـەژیوانی ببـووە، خۆیـشی فرێـدابووە بـەر پێـی مادۆنـاو[٣٢] بەقامچییەك خۆی قامچیژەن کردبـوو، جاربـەجارێکیش ئارمووایدەکـەی[٣٣] وازدەکـردەوە هەتا عەزیـەجوان و قەشـەنگەکانی خـۆی ڕێکبخاتـەوە، نەیدەتوانی بەرگـەی ئیغراگـرتنی وەلانـانی پۆشـاکە رەشـەکانی بگرێـت و کراسـە بەگەورەهـەر رازاوەکـانی[٣٤] و شانپۆشـە فەروەکانی[٣٥] و نەعلە ئاتنەکانی[٣٦] و دەستکێشە کاریلەییەکانی[٣٧] نهێنی ئامێزانە پەراوە نەکات. لەنێو سێ لاییەی ئاوێنەکەدا لەخۆی رادەماو بەئافرەتێك درووەی دەگووت کە بـۆ بال[٣٨] خۆی گۆڕیبوو، ئەو ئافرەتەی کە ئەو پەی بـەوە بردبـوو کـە گـەلێك دژوارە خـۆی تیادا بناسێتەوە.

دوای دوو سالْ لەگۆشە پەرێزیی، ئیدی دەنگی ئەو خوێنەی کە بەسەرتاسەری گیانیدا بەخێرایی رەوتی دەکرد تەحـەموول ناپـەزیربوو. یەکشەممان، لەبـەردەگای کلێـسەکەدا،

رادەوەستا بۆئەوەی لەو زەلامانە رابمێنێت کە تێدەپەڕین، بەسەدای زلوقەبەی دەنگەکانیان، بەڕوومەتە تازە –تراشکراوەکان و، بەبۆنی تۆ باکۆکانیان[٣٩] شیفتە بوو. بەمەلاسەوە، رووپۆشەکەی هەڵدەدایەوەو زەردەخەنەی دەکرد. هێندەی پێنەچوو باوکی و براکانی ئەم هەڵسوکەوتەیان تێبینی کردو، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە خاکی ئەمریکا هەتا ماقوولێتی بێوەژنەکانیشی گەندەڵ کردووەو، لەمەحفەلی خانەوادەکەدا بڕیاریاندا کە مارییا بنێرن بۆئەوەی کە لەئیسپانیادا لەگەڵ پوورو خاڵێکیدا بژێت، لەوێندەردا، گومانهەڵنەگرانە، لەلایەن ترادیسۆنە تۆکمەو سفتەکان و هەژموونی کڵێسەوە پارێزراو دەبێت و لەئیغرا بێهوودەکانیش متمانەدار دەبێت. جابۆیە ئەو سەفەرە دەستی پێکرد کە دەبوایە سەرنوێشتی مارییای ساویلکە وەرچەرخێنی.

دایکی و باوکی، هاودەم لەگەڵ کوڕەکەی و کارەکەرێك و لاپدۆگەکانی، لەسەر کەشتییەکی هەڵمیی ترانز ئاتلانتیکدا[٤٠] بەدەرقەیاندا، لەگەڵ کەڵەکەی جانتاکانیشیداو سەرباری مۆبیلیای ژووری خەوتنەکەی و پیانۆکەیشی، ئەو مانگایەیشی پێبوو کە بەشەتەك دراوی برابوو بۆئەوەی شیری تازە بۆ منداڵەکە فەراهەم بکات، لەمیان ئەو چەندەها باوڵ و قتووەی کڵاو و شەپقەکانیشیدا، هەروەها سنووقێکی مێخدارو بەبرۆنز رازاوەی زەبەلاحی هێنابوو کە بریتیبوو لەو کراسانەی بال کە لەمۆتبالەکان[٤١] دەربازی کردبوون. خانەوادەکەی لەو باوەڕدا نەبوون کە مارییا لەماڵەکەی پوورو خاڵیدا هیچ فرسەتێکی پۆشینیان هەبێت، وەلێ نەیانویستبوو بەرهەڵستی بکەن. سێ رۆژەکەی سەرەتا، سەری لەخوەتنگاگەی خۆیەوە بڵند نەکردبووەوە، دڵتێکهەڵاتن بەسەریدا زاڵببوو، بەڵام پاشتر ئیدی بەبەرزو نزمبوونەوەی کەشتییەکە راهاتبوو توانیبووی لەپێخەفەکەوە بێتە دەرێ، بانگی کوڵفەتەکەی خۆی کردبوو هەتا بۆ پەڕینەوەی درێژخایەن لەدەرهێنانی جلوبەرگەکانیدا کۆمەکی بکات.

زیدەگی مارییا بەبەدبەختییە ناکاوەکان نیشانەکرابوو، وەکو ئەو شەمەندەفەرەی کە ئاوەزی زەوتکردو بەرەو پاشەوە تووڕی هەڵدایە نێو منالییەکی گۆڕان ناپەزیر، کاتێك کە کوڕەکەی دەینۆڕییە نێو سنووقە ئاوەلاکەوە ئەو خەریکی ئەوە بوو کە جلوبەرگەکانی خۆی لەنێو دۆلابی ژوورۆچکەکەدا رێکبخات. ئا لەو چرکەساتەدا کەشتییەکە بەلاداهات و قەپاخە قوورسە لێوار مێتاڵینەکەیشی بەمەحکەمی داخراو ئەستۆی منالەکەی هورد کرد.

پێداویستی بەسێ دەریاوانی بەهێز هەبوو بۆئەوەی دایکەکە لەسنوقە نەفرەتاوییەکە دابڕن و پێویستی بەدۆزێکی لۆودانەمی[٤٢] هێند کاریگەریش هەبوو کە وەرزشکارێکی بدایە بەعەرزا هەتاکو بەربەستی بکات لەدەرکێشانی پرچەکەی و داماڵینی چرچاوی خۆی بەچرنووك. بۆ چەندین کاژمێر ناڵاندی و ئەنجا کەوتە نێو بێهۆشییەکی کزەوە، لەلایەکەوە بەرەو لایەکەی تر ساتمەی دەدا هەروەك چۆن لەو رۆژگارانەدا لەتری خواردبوو کە شۆرەتی گەمژەیەکی وەدەست هێنابوو. کاپتنی کەشتییەکە لەبڵندگۆکەوە هەواڵی ئەو بەدشانسییەی بڵاوکردەوە، دوعاو نزایەکی کورتی بۆ مردوەکە خوێندەوەو ئەودەم فرمانی دا کە لاشە بچکۆلانەکە بەبەیداخێك بپێچرێتەوەو لەلاوە شۆڕبکرێتەوە، چونکە لەنێوەڕاستی ئۆقیانووسدا بوون و هیچ رێیەکیش نەبوو کە هەتاکو دەگەنە بەندەرەکەی دواتر جەستەکە بپارێزێت.

پاش کارەساتەکە بەچەندین رۆژ، مارییا بۆ هەڵمژینی هەوا بەهەنگاوی لەرزۆکەوە بۆ یەکەمینجار لەسەر رووگەکەدا دەرکەوت. شەوێکی گەرمبوو، ئەو بەرامە ناجێگیرەی گژوگیای دەریایی و شێڵفیش[٤٣] و کەشتییە غەرقبووەکان کە لەئۆقیانووسەکەوە هەڵدەستا، چوونە ناواخنی کوونەکانی لوتییەوەو بەکاریگەریی زەمین لەرزەیەکەوە لەسەرانسەری دەمارەکانیدا رەوتیان کرد. درکی بەوەکرد کە لەئاسۆ راماوە، ئاوەزی رەجال و خاڵییەو پێستەکەیشی هەر لەپاژنەکانییەوە هەتاکو بێخی گەردنی مووچڕکەی دەهاتێ، کاتێ کە گوێی لەفیکەیەکی پەیگیربوو، نیمچە وەرچەرخاو دوو عەرشە لەخوارەوەتردا لەنێو رۆشنایی مانگدا شەبەنگێکی نووتەکی دیت ئیشارەی بۆ دەکرد.

بەسەرگەشتەیی لەپلیکانەکانەوە هاتەخوارێ و بەرەو ئەو پیاوە رەشپێستەی کە بانگی دەکرد هەنگاوی هەڵنا، ملکەچانە لێیگەڕا رووپۆشە رەشەکان و پۆشاکە دەڵبەکانی داماڵێت و لەو دیو لوولەیەکی گەورەی گوریسەوە کەوتە دوای. بەهۆی پێکەوتێکەوە داغان کرابوو کە وەك ئەوەی شەمەندەفەرەکە نائاسایی نەبوو، لەکەمتر لەسێ خولەکدا جیاوازی میان مێردێکی باساڵچووی بەلەخوا ترسیی سەرکووتکراوو کەشتییەوانێکی گریکی تێربوون ناپەزیر کە لەسۆنگەی مەگێرانییەکەوە داگیرسابوو کە لەچەندین حەوتووی پاڵداوێنی نێو ئۆقیانووسییەوە لەدایکببوو. بەسەراسیمەیی، مارییا پەی بەقابیلیەتی خۆی برد، سروشکەکانی سڕییەوەو، دەرخواستی هینی زیاتری کرد. بەتڵێکی باشی شەویان لەبەئاشنابووین یەکتریدا بەسەر بردو، ئەوکاتە لێکترازان کە گوێبیستی ئاژیری خەتەرناکیی کەستییەکە بوون، تەقینەوەیەکی وەحشەتناکبوو بۆ ئەو (پیاوەی

سەربۆردەکە)[٤٤] کە بێدەنگی ماسییەکانی دەهەژاند. وایدەزانی کە ئەو دایکە خەفەتبارە خۆی هاویشتبووە نێو دەریاوە، کارەکەرەکە هوشدارییەکەی بڵاوکردەوەو هەر هەموو تاقمی کەشتییەوانەکانیش، تەنها کەشتییەوانە گریکەکەی لێدەچێت، بەدوایدا دەگەڕان.

مارییا هەموو شەوێك لەپاڵ کڵافەی گوریسەکانەوە بەدڵبەندەکەی دەگەیشت و هەتاکو کەشتییەکە لەنزیك ڕۆخەکانی کاریبییەوە کەشتیرانی کرد بوو کە لەو شوێنەدا شنەبا ئەو بەرامە شیرینەی میوەو گوڵەکانی هەڵگرتبوو کەبۆسەر هەستەکانی ئەو دواهەمین پەلامار بوو. ئەو پێشنیارەی دۆستەکەی قبوول کرد کە لەو شوێنەدا کەشتییەکە جێبهێڵن کە تارمایی منداڵە مردووەکەی تێدا سەرگەردانەو لەو جێگایەشدا کە بۆچەندین دیدەی چاودێریکەر سێرە بوو، پارەی خەرجی گەشتەکەی ئاخنییە توێی ژێرکراسەکەی و ماڵئاوایی لەڕابردوویەکی ئابڕومەند کرد. لەدەمەدەمی گزنگدا قەیاخێکی دەربازبوونیان شۆڕکردەوەو پێواربوون، خزمەتکارەکەو سەگەکان و چێڵەکەو سنووقە خوونکارەکەیان بەدووی خۆدا بەجێهێشت، پیاوەکە بەبازووە پتەوو ئەستوورە کەشتییەوانییەکانییەوە بەرەو ئەو بەندەرە سەرسوڕهێنەرە سەوڵی لێدا کە لەبەر ڕۆشنایی سپێدەدا چەشنی خەیاڵی دونیایەکی دیکە، کۆمەڵە کۆلیتێك، کۆمەڵە دارخورمایەك و کۆمەڵە باڵندەیەکی ڕەنگ درەوشاوە، لەبەر چاوەکانیاندا پەیدا ببوو، هەردوو هەڵاتووەکان بڕیاری ئەوەیاندا کە تا ئەو کاتەی پاشەکەوتەکەیان بەشدەکات لەوێدا بمێننەوە.

کەشتییەوانەکە، وادەرکەوت کە ئاژاوەچی و ئەڵکهۆلین بوو، چ لەگەڵ مارییاداو چ لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکەدا بەزووبانێکی پەردەپۆش دەدوا، لەگەڵ ئەوەیشدا توانیبووی لەمیانەی ڕوو پێکدادان و زەردەخەنەوە کۆمیونیکاسیۆن بەرقەراربکات، مارییا تەنیا ئەوکاتە بەتەواوەتی لەوە بەئاگابووەوە کە ئەو بۆ ئەوە خۆی نومایان کردبوو هەتا ئەو ئەکرۆباتیکیانەی لەگەڵدا پراکتیزە بکات کە هەر لەقەحپەخانەکانی سینگاپۆرەوە هەتا ڤالپەڕایزۆ[٤٥] فێریان ببوو، ئەو دوای وەختەکە لەلایەن سستی و بێحاڵییەکی کوشندەوە کە سیرەکراو هەڵاژابوو، لەنێو ئارەقەی تڕۆپیکەڵدا[٤٦] حەمامکردو، بەبێ هاودەمەکەی خۆیشی ئەو ژنە خۆشەویستی دۆزیبووەوە، تاقوتەنیا وێرابووی بەبێباکی کەسێکەوە کە ریسەکەکانی نەدەزانی ڕۆبچێتە نێو سەرزەمینە وەهمئەنگێزەکانەوە. پیاوە گریکەکە هێندە درك پێکردنی شکنەدەبرد هەتا قەدرلێنانی بۆ ئەوە هەبێت کە ئەو خۆی دەروازەی سێڵاوێکی کردبووەوە، کە هەتاکو ئەو خۆیشی تاقەئامێری کەشفکردنی

بوو، یاخود ئەوەی کە ناتەوان بوو ئەو خەڵاتە هەڵسەنگێنێت کە ئەم ژنە پێی بەخشیبوو، ئەو هاوشان لەگەڵ خۆیدا مەخلوقێکی شکدەبرد کە لەنێو خافڵگیریی بەرائەتێکی رووشان هەڵنـەگردا ئاوقـاببوو، ئافرەتێـك کەبەهـەموو گەمەبازییـەکانی تووتەڵەیەکـەوە خـۆی بـۆ کەشفکردنی هەستەکانی تەرخانکردبوو، وەلێ پیاوەکە نەیدەزانی کـە چـۆن لەگەمـەکانی ئەو خۆیدا دوای بکەوێت. بەر لەو، هەرگیز سەرگەرمیی کەیفوسەفاکردنی نەزانیبوو، هـەتا لەگەڵ ئەوەیشدا کەهەردەم وەکو میکرۆبی تایەکی تونـدو تیـژ لەوێـدا لـەنێو خوێنەکەیـدا بوو وێنایشی نەکردبوو، کاتێك کەپەی بەو کەیفخۆشییە برد، لەو بۆچوونەدا بوو کـە ئـەوە بەخششێ بوو لـەو ئاسمانـەی نێـو دونیایـەوە کـە راهیبـەی نێـو قوتابخانەکـەی گفتئاسـا بەکیژۆڵـە باشـەکانیان دەدا. تەقریبـەن هـیچ شـتێکی لـەبارەی جیهانـەوە نـەدەزانی و تاتوانـای ئەوەیـشی نـەبوو کـە لەنەخـشەیەك بکۆڵێتـەوە بۆئـەوەی لەسـەر گـۆی ئـەم هەسارەیەدا جێگای خۆی بزانێت، بەڵام کاتێك کە هیبیسکۆس[٤٧] و تووتیەکانی بـەدیکرد لەوەخاتر جەم بوو کە لەبەهەشتدایەو خۆی بۆ خۆشگوزەرانییەکەی نێوی فەراهـەم کـرد. کـەس لەوێنـدەر نەیدەناسـیێ، بـۆ هــەوەڵین جـار بـوو کـە دوور لەوڵاتەکــەی، دوور لەسەرپەرشـتکاریی لــەدەربازبوون بــەدەری بـاوك و دایـك و براکـان، دوور لەفـشارە کۆمەڵایەتییەکان و رووپۆشەکانی کـاتی مـاس[٤٨] هەسـتی بەئاسوودەیی کـرد، لەئاکامـدا رەهابوو تا بۆن و بەرامە بەو لافاوی هەستەوەرییانە بدات کە لەسەر پێستەکەیدا سـەریان هەڵدا بـوو لەمیانـەی سـەرجەم کونیلەکانیـشییەوە بـۆ ناخانـەترینی قووڵاییـەکانی نوقـوم ببوون، کـە تێیـدا لـەو هەوشـارە بەهـەیاو هۆیانـەدا تووڕهەڵـدراوو پـەرتوبڵاوکراو بـوو کـە بەداهێنراوی و کەیفسازییەوە بەجێیانهێشت.

پاش سەروەختێك، بەهەرحاڵ، بێکینـەوەری مارییـاو، کەمتەرخەمنـەبوونی بـەگوناه و شەرمەزاری و ریسوایی، کەشتییەوانەکەی تۆقاند، ماوەی میان جووتبوونەکانی ئەو پیاوە درێژترو ونبوونەکانیشی سەرومڕتر بوونەوەو بێدەنگیەکیش لەنێوانیاندا گەشـونمای کـرد، پیاوە گریکەکە مگێزی ئەوەی دەکرد کە لەو ئافرەتـە تـەڕوبڕ هەڵئاوساوو بەجۆشوخرۆشـە هەبێت کە دەموچاوی ئەو مندالەی هەبوو کە بەبێ هەڵوەستە داوای دەکرد، وای باوەڕبوو ئەو بێوەژنەی کە ئەو لەپانتایی دەریادا فریووی دابوو ببووە ئەو جاڵجاڵۆکە ریزپـەڕەی کە لەنێو پێخەوە جەنجاڵئامێزەکەی خۆیاندا چوون مەگەزێکی بێدیفاع لووشی دەدا. بێهودە، بەهەڵوسوکەوتکردن لەگەڵ سۆزانییەکاندا، بەشەڕەچەقۆو شـەڕە مـستەکۆڵەکردن لەگـەڵ گەوادەکان و بـەگرەوکردن لەسـەر شـەڕە کەڵەشێردا بەهەرچییەك کـە لەخەرجییەکەیـدا

مابووەوە عەودالی دامرکاندنەوەی پیاوەتییە هەڕەشەلێکراوەکەی خۆی بوو. کاتێك کە بەگیرفانی بەتاڵەوە خۆی دیت، پۆزشی بۆ بزربوونی یەکجارەکی دەستەبەرکردبوو. بۆچەندین حەوتوو، مارییا بەسەبوورییەوە چاوەڕوانی کرد. لەڕادیۆوە، جارناجارێك، گوێبیستی ئەوە دەبوو کە ئەو کەشتییەوانە فەڕەنساوییەی کە لەکەشتییەکی بەریتانیایی جێهێڵرابوو، یاخود ئەو دۆچمانەی[٤٩] کە لەناوگانێکی[٥٠] پۆرتوگالییەوە هەڵهاتبوو، لەبارییۆ ناهەموارەکانی زێواری لەنگەرگاکەدا چەقۆ کوژکرابوو، بەبێ هەست و خوستکردن گوێی رادێرابوو، چونکە چاوەڕێی ئەو گریکەی دەکرد کە خۆی لەکرووزەرێکی[٥١] ئیتاڵیاییەوە هەڵدابوو. کاتێك کە گەرمایی نێو ئێسکەکانی و پشێوی نێو رۆحەکەی لەبەرگەگرتن ترازابوون، چووە دەرەوە بۆ ئەوەی لەیەکەم پیاوی رابردوو بەو ناوەدا دڵنەوایی سەنگوسووژبکات. دەستی پیاوەکەی گرت و بەخۆشرەفتارانەترین و پەرۆش دیدەترین شێوازی لێی پرسی کە ئاخۆ دەتوانێت بەداماڵینی جلوبەرگەکانی خۆی خزمەتێکی بۆ بەئەنجام بگەیەنێت.کابرا بێگانەکە بۆچرکەساتێك بەو ئافرەتەلاوەی کەوا بەهیچ کلۆجێك بە پیشەکارانی گەرەکەکە هاوچوون نەبوو نیگەرانو سەرگەشتە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیارەکەی، وێرای شێوەی نائاسایی دەستەواژەکرانەکەی، گەلێك روونو ئاشکرابوو، وایدانا کە دەتوانێت بۆ دە دەقیقە لەگەڵ ئەودا خۆی سەرگەرم بکات، دوای کەوت، بەبێ ئەوەی هەرگیز لەوە بەگومانبێت کەوا بە نوقمی لەنێو گەرداوی عەشقێکی پاکوبێگەردا خۆی دەبینیەوە. سەرسامو وروژاو، هەندێك پارەی لەسەر مێزەکەی مارییادا بەجێهێشتو رۆیشت تا بەهەموو ناسیارانی رابگەیەنێت. هەر زوو بەزوو پیاوانی دیکە هاتن، بەو دەمگۆیانە پڕکێش کرابوون کە ئافرەتێك لەوێدا بوو لەتوانایدا هەبوو، هەتاکو ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، وەهمی خۆشەویستی بفرۆشێت، هەر هەموو مەعمیلەکانی رەزامەندو خۆشنود بوون. ئا بەو شێوەیەیش لەمارییا لەبەندەرەکەدا بوو بەبەشۆرەتریت سۆزانی. کەشتییەوانەکانیش ناوەکەیان لەسەر باسکی خۆیاندا بەخاڵ کوتی و سەرهاتەکەیشیان لەسەر دەریاکانی دیکەدا گێڕایەوە، هەتاکو ئەفسانەکە بەهەموو زەمیندا بڵاوبووەوە.

وەخت و نەبوونی گوشاری بەرپەرچدانەوەی دڵساردی تەڕو تازەیی مارییایان لەبەین برد، چڕوچارەی کزو رەنگپەڕیوو هەڵگەڕا، بێجگە لەپێست و ئێسقان ئیدی هیچی تر نەبوو، بۆ کارئاسانییەکی مەزنتریش پرچی وەکو هینی بەندراوێك کورتبڕکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا رەفتارە پەسندەکان و ئارەزوومەندێتییەکەی بۆ هەموو پێك گەیشتنێکی

تازەی لەگەڵ پیاوێکدا وەك خۆی هێشتەوە، هەرگیز وەکو شتێکی ناشوناس نەیبینین، بەڵکو تەنیا خۆبیرکردنەوەی ئەوە نەبێت کەخۆی لەنێو باوەشی عاشقە خەیاڵییەکەیدا ببینێتەوە. بەرەنگاربوو لەلایەن ریاڵیتیەوە، درکی بەو پافشاریە نەفرەتئەنگێزەی هاوسەرە کاتییەکەی خۆی نەدەکرد، چونکە بەهەر یەکێك لەوانە ئەو بەهەمان خۆشەویستی سازش ناپەزیرەوە خۆی دەدایە دەستەوە، چەشنی بووکێکی بێپەروایش، پێشبینی تاسەکانی خەڵکانی تری دەکرد، پێبەپێی بەساڵداگەڕانیش یادەوەری خراپتر ببوو، هەندێجار قسەی هەلەق و مەلەقیشی دەکردو ئەو کاتەیش کە بەرەو پایتەخت باری کردو لەکاڵێ ریپەبلیکادا دووکانی رۆنا، ئیدی چیتر وەبیری نەدەهاتەوە کە جارێك لەجاران ئەو چاوگەی ئیلهامی ئەو شیعرانە بوو کە لەلایەن دەریاوانی هەموو میللەتەکانەوە هۆنرابوونەوە سەرسامیش بوو کاتێك کە یەکێك لەلەنگەرگاوە هەتاکو شا هەرتەنها بوو سەلماندنی ئەوە دەڕۆیشت کە داخۆ ئەو ئافرەتەی کە ئەو کەسەی کە لەهەندێ شوێنی ئاسیادا شتی لەبارەیەوە بیستبوو هێشتاکونێش هەر مابوو، کە خۆی بەڕاوەستاوی لەبەردەم ئائەو کوللە بچکۆلەیەدا، ئا ئەو کەڵەکە ئێسقانە خەماوەرەدا، ئائەو ناکەسە[٥٢] بچۆکلانەیەدا بەدی کردو کاتێکیش کە بەخۆڵەمێشبوونی ئەفسانەکەی بینی، چەندەها پیاوی بینی کە بەقووڵیی خەمگین ببوون وەرچەرخان و هەنگاوی دوورکەوتنەوەیان هەڵنا، بەڵام هەندێکیان ئائەوانەی کەوا خەڵاتێکی چاوەڕواننەکراویان بردبووەوە لەدەرەوەی ئەفسوسدا مابوونەوە[٥٣]. کاتێك کە مارییا پەردە پلاستیکیەکەی خۆی وێکهێنایەوە ئەتمۆسفێری نێو ژوورەکە دەستبەجێ گۆڕانی بەسەردا هات. دواتر، ئەو پیاوە سەرسامە ئۆغر دەکات و لەگەڵ خۆیدا خەیاڵی کیژۆڵەیەکی ئەفسانەیی هەڵدەگرێت، نەوەك خەیاڵی ئەو سۆزانییە بەساڵداکەوتووە زەبوونەی کە ئەو وای بۆ دەچوو کەلەکاتی چوونە ئەوێیدا بینیبووی.

رابردووی مارییا هێدی هێدی دەڕەوییەوە -تاقە یادگاریی سافوبێگەردیی ئەو سڵکردنەوەی بوولەشەمەندەفەرو سنووقە مێخدارەکان- ئەگەریش بەهۆی پەیگیریکردنی سۆزانییەکانی ترەوە نەبوایە، قەتاوقەت هیچ کەسێك سەرگوزەشتەکەی ئەویان نەدەزانی. لەچاوەدوویی ئەو چرکەساتەدا هەڵیکرد کە پەردەی ژوورەکەی ئاوەڵا دەبێتەوەو کەشتییەوانێکی گریکی نومایان دەکات، یاخود تاپۆیەکی دیکەی لەدایکبوو لەخەیاڵەکەی خۆیەوە نومایان دەبێت، کە لەنێو سەیف هێڤنی[٥٤] قۆڵو دەستەکانیدا گەمارۆی دەدات و دووبارە ئەو خۆشحاڵییە دادەگیرێنێتەوە کە لەسەر عەرشەی

کەشتییەکەدا لەسەر بەرینایی دەریاکاندا هاوبەشی ببوون. لەهەموو پیاوێکی راگوزەردا بۆئەو وەهمەکەو نارایە وێڵبوو کە بەو خۆشەویستییە خەیاڵییە رۆشن ببووەوە، کە ئەو تارماییانەی دەدایە دواوە کەخاوەنی ئاوێزانییە زوو گوزەرەکان بوون، خاوەنی ئەو بلێسانە بوون، کەبەرلەوەی کلپەبگرن دامرکابوونەوەو کاتێکیش کە لەو چاوەنۆڕیە بێهودەییە بێزار بوو، هەستی بەوە کرد کە رۆحی بەسکەیل[٥٥] داپۆشرابوو، بڕیاری ئەوەیدا کە ئیدی وا چێترە ئەم دونیایە بەجێبهێڵێت. ئائەو ئانوساتەبوو، کە بەهەمان ناسکی و تێفکرینەوە لەهەر هەموو کردەکانی پەژیوان بووەوەو سوراحی چۆکلێتە گەرمەکەی خۆی هەڵدا.

پەراوێزەکان

(١)Kiosk.

(٢)Calle Republica

(٣)Barrio: بەواتەی ناوچە دێت.

(٤)Enlist: ناونووسکردن. لێرەدا بەواتای خستنەژێر رکێف و خزمەتپێکردن و بەسۆزانیکردن.

(٥)Consonant: واژە یاخود پیتی پێدەنگ.

(٦)Lady: خاتوون. خاتووژن.

(٧)Liquor: جۆرێکە لەئەلکۆل.

(٨)Wake: ئاگاداری و چاودێریکردنی لاشەیەك بەر لەناشتنی، زۆرجار گریەو زاری و کەمجاریش بەم هۆیەوە شادی و تەڕەبکردن.

(٩) Madame of the house: ئەو ژنەی سۆزانیخانە بەڕێوەدەبات. قەوێدە.

(١٠) chapel: کلێسای بچکۆلە.

(١١) Seminario.

(١٢) satin: ئاورشمی نەرمی لووس و بریقەدار. قوماشی ئاوریشم.

(١٣) Hacienda: مەزرا، کەشتگا.

(١٤) Newspaper Clipping: پارچە رۆژنامەی بڕاو کە بەکلێپس پێکەوە هاوبەندکرابێت.

(١٥) Most Rudimentary Schooling.

(١٦) Embroidery: نەخش و نیگارکردن لەسەر قوماش. تەتریز.

(١٧) Contrast: پێوانەکردن. بەراوردکاری. بەرابەرکردن.

(١٨) Locmotive: ئـەو مەکینەیـەی کـە شـەمەندەفەر رادەکێـشێت. موحـەرِیك. شەمەندەفەر.

(١٩) Doctor Guevara.

(٢٠) ناکاو، موفاجەئە.

(٢١) جۆرە قوماشێکە.

(٢٢) نەچوونە سەراوو قەبزبوون.

(٢٣) Agua dela Margarita .

(٢٤) Anti-Scrofula tonic.

(٢٥) purae: موسەهیل. رەوانکەر، پاککەری ریخۆڵەکان.

(٢٦) chamberpot: لەگەنی پێشاوکردن. پێشاودان. قەعادە.

(٢٧) perennial somnambulism.

(٢٨) Stroke: جەڵتە، سەکتەر، دڵەوەستە.

(٢٩) Lap-dog: سەگی بچکۆڵەی نەوازشی و سەرگەرمیی.

(٣٠) Super-Natural: سەرئاسا. نائاسایی. سەروی سروشتی و بێوێنە.

(٣١) Hamming bird: جۆرە مەلێکە.

(٣٢) Madonna: پەیکەری حەزرەتی مریەم.

(٣٣) Armoire: دۆڵاب، کەنتۆر.

(٣٤) Jewel-embroidered.

(٣٥) Fur Stoles.

(٣٦) Satin Slippers.

(٣٧) Kid gloves.

(٣٨) Ball: سەما، کۆڕی رەقس و سەما.

(٣٩) Tobacco: توتن، جگەرە.

(٤٠) Transatlantic Steamer.

(٤١) Mothballs: تۆپێکی نەفتالینە کـە لەشـوێنی پاراسـتنی پۆشـاکدا دادەنرێـت بۆئەوەی لەمۆرانە بپارێزرێت.

(٤٢) Adose of Laudanum: هەندێك لەتێکەڵەی ئەلکۆڵ و تلیاك.

(٤٣) Shell fish: هەموو ئەو گیانەوەرە دەریاییانەی کە پێستییان رەق و سەختە یاخود لەنێو چەقچەقۆکەی رەقدان.

(٤٤) Boord: سەرعەرشەی کەشتی.

(٤٥) Singapore- Valparaiso.

(٤٦) Tropical.

(٤٧) Hibiscus: جۆرە درەخت و رووەکێکە گوڵی رەنگامەی گەورەو درەوشەداری هەیە.

(٤٨) Mass: قوداس، شێوەی رەبباني.

(٤٩) Dutchman: هۆڵەندی. تاکێکی هۆڵەندی.

(٥٠) Vessel: کەشتییەکی گەورەی رەزمیی. ئیستووڵ. ناوگان.

(٥١) Curiser: کەشتی دەریاگەردیی، ئەو کەشتیانەی کە تایبەتن بەسەفەرە دەریاییەکان.

(٥٢) Nobody: هیچ کەسێك، مرۆیەکی ناچیزو بێسەروبەر.

(٥٣) بێبەزەیی بوون بەرامبەر بەوەی کە روویدا بوو.

(٥٤) Safe heaven: شوێنێکی بەئامان. شوێنێك کە ژیانی تێدا پارێزراوو بەدەربێت لەهەرەشەی مردن، ناوچەی ئارام.

(٥٥) Scale: لێرەدا مانای گەڕیی دەبەخشێت.

سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

Isabel ALLEND

Traus lated Form the Spanish by:

Margaret Sayers Peden Hamish Hamaitlton ١٩٩١

# سەردەمی هۆزانی لیریکی
# (٧٠٠-٤٥٠ ی پێش زایین)

حەمەکەریم عارف

**پێشینەی مێژوویی:**

لەماوەی نێوان سالانی (٧٠٠-٥٠٠ی پێش زایین)، شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی یۆنان گۆڕانی تەواوی بەسەردا دێت. دەسەڵاتی حکومڕانان کەم دەبێتەوەو دەسەڵاتی ئەشراف و نەجیبزادەکان زیاد دەکات. گوندەکان جۆرێك لەیەکێتیی پەیدا دەکەن و وەکو یەکەی سیاسیی سەربەخۆ یا دەوڵەتی -شاران جێگیر دەبن و رەعییەتەکانیان هەموو مافێکی مەدەنییان دەبێت، (ئاتین، ئەسپارتە، کورنت، ئارگوس و ئیفسوس)، ئەمانە هەموو لەدەوڵەتشارە بەناوبانگەکان بون، لەسەدەی شەشەمدا دەسەڵاتی نەجیبزادەکان بەدەستی تیرانەکان- کە حوکمڕانانی خۆسەربوون و حکومەتەکەیان لەهەر یاسایەك بەدوور بوو و لەلایەن چینە یەکگرتووە نا ئەشرافییەکانەوە پشتیوانیان لێدەکرا- لەناوبرا. گەلێك لەتیرانەکان لەگەڵ هەموو جەورو ستەمێکیاندا، کەسانی پێشکەوتووخوازو هونەرپەروەرو ئەدەب دۆست بوون، لەدوا ساڵەکانی سەدەی شەشەمدا تیرانەکان سەرکوت دەکرێن و دەوڵەتی شاران یان سیستمی ئولیگارشی یا حکومەتی تەواو دیموکراتی هەڵدەبژێرن.

لەم رۆژگارو دەورانەدا، زۆربوونی خەڵکی و ئاڵۆزانی رامیاری، دەبێتە مایەی سەرهەڵدان و پەیدابوونی زۆر موهاجیرنشین. یۆنانییەکان لەزۆربەی دەڤەری دەریای ناڤیندا، بەتایبەتی لەسیسیل و ئیتاڵیای باشووردا کۆمەڵێك موهاجیرنشین دروست دەکەن. بازرگانی و پیشەسازیش رەونەقێکی زۆر پەیدا دەکات.

لەم رۆژگارەدا، بارودۆخی زەمانە لەگەڵ تەمەرکوزی دەسەڵاتدا ناگونجێ و ئازادی تاك و تاکپەروەری رەونەق پەیدا دەکات و دەبێت بەخەمی گەورەو مشوری دەخورێت.

## نۆڕینێکی گشتی:

لــــەبواری ئەدەبیاتـــدا، ســـەردەمی پاڵـــەوانی تەقریبــــەن فــــەرامۆش دەکرێـــت و پشتگوێدەخرێت، ستایشی پاڵەوانان جێگە بۆ دەربڕینی سۆزو گودازو هەستی شەخسی چۆڵدەکات. واتە دەربڕینی لایەنە ڕۆمانسییەکان جێگەی ستایشی پاڵەوانان و سوارچاکی دەگرێتەوە، ئێستا و دیتنی ئێستاکە جێگـە بـەڕابردوو و دیتنی ڕابـردوو لەقـدەکات، لـەم سەردەمەدا هۆزانی لیریکی دەبێت بەتاقە فۆرمی ئەدەبی باو، چونکە لەبارترین قاڵبـە بـۆ دەربڕینی هەست و سۆزو بۆچوونی شاعیران.

## جۆرەکانی شیعری لیریکی

## شیعری شیوەن و لاوانەوە

هەرچەندە لەوەیە یەکەمین شیوەننامە لەقاڵبی لاوانـەوەو تازیەباریـدا بووبێت، بـەڵام ئەم زاراوەیە لەبنەڕەتدا دەلالەتی لەو شیعرانە نـەکردووە کـە بـۆ یـادی مـەرگی دۆسـتێك گوترابن، بەپێچەوانەوە، لەوەیە ناوەرۆکی جۆراوجۆری وەکو کـەرب و کینـە، نـەفرەت یـا تەنانـەت ڤیـان و ئەویـنداریتی لـەخۆگرتبێت. شـیعری لاوانـەوە فـۆرم و قـاڵبی وەزنـدارو تایبەتی خۆی هەیە، بریتییە لەکۆمەڵە بەیتێك کە بـەڕیز یـەکێکیان لەسـەر کێـشی شـەش بڕگەیی و ئەوی دیکەیان لەسەر کێشی پێنج بڕگەیی بووە.

## تایبەتمەندییەکانی شیعری شیوەن یان لاوانەوە.

١–بەیتی لاوانەوە پتر ڕوونکردنەوەییە تا داستانی (مەلحەمی) بێت.

٢–بەزۆری کورت و چڕو بەقاڵبێکی لەبار بۆ دەربڕینی پەیڤی پەندئامێزو وتـەی کـورت دەژمێردرێت.

٣–جـۆرە ڕازێکــی دەروونـەو لەڕاسـتیدا قۆنـاغێکی گواسـتنەوەیە لەبابەتگـەرایی مەلحەمەوە بۆ شیعری زەینگەرایی و دەربڕی هەستوسۆزی شەخسییە.

٤–بەدەم فلوتەوە یا لێدانی نەیەوە دەخوێندرێتەوە.

## گەورە شاعیرانی بواری لاوانەوە

## کالینوس (لەدەورووبەری ساڵی ٦٨٠ی پێش زایین ژیاوە).

خەڵکی ئیفسوس–ەو کۆنترین شـاعیری لیریکییـە لـەبواری نیـشتمانپەروریدا، خـەڵکی ئیفسوس بۆ بەرەڤانی دلێرانە لەبەرامبەر هێرش و پەلاماری ماگنیسییەکان هاندەدا. تەنیا بیست و یەك بەیت لەشیعرەکانی ماوەتەوە.

**میم نیرموس (لەدەورووبەری ساڵی ٦٣٠ی پێش زایین ژیاوە):**

خەڵکی کولوفن-ە، بەدامەزرێنەری لاوانەوەی ئەڤینداریی دەژمێردرێت، ئەم شاعیرە شین بۆ خەمینی ژیان، ناپایەداری جوانی و کورتی سەردەمی لاوی دەگێڕێت، شیعرەکانی رانگدانەوەی داڕوخان و رواڵەتپەرستیی یۆنیاکانە.

**سولون (٦٣٨-٥٥٩ی پێش زایین):**

بەیاساڕێژو شاعیری ئەتینا دەژمێردرێت. سولون شیعری لاوانەوە بۆ پەندو ئامۆژگاریی سیاسی و دەربڕینی راوبۆچوونی خۆی دەربارەی ژیان بەکاردێنێت، نزیکەی (٢٥٠) بەیتێك لەشیعرەکانی ماوەتەوە.

**ئیبامبیک**

ئیبامبیك جۆرە شیعرێکی لیریکییەو دەدرێتە پاڵ ئیبامبوس، ئەمە جۆرە شیعرێکە کە کێشەکەی لەبڕگەکاریدا لەبڕگەیەکی کورت و لەبڕگەیەکی درێژ پێك دێت، ئەو شیعرانەی کە لەسەر وەزن و کێشی ئیبامبوس دانراون بەزۆری لەهەجوو داشۆریندا بەکارهاتوون.

دیارترین شاعیری ئیبامبیك ئارکیلوخوسە (لەدەورووبەری ساڵی ٦٥٠ی پێش زایین ژیاوە)، ئەم شاعیرە خەڵکی پاروسە، کە بەداهێنەری شیعری ئیبامبیك دەژمێردرێت. تەبیعەتێکی ئاگرین و توندوتیژیی هەبووە، زۆربەی شیعرەکانی لێوان لێوی نەفرەت و رق و کەرب و کینەن، پێروون و ناسك و کورت و زیندوون، ئەم شاعیرە شیعری لاوانەوەشی گوتووە، بەتایبەتی لەقاڵبی شیندا.

**میلیک**

شیعری میلیك بەدەم لێدانی چەنگ و سێتارو تەمبورەوە دەخوێندرایەوە، ئەم جۆرە شیعرە لەسەرکێش و وەزنی هەمەجۆر دانراوەو بابەتی هەمەڕەنگی لەخۆگرتووە، گرنگترین جۆری شیعری لیریکی میلیك مۆنۆدی و کۆراڵ-ە.

**١-مۆنۆدی (تاکبێژ)**

بەو شیعرە غەمناکە دەگوترێت کە یەك کەس بەئاوازەوە دەیڵێت. گەورەترین ئاشقانی شیعری لیرێکی بەشێوەی مۆنۆدی بریتین لە:

**ئالیکوس (لەدەورووبەری ٦١٢ی پێش زایین ژیاوە):**

خەڵکی لسبوسە، نەجیبزادەیەکی کۆنەپەرستی دوژمنی سەرسەختی دیموکراسی بووە، ئەم شاعیرە لەتاراوگەدا کۆمەڵێك قەسیدەی (بەزمانی ئایولیایی) بۆ چارەڕەشی

خۆی نووسیوه. ئایکوس ده کتێبی شیعری لیریکی دەربارەی جەنگ، سیاسەت، غـەمانی دەروونی، ڤیان و شەراب هەیە.

**ساپفور (سافو) (لەدەورووبەری ساڵی ٦٠٠ی پێش زایین ژیاوه):**

هەرچەندە تەمومژێکی زۆر سایەی خستووەتە سەر ژیانی سافۆو زانیارییەکی وردمـان لەمـەڕ ژیـانی واقیعـی ئـەو لەبەردەسـتدا نییـە، بـەڵام ئـەم شـاعیرە لەبنەماڵەیـەکی زۆر دەوڵەمەندەو لەموتیلنەی دورگەکانی لسبوس لـەدایك بـووەو زۆربـەی تەمـەنی لەوێنـدەر بەسەربردووه، تاقمێك لەخوشكان هەمیشە لەلای ئەو خڕدەبوونەوە، ئـەمیش (شـاعیرێکی ئافرەت بووه) مۆسیقاو ئاوازو داب و نەریت و ڕێ و ڕەسمی پەیوەنـدیی کۆمەڵایـەتی فێـر دەکـردن، لەڕاسـتیدا کیـژان لـەناو ئـەم گروپـەدا فێـری ڕێ و ڕەسمـی ژیـان دەبـوون. بەگوێرەی حیکایەت و ریوایەتە جۆراوجۆرەکان وادەردەکەوێت کە سـافۆ شـوی کـردووەو یـەك کیـژی هـەبووه، هـەروەها بـەگوێرەی ریوایـەتێکی دیکـە ئـەم شـاعیرە بـۆ سیـسیل دەرووخراوەتـەوەو ماوەیـەکی لەتاراوگـە بەسـەربردووه، ئـەنجام ئاشـقی فـائونی شـوان دەبێـت، بـەڵام فـائون رووی نـاداتێ و ئـەم شـاعیرە ژنـە لەلوتکـەی لوکـادەوه خـۆی هەڵدەدێرێ و خۆی دەکوژێت.

بەڕای خەڵکانێکی زۆر سافۆ گەورەترین شاعیری هۆزانی لیریکییە، لەجۆری مۆنودییەو کۆمەڵێکیش بەگەورەترین شاعیری هەموو سەردەمەکانی دەزانـن و ئـەفلاتون بەدەیـەمین خواوەندی شیعری دەزانێت، سافۆ سودی لەپانزە کێشی جۆراوجۆر وەرگرتووەو ئەمـەش بەڵگەی ئەوەیە کە لەبواری کێشی شیعریدا وەستاو زاڵبووه. جوانی هەڵبژاردنی وشـە کـە یەکێکە لەپێداویستییەکانی شیعری لیریکی، ڕەوانی و دڵگیرییەکی تایبەتی بەشیعرەکانی بەخـشیوه، بـەڵام ئـەم ڕەوانـی و دڵگیرییـە بـەزۆری لـەکاتی وەرگێـڕان لەبـەین دەچێت. ژمارەیـەك لەرەخنـەگران پێیانوایـە کـە (لـەنێو هـەموو شـاعیرانی جیهانـدا، لـەنێو گـشت ئەدەبیانی بەرجەسـتەدا، سـافۆ تاقـە شـاعیرێکە کـە هـەر پـەیڤێکی شـیعرەکانی بـۆنێکی سەیرو تایبەت بەخۆی هەیە، پەیڤی سافۆ نیشانەی کەماڵی موتڵەق و ناسکی بێوێنەیە).

جـۆش و خرۆشـی ئایولیـانی ئـەو ئاوێتـەی شـیعرەکانی بـووه، زۆربـەری غەزەلـەکانی شەخسی و هەڵقولاویی کانگای دڵ و کەشفی ڕازی دەروونن، ڤیـان نـاوەرۆکی هـەرە زاڵـی زۆربەی شیعرەکانییەتی، ئەو شیعرانەی کـە زیـاتر کـچۆڵان دەدوێـنن. مـەخابن، زۆربـەی

شیعری سافۆ لەنێوچوون و تەنیا یەك لەسەر بیستی شیعرەکانی ماونەتەوە، کە بریتییە لەغەزەلێکی تەواوو چەند پارچە غەزەلێکی دیکەو هەمووشی بەشێوازی ئایولیاییە، ئەو شیعرە تەواوەی کە لەپاش سافۆ بەجێماوە قەسیدەیەکە روو لەئافرۆدێتە کە لەشیعرەکەدا خوازیاری سەرکەوتنی کیژێکی لاوە لەڤیان و ئەڤینداریدا. شیعرەکانی دیکەی بریتین لەگۆرانی موبارەك بێت زەماوەند، ماڵئاوایی لەدۆستان، ستایشی جوانی کیژان و چەند غەزەلێکی ئاشقانە.

سافۆ، کارێکی زۆری کردووەتە سەر شاعیران و نووسەران، لەوانە: تیوکریتوس، کالیماکوس، کاتولوس، هوراس، گریل پارتسر، رونسار، مالرب، بوالو، راسین، دوستال، شاتوبریان، لامارتین، بودلیر، سیدنی، لیلی، هیریك، براونیك، تینی سن، سوین برن، فرنو، ئالن پۆو... هتد.

## ئاناکریون (لەدەورووبەری ساڵی ٥٤٠ی پێش زایین ژیاوە):

خەڵکی تیوس و شاعیری دەرباری پولوکراتس[1] بووە، پاشان لەئەسینادا چووتە لای هیپارخوس[2]. یەکێکە لەداهێنەرانی شیعری کۆمەڵایەتی، شیعرەکانی خەیاڵئەنگێزو دڵگیرو خۆشرپیتم و ئاهەنگ بووە، شەراب، ڤیان، ناپایەداری، ژیان و جوانی و نەفرەت و بێزاریی لەجەنگ، ناوەرۆکی سەرەکیی شیعرەکانی پێکدەهێنن، هەرچەندە هەندێك کەس پێیانوایە شیعرەکانی دوورن لەقووڵی و ناسکی، بەڵام وێڕای ئەوەش یەکێکە لەسێ شاعیری گەورەی بواری هۆزانی لیریکی کۆنی یۆنان (دوانەکەی دی سافۆو پیندار–ن).

## ٢- کۆراڵ:

رەنگە غەزەلی کۆراڵ یەکەمجار لەئەسپارتەو لەسەردەستی ئالیاس (لەدەورووبەری ٦٧٥ی پێش زایین ژیاوە) دامەزرابێت، تالیتاس هەندێك شیعری گۆرانی بۆ کۆرسی کوراڵەکان دادەنا تا پێکەوە بەدەم سەماوە لەفێستیڤاڵەکاندا بیڵێن.

غەزەلی کۆراڵ بریتییە لەسێ بەند. بەندی یەکەم بەوەرسوڕانی کۆرسی کوراڵەکە بۆ لایەك دەگوترێت، بەندی دووەم لەگەڵ وەرچەرخانەوە بۆ دواوە دەگوترێت، بەندی سێیەم کە لەڕووی بونیادەوە لەبەندی یەکەم و دووەم جیاوازە لەلایەن هەموو کۆرسەکەوە دەگوترێت.

شیعری لیریکی کۆراڵ، جۆری هەیە –گۆرانی شاباشی زەماوەند، سەرکەوتننامە، تازیەنامە، سروودی پاڕانەوە لەبەر دیونوسوس[٣] واتە گۆرانی (دیتورامب)[٤].

بەناوباگترین شاعیرانی شیعری لیریکی کۆراڵ بریتین لە: ئالکمان[٥]، ئاریون[٦]، سیمونديس[٧] و پیندار.

## پیندار: (٥٢٢–٤٤٣ی پێش زایین):

زۆربەی خەڵکی بەگەورەترین شاعیری لیریکی یۆنانی دەزانن. پیندار لەنزیکی تب لەماڵباتێکی زۆر دەوڵەمەندو دارا هاتووەتە دنیاوە، زانیارییەکی کەم لەمەڕ ژیانی ئەو لەبەردەستدایە، رەنگە کاهینی پەرستگەی ئاپولون بوو بێت.

پیندار هەر لەگەنجییەوە رووی کردووەتە شیعری لیریکی، لەساڵی ٥٠٢ی پێش زایین ماڵباتی ناوداری ئالیوئادا لەتسالیدا بەکرێیان گرت تا سروودی سەرکەوتن بۆ یەکێك لەئەندامانی خێزانی ناوبراو کە لەگەمەێن پوتیاییدا براوە ببوو، دابنرێت و بیهۆنێتەوە، پیندار، لەوە بەدواوە لەنێو قارەمانانی پێشبڕکێی هەمەجۆری وەرزشیدا هەوادارانی زۆری پەیداکردو ئیدی پێی بۆ ماڵە دەوڵەمەندان کرایەوەو بەشیعرەکانیدا بەشان و باڵی ئەوانیدا هەڵدەدا.

پیندار، شاعیرێکی پڕ بەرهەمە، پێشینان بەدانەرو خاوەنی حەڤدە کتێبی دەزانن لەبوارەکانی سروودی پاڕانەوە، گۆرانی دیتورامب، سەرکەوتننامە، شیننامەو ستایش، هەڵبەتە تەنیا چەند پارچەیەك لەو بەرهەمانە ماونەتەوە، بەڵام چوار سەرکەوتننامەی لەبەردەستدان (بریتین لەچل و چوار قەسیدە بەدیالێکتی ئایولیاو دووریان) کە مایەی شۆرەت و نێوبانگی پیندارن.

سەرکەوتننامەکانی پیندار شیعری یەجگار ئاڵۆزن. هەرچەندە لەڕووی بونیادو کێش و درێژییەوە هەمەجۆرن، بەڵام هەر یەکێکیان لەسێ بەشی دیاریکراو پێکهاتووە:

١–بیرەوەریی و یادی سەرکەوتنی قارەمان لەپێشبڕکێیەکی وەرزشیدا.

٢–ئەفسانەیەك کە لەشێوەیەك لەشێوەکان لەگەڵ ئەم پێشبڕکێیەدا یەك بگرێتەوە.

٣–هەندێك تیۆری و بۆچوونی فەلسەفی یان ئەخلاقی.

یەکێك لەنموونە بەرزەکانی ئەم سەکەوتننامەیە چامەی یەکەمی ئۆلمپیادە، کە بۆ یەکێك لەحاکمانی سیراکوزە.

چامەکەی بەچەند شیعرێکی زیندوو دەست پێدەکات. ئەوجا قارەمان دێتە ناسین و سەرکەوتنەکانی پیشاندەدرێت، دوای ئەوە نۆرە دێتەسەر ئەفسانە، ئەوسا شاعیر دووبارە دەکەوێتەوە ستایشی قارەمان و ئەنجام چامەکە بەکۆمەڵێك بیرو ئەندێشە دەربارەی شیعر بەگشتی و دەربارەی شیعرێن پیندار بەتایبەتی کۆتایی دێت.

پیندار شیعر بەجددی و بەهەند دەگرێت، جەژن و بۆنە مەزەبی و ئایینییەکان ناوەرۆکی سەرەکی شیعری وی پێکدێنێت و شیعرەکانی لەم رووەوە بایەخی گەورەیان هەیە، شیعری لیریکی لەبنەڕەتدا تایبەت بەئاپولون و خواوەندانی شیعر بووە. پیندار وتنی سەرکەوتننامەی، تاڕادەیەك بەئەنجامدانی سرووتی پیرۆزو موقەدەس دەزانی.

هەندێك لەڕەخنەگران غەفڵەتەکانی پینداریان بەبازاڕی و سواو لەقەڵەم داوە، بۆ نموونە رەخنە لەدوو سەرکەوتننامەی دەگرن کە گوایە بەرجەستەکردنی پێشبڕکێی قاترانە. بەدوو روویی تاوانبارییان کردووە و لەم روانگەیەوە ئیدی مەحکوم بێ یان نا، گومانی تێدا نییە کە ئەو ستایشکەری دەوڵەمەندان و کەسانی دەسترۆبووە، بەڵام نابێت ئەوە لەیادبکرێت کە ئەو بەخۆی لەنەجیبزادەو دەوڵەمەندەکان بووەو ناچار بووە بایەخ بەدۆزو مەسەلەکانی ئەوان بدات.

بەهەرحاڵ کەموکوڕی و غەفڵەتەکانی پیندار لەچاو ئیجابیاتەکانیدا هیچ نەبووە، پەیڤی درەخشان و وەزنی پوختەو خەیاڵی زیندوو دەیخاتە خانەی گەورەترین غەزەلخوانانی جیهانەوە.

پیندار کاری کردۆتەسەر زۆر شاعیرو هەندێك لەوانە بریتین لە: رونسار، هۆراس، جانسن، گری، وردزورس، کیتس، و گۆتە..

**پەراویزەکان:**

(١)پولوکراتس: (٥٢٢ی پێش زایـین) حکـومڕانێکی دکتـاتۆری یۆنـانی بـووە لەیـەکێك لەدوورگەکانی دەریای ئیجە.

(٢)هیپـارخوس: حـوکمڕانێکی دکتـاتۆری ئـاتین بـووە لەسـاڵانی (٥٢٧–٥١٤ی پـێش زایین).

(٣)دیونوسوس: (بەگوێرەی ئەفسانانی یۆنان) خـوای شـەرابە. لـە رۆمـدا (بـاکوس)ی پێدەگوترێت.

(٤)دیتورامـب: گۆرانییـەکی دەسـتەجەمعییە کـە یۆنانییـەکانی لەجەژنـەکانی خـوای شەرابدا بەکۆمەڵ و کۆرس گوتوویانە.

(٥)ئالکمان: (لەسەردەمی حەوتەمی پێش زایین ژیاوە) خەڵکی ئەسپارتەیە.

(٦)ئاریون (لەسەردەمی ٦٠٠ی پێش زایین ژیاوە) خەڵکی کورنت–ە.

(٧)سیوندیس (٥٥٦–٤٦٧ی پێش زایین) خەڵکی کیاس–ە.







ناراستەو ناستەنگییەکانی
سینەمای هاوچەرخ و نوێی ئێران
ئا: دلێر محەمەد

دەم و چاوەکانی
پشت پەردەی هالیود
و/ سەمیر حسین

هەڵکەوت زاهیر:لەدانانی میلۆدی
و دابەشکار کەموکوڕیمان هەیە.
چاوپێکەوتنی: ڕێبواری ئازادی

دالی و پێشانگایەک لەبەرلین
ئا/شۆڕش محەمەد حسێن

دیدار لەگەڵ هونەرمەند
بەکر ڕەشید
سازدانی چنور محەمەد

# هونەر



# ئاراستەو ئاستەنگییەکانی سینەمای هاوچەخ و نوێی ئێران

ئا: دلێر محەمەد



هەڵبەت بۆ ئەوەی ئاستەنگی و تەوژم و ئاراستەکانی سینەمای ئێرانی هاوچەرخ، لەماوەی چەند ساڵی رابردوو، لەهەنووکەشدا بناسین پێویستە سەردانی سێ شوێنگەی لێکدوور، بەڵام هاوچەرخی ئەم سینەمایە بکەین، سەرەتای گەشتەکەمان بەشاری (تاران) دەستپێدەکەین، کە تێیدا مامۆستایانی پێشڕەوی سینەمای ئێرانی نوێ، بەشێوەیەکی گونجاو پیر دەبن. پاشان دەگوازینەوە بۆ فێستیڤاڵی سینەمای (کان)، بەشێوازێك کە لەڕێگای ئەم فێستیڤاڵەوە پەی بەوە دەبەین، ئەو سینەماکارە ئێرانیانەی کە هەڵگری تێڕوانینی تازەترن دژایەتی و تەحەدای توخمەکان دەکەن، دواجاریش، بەشەلەشەل

دەچینەسەر دەستپێکی ئامادەیی ئەم سینەمایە لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەجۆرێك کە فیلمە ئێرانییە چاك و خراپەکان، توانای جەماوەرەکەی ئەوێیان لەسەر جیاکردنەوەی، بەرهەمێك لەبەرهەمێکی دیکەی سینەمای ئێرانی لاوازکردووە. پاش ئەم کارە سەرنج دەدەین کە شکستێکی گونجاو رووبەڕووی نەوەی پێشڕەوی سینەمای ئێرانی نوێ بووەتەوە. دیارە پێشڕەوانی سینەمای ئێرانی لەژمارەیەك دەرهێنەر پێکهاتوون، کە زۆرجار وەك پەرچەکردارو رەنگدانەوەی خودی داهێنەرانەی خۆیان جیهانیان وێناکردووە، هەربۆیە ئەو رێنیسانسە گونجاوەی کە بۆ نموونە نەوەی نوێی هەنووکەی سینەمای ئێرانی، لەچەند سالی رابردووی ئەم سەدەیەدا بەخۆیەوە بینیویەتی، ئەوەیە کە ئەم نەوەیە لەرێگای بنەمایەکی مەتەریالییەوە، بۆ بنەڕەتێکی ئۆرگانی لەواقعدا، جیهان وێنادەکات و دەیبینێت، ئەم وەرچەرخانەش بەسەردەمی جیهانگیری خێرای سینەمای ئێران جیادەکرێتەوە، بەلام ئەو پرسیارە جەوهەرییەی، کە لەهەمانکاتدا پێکەوە رووبەڕووی نەوەی دەرهێنەرانی پێشڕەوو نەوەی نوێی سینەمای ئێرانی دەبێتەوە. ئەو پرسیارەیە کە چۆن ئەم دوونەوەیە سەرکەوتوانە رووبەڕووی ئاستەنگی و مەترسییە تازەکانی سەردەمی عەولەمە دەبنەوە؟

**تاران**

دوای هەژدەیەمین فێستیڤالی سینەمایی (فەجر)ی نێودەولەتی مانگی شوباتی سالی (٢٠٠٠)، رەخنەگری سینەمایی ناوداری ئێران (هوشنگ گولمەکانی[١]) جەماوەری سینەمایی ولاتەکەی لەپوختەی تێڕوانینی خۆی، لەمەڕ سینەمای ئێرانی لەبارودۆخی ئەو کاتەدا، ئاگادارکردەوەو گوتی: پاش پەرەسەندنە دیموکراتییەکانی ئەم دواییەی ولات، زۆرکەس لەو ڕووەوە دووچاری نیگەرانی و دلەڕاوکێ بوون، کە لەوروژاندنی رای گشتی و گرنگیپێدانیدا، بواری رۆژنامەگەری و راگەیاندن شوێنی سینەما بگرێتەوە. دوای تێپەڕبوونی مانگێك بەسەر هەمان فێستیڤالدا، بەنیازی بەسەربردنی هەفتەیەك لەگەل (موحسینی مەخمەلباف) سەردانی پاریسم کرد، بۆئەوەی ئاگام لەدواهەمین هەوالی خۆی و خێزانەکەی بێت. لەگەل (مەخمەلباف) دەربارەی شتگەلێکی جیاواز گفتوگۆمانکرد، بەلام ئاراستەی گشتی گفتوگۆکەمان دەربارەی پەرەسەندنە سیاسییەکانی ئەم چەند



ساڵەی دوایی ئێران بوو. (مەخمەڵباف) پێی وابوو لەفۆرمالیزەکردنی دیموکراسیدا، سینەما لەچاو هەوڵدانە مەزنەکانی رۆژنامەگەریدا، دواکەوتووترە، هەروەها پێی راگەیاندم، کە ئەو تازە لەوێنەگرتنی فیلمێك بووەتەوە، دەربارەی دوورگەی (کیش) بەناونیشانی (هەڵبژاردنی دیموکراسی)ەوە، کە (مەخمەڵباف) خۆشی رۆڵی تێدا دەبینێت و فیلمەکەش بەشێوەیەکی هەمەلایەن، بەرجەستەی ئەو پێکداچوون و یەکتربڕینە دەکات، بەتایبەتی کە لەنێوان سینەماو دیموکراسی و بواری راگەیاندندا هەیە. ئەو حاڵەتەی کە پێشتر دەرهێنەرە پێشڕەوەکانی سینەمای ئێرانی جەختیان لەسەر کردووەتەوە، پێوەرێکە لەڕاستی و حەقیقەت، چونکە لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا، ژمارەیەك رۆژنامەنووسی ریفۆرمیستی تری وەك (سەید هاجەرییان و ئەکبەری گەنجی و عەبدوڵڵا نوری و شەهلا شیرکات و ماشەڵڵا شەمس ئەلفائزین و ...هتد) شوێنی هەریەك لە(کیاروستەمی و مەخمەڵباف و بەنی ئیعتمادو میهرجویی و بەیزایی) دەگرنەوە. پاشان لەبەرئەوەی هەردوو سینەماکارو دەرهێنەری ناوداری ئێران (بەهرامی بەیزایی) و (موحسینی مەخمەڵباف) لەدواهەمین جاری کارکردنی بواری رۆژنامەگەریاندا، ململانێیەکی دژوارو لێڵ دەربارەی چیرۆکەکانی کیش Kish Stories، لەنێوانیاندا

سەریهەڵدا، ململانێکەشیان بەدەوری ئەو بەوبازنەیەدا دەسووڕایەوە، کەکامیان لە فێستیڤاڵی سینەمایی (کان)دا قبووڵدەکرێت یاخود رەتدەکرێتەوە. ئەم ململانێ و رۆچوونە ئاشکرایەی هەردوو دەرهێنەری ناوبراو بەنێو مەسەلە خودی و تایبەتییەکاندا، هاوکاتی سەرقاڵییەکانی ئێران بوو، بەڕاپەڕینی خوێندکارانەوە، لەپێناو مەسەلە دیموکراسییەکاندا. هەربۆیە بەشێوەیەکی ئاشکراو روون هەندێ لەدەرهێنەرە ناودارەکانی ئێران، راستگۆیی خۆیان لەبواری گشتیدا لەدەستداو بەلایەنی کەمەوە توانای وەرگرتنی هەڵوێستێکی ئەخلاقی وایان نەبوو، کەبتوانن لەڕێگایەوە بەشداری لەڕووداوە تراژیدییەکانی ئەو هاوینەی وڵاتدا بکەن.

هەروەها (گوڵمەکانی) رەخنەگر، لەهەمان لێدوانیدا دەربارەی هەژدەیەمین فێستیڤاڵی سینەمایی فەجر دەڵێت: مەسەلە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان دەسەڵات و هەژموونیان لەسەر سینەمای ئێرانی نەبووە، لەڕاستیدا ئەم حاڵەتەش لەناو هەندێك لەباشترین فیلمەکانی ئەم فێستیڤاڵەدا بەدیدەکرێت. هەروەها لەکۆتایی هەمان لێدوانیدا دەڵێت: لایەنە بەرپرسەکانی سینەما، لەوەزارەتی رۆشنبیری و ئیرشادی ئیسلامی، لەهەردوو دەیەی رابردوودا، سووربوون لەسەر دوورخستنەوەی سینەمای ئێرانی لەسیاسەت، بۆئەوەی سینەما لەگۆڕان و وەرچەرخانە سیاسییەکان بپارێزن...



بەبڕوای (گوڵمەکانی) ڕەخنەگرو هاوڕێکانی جیاوازیی لەنێوان سینەماو، ڕاگەیاندن لەئێراندا بریتییە لەجیاوازییەکی زەمەنی، چونکە دەکرێت بەدەنگەوەهاتنی ڕۆژنامەگەری و وەڵامدانەوەی خێراترو هەنووکەیی تر بێت. لەکاتێکدا کە وەڵامدانەوەی مەسەلەکان لەسینەمادا پێویستی بەهەندێك کات هەیە. پاشان ئەو پێوەرو هەڵسەنگاندنەی کە تایبەتمەندی کاری هونەریی فەرامۆش دەکات، لەناوازەیی واقیعی ڕووناکبیران و نووسەران و هونەرمەندانی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەرئەوەی ڕووناکبیرە دوورەدەستەکانی ئەم وڵاتە جارێکی لەبواری ڕاگەیاندن و جارێکی دیکەش لەبواری سینەماو تەنانەت هەندێکجاریش لەبواری نووسینی شیعرو ڕۆماندا کاردەکەن...

(حەمید دەباشی) ڕەخنەگری ئێرانی پێیوایە قەیرانی نامۆی فیلمسازە ئێرانییەکان لەسەردەمی نوێگەریدا، هەڵگری ئەو دەلالەتەیە کە ئەوان نەفامانە خودی داهێنەرانەی خۆیان، خستۆتە شوێنی هۆشیاری و ئاگایی دەستەجەمعی کۆمەڵگەوە بەگشتی، لەبەرئەوەی گەر ئەوان لەڕابردوودا هەڵگری هەستی بەرپرسیارییەتی بووبن، لەبەرامبەر زەمانەتی پاراستنی ئازادی و دیموکراسیی کۆمەڵگەکەیاندا، ئەوا پارادۆکسەکە لەوەدایە کە ئەو سینەماکارانە تاڕادەیەك ئەو هەستەیان لەدەستداوە، لەم حاڵەتەشدا شکستی ئەوان بریتییە لەهەڵئاوسانی خودی داهێنەرانەیان، بەجۆرێك کە لەتێڕوانینێکی جیهانییەوە، واقعی کۆمەڵگەکەیان لەئامێزبگرن. (حەمید دەباشی[٢]) پێیوایە لەڕابردوویەکی نزیکدا هیچ فیلمێکی ئێرانی نییە، هێندەی فیلمەکەی (داریوشی میهرجوویی) بەناونیشانی (درەختی مرواری–١٩٩٨) گوزارشت لەم حاڵەتە ناتەندروستە بکات. پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکەی (میهرجویی)، کەسێکە کە لەناو ژوورێکدا بەسەر خودی خۆیدا داخراوە، تاکو بەناو تێکشانە سیاسییە تایبەتمەندەکانی خۆیدا ڕۆبچێت. لەباشترین لێکدانەوەدا فیلمی ناوبراو تەعبیر لەهاوسەنگی نێوان شکستە تایبەتییەکانی پاڵەوان لەبواری خۆشەویستیدا دەکات لەلایەك و لەنێوان تێکشکانە سیاسییە (دەستەجەمعییە)کانی داهاتوویدا لەلایەکی ترەوە. بۆ نموونە کاتێك پاڵەوانی سەرەکی ئەم فیلمە لەتەمەنی لاویدا ڕێککەوتی عەشق و خۆشەویستی ناکات، ئەوا دواتر خۆی بۆ سیاسەت تەرخاندەکات و لەم بوارەشدا دووچاری شکست و نائومێدی دەبێت، بەم شێوەیە لەفیلمەکەی (میهرجویی)دا، خودی تایبەتی پاڵەوانی سەرەکی دەگۆڕێت بۆ

خودی گشتی و ئەم کاراکتەرە لۆژیکی سکشت و تێکشکانەکەی لەبواری تایبەتیدا، واتە لەعیشق و خۆشەویستییەوە بەرەو خودی گشتی یاخود بواری سیاسەت دەگوێزێتەوە. هەربۆیە بەتێڕوانینی (حەمید دەباشی) رەخنەگر، دەکرێت فیلمی (درەختی مرواری) گۆڕانی چیرۆکی شکستێکی تایبەتی بێت، بەرەو تێکشکانێکی گشتی و دواجاریش بەرەو دارمانێکی ئەخلاقی تەواو، ئەم دارمانەش لەهەموو حاڵەتێکدا بریتییە لەبانگهێشتکردنی (من)ی تایبەتی/گشتی و روناکبیری ئێرانیش پێیوایە کە ئەو لەناوەندو سەنتەری جیهانێکی دارماودایە.

بەدڵنیایی سینەمای ئێرانی هاوچەرخ لەناو ئازاری شکستێکی مەزندا ناڵاندی، بەڵام هەنووکە. ئایندەی ئەم سینەمایە وێنەی نەخشەی خۆی لەسەردەمی وەرچەرخانێکی نائاساییدا دەکێشی، لەکاتێکدا کە چاو بەسروشتی رۆڵی کەلتووری نیشتمانیدا بگێڕینەوە، ئێمە درك بەپەرەسەندنی نەوەیەکی نوێ لەدروستکەرانی فیلم لەئێراندا دەکەین، نەوەیەکی نوێ کە پابەندبوونی بەشێوازێکی تازەی ئۆرگانیزەکردنەوە، وایلێکردووە، لەجیاتی ئەوەی چاوی لەسەر خودی خۆی بێت، زیاتر تەرکیز دەخاتەسەر بینینی بەرامبەرو ئەویدی، ئەم نەوەیە وازی لەوێناکردنی خۆی وەك کەسییەتی گشتی هەموو گەلی ئێران و نەتەوە هێناوە.

لەهەژدەیەمین فێستیڤاڵی سینەمایی (فەجر)ی ساڵی (٢٠٠٠)دا، چوار فیلم لەلایەن رەخنەگرانەوە ستایشکران، هەریەك لەو فیلمانەش وەك ئەو بەڵێنانە وابوون کە بەسینەمای ئێرانی دران و وەك ئەو مەترسیانەش وان کە هەنووکە چاویان بڕیوەتە ئەم سینەمایە، بەپێی بۆچوونی چاودێرانی رەسمی و هەڵسەنگاندنی لیژنەی فێستیڤاڵەکەو رەخنەگران، فیلمەکەی دەرهێنەری ناوداری ئێران (بەهرامی فەرامانڕا) بەناوی (بۆنی کافور، بۆنی تیژی یاسەمین، ساڵی ٢٠٠٠) بەباشترین فیلمی فێستیڤاڵەکە دانرا.

(فەرمانڕا)ی دەرهێنەر، نزیکەی (٢٥) ساڵی ژیانی لەتاراوگەو لەئەمریکا بەسەربردووە، ساڵی (١٩٦٦) دەگەڕێتەوە نیشتمان و دەچێتە ریزی نەوەکەی خۆیەوە کە بەنەوەی دەرهێنەرانی پێشڕەوی سینەمای ئێرانی هاوچەرخ ناسراون، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامیدا، (فەرمانڕا) سەرلەنوێ بەشێوەیەکی کاتی رووەدەکاتەوە تاراوگە، تاکو سەردەمی سەرهەڵدانی گۆڕانکارییە ریفۆرمیستەکانی ئێران، لەسەردەمی (خاتەمی)دا

ناگەڕێتەوە وڵات. (فەرمانڕا) بەر لەدەرهێنانی فیلمی (بۆنی کافور، بۆنی تیژی یاسەمین)، خـاوەنی فیلمێکـی دیکـەی گرنگـە بـەناوی (ئـەمیر ئیحتجـاب) کـە سـاڵی ١٩٧٤ کـاری دەرهێنـــانی ئەنجامـــداوەو سیناریۆکەشـــی لەڕۆمانـــە بەناوبانگەکـــەی (هوشـــەنگی گوڵشیری)یەوە، وەرگرتبوو، بەهەمان ناونیشانەوە، ئـەم فیلمەشـی (بـۆنی کـافور، بـۆنی تیژی یاسەمین) باس لەچیرۆکی دەرهێنەرێك دەکات بەناوی (بەهمەنی فەرجانی)یەوە، کە خودی (فەرمانڕا) خۆی ڕۆڵەکەی بەرجەستە دەکات، ئەم دەرهێنەرە لەهـەمان فیلمـدا پیاوێکە لەناوەڕاستی تەمەندایەو خەم و خەفەتی مەرگی هاوڕێی و دۆستە نزیکـەکانی کـە هەموویان دەرهێنەربوون بەتەواوەتی داگیریـان کـردووە. لەلایـەکی تریشەوە (فـەرجانی) کاراکتەری سەرەکی ئەم فیلمە هەر لەمنداڵییەوە بەدەست نەخۆشی (دڵ)ەوە دەناڵێنێت، لێـرەوە هەسـتکردنی ئـەم کاراکتـەرە بەحەقیقـەتی نزیکبوونـەوەی مـردن و تیاچـوونی لەفیلمەکـەدا، دەبێتـە مایـەی بەدەسـتهێنانی هۆشـیاری زیـاتر لەئاکامیـشدا بڕیـاری دروستکردنی فیلمێك دەدات دەربارەی چۆنیەتی بەخاکسپاردنی تەرمەکەی خۆی!.

فیلمی (کۆکتێل)ی (داریوشی میهرجویی)، یەکێکتی تر بوو لەو فیلمانەی کە لەهـەمان فێستیڤاڵدا خەڵاتکرا. لـەم فیلمەیدا (میهرجـویی) بەشـێوازێکی تـەنزئامێزو گاڵەتەجاڕانـە باس لەشێوازی دروستکردنی فیلم دەکات لەوڵاتەکەیدا.

هەروەها فیلمی (نارەزایی) مەسعودی کیمیـایی و فیلمـی (بابـەرەو دوور دەمانبـات)ی عەباسـی کیاڕوسـتەمی، بریتیـی بـوون لـەو دوو فیلمـەی تـر کـە لەهـەمان فێـستیڤاڵدا خـەڵاتکران، ئـەم فێـستیڤاڵە تـا هەنووکـەش وەك بۆنەیـەکی مێـژوویی گرنگـی سـینەمای ئێرانی دادەنرێت، کـە تێیانـدا چـوا ڕمەزنەدەرهێنـەری پێشڕەوی سـینەمای هاوچـەرخی ئێران بەچوار لەباشترین بەرهەمـەکانیان بەشـداریانکرد. بـەکورتی لـەم بۆنەیـەدا سـێبەرو تارمایی سـینەمای ئێـران، بەهـەموو دەسـتکەوتە مەزنـەکان و شکستە تراژیدییەکانیـەوە خۆی نمایشکرد..

## فێستیڤاڵی –کان–ی ٢٠٠٠

بێگومـان هەنووکـە –ئێـران–یـش، وەك سـەرجەم دەوڵـەتانی جیهـان و ناوچـەکە، سـەرەڕای سیـستمە سیاسـییە نیمـچە داخراوەکـەی، کەوتووەتـە ژێـر کاریگـەری

جیهانگیرییــەوە، هەڵبــەت ســینەمای ئــەم وڵاتــەش بەبــەراورد بەســینەمای وڵاتــانی تــری ناوچەکە پێشکەوتووترەو توانیویـەتی سـنوورو ئاسـتی نـاوخۆی وڵاتەکـەی تێپـەڕێنێت و ببێتە سینەمایەکی جیهانی، چونکە لەهـەردوو دەیـەی رابـردوودا، سـینەمای هاوچـەرخی ئێران توانیوویـەتی لەزۆربـەی فێستیڤاڵە سـینەماییە نێودەوڵەتییـەکانی وەك: لۆکـارنۆ، ڤینیـسیا، لەنـدەن، کـان و تەنانـەت لـە سـینەمایی —نیویـۆرك—یـشدا بەشـداریبکات و ژمارەیـەك خــەڵاتی گرنگــی ئــەو ڤێـستیفاڵانەش بـچنێتەوە. دیـارە بەرلـەوەی تیـشك بخەینەسەر ئەو چەند فیلمەی دەرهێنەرانی نەوەی نـوێ، کـە لـە فێـستیڤاڵی سـینمایی — کان—ی ساڵی ٢٠٠٠دا بوونە جێگای ستایشی جەماوەو بەڕێوەبەران و رەخنەگرانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی هەمان فێستیڤاڵ و ژمارەیەکی گرنگی خەڵاتـەکانی ئـەو ڤێـستیفاڵانەشیان بەدەستهێنا. پێویستە تەنیا ئاماژە بەو فیلمانەی تری سینەمای ئێرانی بکەین، کە بەر لە فێـستیڤاڵی سـینەمایی —کـان—، لەژمارەیـەك فێـستیڤاڵی سـینەمایی نێودەوڵەتیـدا بەشدارییان کردووەو هەندێك خەڵاتیشیان بەدەستهێناوە. ژمارەیـەك فیلمـی (موحـسینی مەخمەڵباف) وەك فیلمی (دەستفرۆش ١٩٨٦)و فیلمـی (هاوسـەریەتی بەختـەوەر ١٩٨٩) کە لەچـەندین فێستیڤاڵدا بەشـدارییان کـردووە، هـەروەها فیلمـە ناودارەکـەی دەرهێنـەر (ئەمیرنادری) بەناوی (هەڵهاتوو) کە لەهەردوو فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی لەندەن و ڤینسیادا بەشداریکردووەو فیلمی (گرتەی نزیك)ی (عەباسـی کیاروسـتەمی) کـە خـەڵاتێکی مـەزنی فێـستیڤاڵی (لۆکـارنۆ)ی بەدەســتهێناوە. ئەمــە جگــە لەچــەند فیلمێکــی هــەر دوژنــە دەرهێنەری ئێرانی (رەخشانی بەنی ئیعتماد)و خاتوو (پـوران درەخـشاندە)و ژمارەیـەکی فیلمی تری ئەم سینەمایە..

بـەڵام لەگـەڵ هــەموو ئــەم دەستکەوتانەشـدا، ئـەو پرسـیارەی کـەزۆرجار خـۆی دەسەپێنێت ئەوەیە کەسینەمای هاوچەرخی ئێرانی، سەرەڕای سانسۆری نیمچە تونـدی وەزارەتی رۆشنبیری و ئیرشادی ئیسلامی چۆن توانیویەتی بەم شێوەیە ئاست و سنووری ناوخۆیی و لۆکاڵی تێپەڕێنێت و لەژمارەیەك فێستیڤاڵی سینەمایی گرنگی نێودەوڵەتیـشدا ژمارەیـەك خـەڵات بەدەسـت بهێنێـت؟ سـەبارەت بەسانـسۆرو ئاسـتەنگییەکانی بـەردەم سینەمای ئێرانی، دەرهێنەری ئێرانی ناودار (عەباسـی کیاروسـتەمی)، لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت[٣]: (هەنـدێکجار ئـەو تێروانینـەم لادروسـت دەبێـت کـە بـەهێزی سـینەمای ئێرانـی

بەهۆی ئاستەنگییەکانی بەردەمییەوەیەتی. هەندێجار، کاتێك هیچ سنوورو بەربەستێکی بچووك بوونیان نەبێت، ئەوا کارکردن ئەستەمە. پاشان دەڵێت: گەر بابەتێکم لا بێت و دژو ناکۆك نەبێت لەگەڵ سانسۆردا هەست دەکەن کە من بەچاکی رۆنەچوومەتە ناو بیرۆکەی بابەتەکەوەو تێیدا قووڵ نەبوومەتەوە).

دیارە بەشێکی زۆری داهێنانی سینەماکارانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و بەدیاریکراویش داهێنانی دەرهێنەرانی لاوی ئەم سینەمایە دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵی رابردووی پێش ریفۆرمە سیاسییەکانی سەردەمی دەسەڵاتداریەتی (محەمەد خاتەمی). هەروەها (کیاروستەمی) دەرهێنەر، لەهەمان چاوپێکەوتندا ئاماژە بەوەدەدات، کە بەشێکی زۆری هۆکاری داهێنان لەسینەمای ئێرانیدا دەگەڕێتەوە بۆ جەماوەری ئێرانی تامەزرۆی سینەما. دیارە زۆری جەماوەری سینەماش لەئێراندا، دروست دەگەڕێتەوە بۆ پاش سەرهەڵدانی شۆڕش کە (ئیمام خومەینی) توانی ئەو فتوا کاریگەرەی پیاوانی ئایینی هەڵوەشێنێـەوە کە لەزەمانی (شا)ی ئێراندا بۆ بەرگرتن لەچوونی خێزانەکان بۆ هۆڵەکانی سینەماو بینینی فیلمەکان دەریانکردبوو، چونکە (خومەینی) پاش سەرکەوتنی شۆڕش و گەڕانەوەی بۆ ئێران، لەیەکەمین وتاردا دەڵێت: (ئێمە هەرگیز دژایەتیی رادیۆو تەلەفزیۆن و سینەما ناکەین.. سینەما داهێنانێکی نوێیەو پێویستە لەهۆشیارکردنەوەو فێرکردنی خەڵکیدا بەکاربهێنرێت، هەربۆیە ئەوەی کە ئێمە لەگەڵیدا ناکۆکین خراپ بەکارهێنانی سینەمایە). پاش ئەم لێدوانەی خومەینی و دەربڕینی سەرسامیی خۆی بۆ فیلمی (مانگا-ی ١٩٦٩) (داریوشی میهرجوویی)، کە فیلمی ناوبراو بەدەستپێکی سینەمای هاوچەرخی ئێران دادەنرێت، تەنانەت خێزانە سەلەفییەکانیش، بەشێوەیەکی رێکوپێك روودەکەنە هۆڵەکانی سینەما بۆ بینینی فیلمەکان.

ئاشکرایە لەفێستیڤاڵی سینەمایی (کان)ی ساڵی ٢٠٠٠دا، سێ دەرهێنەری لاوی سینەمای ئێرانی، سێ خەڵاتیان بەدەستهێنا کە گەلێ لەسینەماکان خوازیاری بەدەستهێنانییان بوون، هەڵبەت خەڵاتی یەکەم کچە دەرهێنەری لاوی ئێرانی (سەمیرە مەخمەڵباف)، لەبەرامبەر فیلمی (تەختەڕەش، ٢٠٠٠)دا، خەڵاتی لیژنەی هەڵسەنگاندنی فێستیڤاڵەکەی بردەوە، پاشان هەریەك لە (بەهمەنی قوبادی) لەبەرامبەر فیلمی (ساتێك

بۆ مەستی ئەسپەکان) و دەرهێنەر (حەسەن یەکتاپەنا) لەبەرامبەر فیلمی (جومعە، ٢٠٠٠)دا، خەڵاتی کامێرای ئاڵتوی فێستیڤاڵەکەیان پێبەخشرا.

دیارە رووداوەکانی هەردوو فیلمی (تەختەڕەش)ی (سەمیرە)و (ساتێك بۆ مەبەستی ئەسپەکان)ی (قوبادی)، لەشوێنە پەراوێزو دوورە دەستەکانی کوردستانی ئێران روو دەدەن، هەڵبەت فیلمەکەی (سەمیرە) کە پتر لەفیلمێکی بەڵگەنامەیی دەچێت، کە تەنیا یەك ئەکتەری پرۆفیشناڵ رۆڵی تێدا دەبینێت و کەسایەتییەکانی تری ناوی لەکەسانی ئاسایی پێکهاتوون، کە بریتین لە: چەند مامۆستایەك کە وەك باڵندەیەکی نامۆ تەختەڕەشەکانیان بەکۆڵیاندا داوەو، بەبێ بوونی قوتابخانە لەتولەڕێ شاخاوییەکاندا، بەدوای منداڵاندا دەگەڕێن تاکو فێریان بکەن، کەچی منداڵان لەو کەلتوورو فێرکردنەی کە هەڵگری حەقیقەتە مردووەکانە یاخیبوون و نایەنەوێت فێر بن، کۆمەڵێك پیرەمێرد کە دەیانەوێ بەرلەوەی بمرن بگەڕێنەوە زێدو شارەکەیان (هەڵەبجە)، ئافرەتێکی نیمچە شێواوی بێهاوسەر، منداڵێکی سەرسام و... هتد. هەمووئەم کاراکتەرانە کە لەو ناوچە دوورەدەست و پەراوێزەدا کۆبوونەتەوە، یاخود رێکەوت کۆیکردوونەتەوە دەرئەنجام چیرۆکێکی ئەخلاقی پڕمانا دەدەنەدەست کە لێرەدا شوێنی ئاماژە بۆکردنی نییە. هەربۆیە تەنیا دەکرێت بڵێین سیناریۆی ئەم فیلمە کە خودی (مەخمەلباف[٤])ی باوکی سەمیرە نووسیویەتی، جوانییەکەی لەوەدایە کە هەموو شتەکان لەفیلمەکەدا لەسەر رووبەندی روودانداییە، بەڵام بەبێ ئەوەی رووبدات، واتە کاتێك بینەری ورد تەماشای فیلمەکە دەکات، پێشبینی ئەوە دەکات کە لەچرکەساتی بۆ نموونە پاش دیمەنی مەراسیمی بەشوودانی ژنە بێمێردەکە بەمامۆستاکە یەکێکیان، پرۆسەی سێکسی رووبدات، بەڵام ئێمە دەبینین منداڵەکە بەر لەڕوودانی ئەم پرۆسەیە دەگرێت، یاخود ئەوکاتەی لەفیلمەکەدا (رێبوار) بەو پەڕی دڵخۆشییەوە دەڵێت فێری نووسینی ناوی خۆم بووم، مامۆستاکەی دەباشیرەکەی دەداتە دەست تاکو ناوی خۆی بنووسێت، راست لەهەمانکاتدا کە سەری هەڵدەبڕێت لەو دیو تەختەڕەشەکەوە گوللەیەکی وێڵ دێت و دەیکوژێت، لێرەوە هەم لەسیناریۆکەداو، هەم دەرهێنەر، ئەو حاڵەتی شڵەژانەی کە لای بینەر دورست دەبێت بەرلەڕوودانی هەر رووداوێك بەتەواوەتی پاراستوویەتی، ئەمەش یەکێکە لەڕەهەندە جوانەکەی فیلمەکە...

بێگومان لێرەدا ناکرێت دەربارەی فیلمی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان، ٢٠٠٠)ی بەهمەنی قوبادی بدوێین، چونکە لەلایەکەوە دڵنیام کەخوێنەری ئەم وتارە فیلمەکەی

دیوەو لەلایەکی تریشەوە ئێرە شوێنی لێکدانەوەی درێژی ئەو فیلمە نییە. بەڵام دەکرێت بڵێین ئـەوەی جێگـای نیگەرانییـە لـەم فیلمـەدا، ئەوەیـە کـە فیلمەکـەی قوبـادی، تـا ئەندازەیەك واقعیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو فاکتەرە مرۆییانەدا ناکات، کە دوورو نزیك بوونەتە هـۆی دروسـتبوونی واقیعـی تراژیـدی ئـەو خەڵکـەی کـە لـەو ناوچـە دوورە دەسـتە سەرسنوورییە سەخت و پەراوێزخراوەدا دەژیـن، بـەڵکو لـەبری فاکتـەرە مرۆڤایەتییـەکان کامێراکەی قوبادی فاکتەر سروشتییە دڵڕەق و فاکتـەرە قـەدەری و ئیلاهییـەکان دەکاتـە هۆکاری ژیانی تراژیدی خەڵکی ناوچەکە. بەدەربڕینێکی دیکە لەفیلمەکـەدا هـەموو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی خەڵکی ناوچەکە بەگشتی و خێزانەکەی (ئەیوب)ی کاراکتەری سەرەکی فیلمەکە، بەناوی دژواری و دڵڕەقی سروشت (بەفرەزۆرەکە)و هەڵـەی بایۆلۆژی (مەهدی قەمور)و جەنگی سەختی چارەنووس (مەرگی باوکی ئـەیوب، شـکاندنی دەستی مامی.. هتد) گوزارشتیان لێکراوە. ئەم حاڵەتە لەفیلمەکەدا وایکردووە کە کێشەو گیروگرفتی خـەڵکی ناوچـەکە بەگشتی و کێشەی کاراکتـەرەکان بەتایبـەتی لـەوێناکردنی ناتەندروست و دوور لەڕاستییەوە بخرێنە بەرچاوی بینەر...

هەرچـی فیلمـی (جومعـە)ی (حەسـەن یەکتاپـەنا)یـە، بـاس لـەژیان و بەسـەرهاتی دووکرێکـاری ئـەفغانی نیـشتەجێی ئێـران دەکـات، کـە کرێکـارە بـچووکەکەیان نـاوی (جومعـە)یـە، لەئـەنجامی کارکردنـەوە پەیوەندییـەکی پتـەو لەگـەڵ خـاوەن کارەکەیـدا دروستدەکات، بەکورتی فیلمەکە باس لەخەون و ئومێدی (جومعە)ی ئەفغانی دەکات کـە چۆن لەگەڵ شوێن و کۆمـەڵگای ئێرانیـدا پەیوەنـدیی دروسـتبکات و رابێت لەسـەر ژیـان، هەربۆیە لەبنەڕەتدا فیلمەکە ناوی (پەیوەندی)یە.

### فێستیڤاڵی سینەمای نیویۆرک

لەکاتێکدا دەرهێنەرانی پێشڕەوی سینەمای هاوچـەرخی ئێـران لـەتاران و فێـستیڤاڵی (کـان)و چـەند فێـستیڤاڵێکی دیکـەدا دەگێرسـێنەوە، دەرهێنـەرە گەنجـە مۆدێرنـەکان پێدەخەنە یـەکێك لـە فێـستیڤاڵە سینەماییە نێودەوڵەتییـەکانی ئـەمریکاوە، کـە ئـەویش فێستیڤاڵی نیویۆرکە، لەهەردوو دەیەی کۆتاییـدا، (ریـچارد بـانی) بەڕێوەبـەری پرۆگرامـی فێستیڤاڵی ناوبراو، هەستاوە بەناساندن و پێشکەشکردنی فیلمی ژمارەیەك لەدەرهێنـەرە ئێرانییەکان، بەمەبەستی هەرچی زیاتر ناساندنی سینەمای ئێرانی بەوڵاتەکەی، سـەرەڕای پڕوپاگەندەکردن بۆ ژمارەیەك فیلمی ئێرانی لەئەمریکا بەگشتی و لـەنیویۆرك بەتایبـەتی،

کەچی رەخنەگرێکی ئێرانی وەك (حەمید دەباشی[٥]) پێیوایە کە ئامادەیی فیلمە ئێرانییە چاك و خراپەکان لەم وڵاتەدا، توانای جەماری سینەمای ئێرانیان لەسەر جیاکردنەوەی فیلمی باش و خراپ، جیدی بازرگانی، لاوازکردووە.

رەخنەگری ناوبراو لەم بارەیەوە، ئاماژە بەهەردوو فیلمەکەی (مەجیدی مەجیدی) دەرهێنەری لاو دەکات و دەڵێت بۆ نموونە سەرکەوتنی هەردوو فیلمی (منداڵانی ئاسمان) و (رەنگی بەهەشت)ی ئەم دەرهێنەرە دوو فیلمی بازیگانین و ئەم حاڵەتەش بەبڕوای (دەباشی) رەخنەگر تیشك دەخاتەسەر نەبوونی میکانیزمێکی رەخنەیی وەها، کە توانای جیاکردنەوەی فیلمی جیدی و باشی هەبێت لەفیلمی مامناوەندی یاخود خراپ، چونکە ئەمە هەرگیز بەو واتایە نایەت کە سینەماکارانی ئێران لەماوەی نیوسەدەی رابردوودا هیچ جۆرە کارێکی خراپ و لاوازیان بەرهەم نەهێنابێت..

## سەر چاوەکان:


(١)حميد دباشي: لقطة مقربة، السينما الايرانية، ماضيا، حاضرا، مستقبلا، ترجمة الى العربية: عارف حديفة، سلسلة الفن السابع، سوريا، ط١، ٢٠٠٣ ص٣٠٥-٣٠٧.

(٢)هەمان سەرچاوەی پێشوو ص٣٠٨.

(٣)حوار مع عباس كياروستمي، مجلة المدى، ژمارە (١٢)ی ١٩٩٦ ص١٣٧.

(٤)گزيندە گفنتارو نوشتار محسن مخبلباف، فيلمنامة (تختة سياه)، ص١٩٥، نشرنی، تهران.

(٥)حميد دباشی، لقطة مقرية، ص٣٤٣-٣٤٤.




# دەم و چاوەکانی پشت پەردەی هالیود

و/ سەمیر حسین



هۆلیود شاری ئەکتەرەکانە، ئەو ئەکتەرانەی کە هەریەکێکیان لەبەشێکدا توانایان هەیە. لەئەکتەرە گەورەکانەوە تاکو هونەرمەندەکانی وەکو (تام و کرۆزو جولیا رابرتز) هەریەکەیان بەشیوەیەك لەدروستکردنی فیلمەکاندا رۆڵێکی جیاوازیان هەیە، بەڵام لەڕاستیدا کێیە زۆرترین رۆڵی هەیە لەناو ئەم جیهانە سەیرو سەمەرەیەدا، یان کێیە ئەو کەسەی کەئەم هەموو رەنگ و توانایەی بەخشیوە بەم جیهانە؟

هەموو هەوڵدانەکان لەهۆلیودا تەنیا بۆمانەوەیە، بۆیە لەو نێوندەدا ناتونرێت



بەهیچ شێوەیەك توانایی و پاڵەوانییەتییەك بدرێت بەکەسێکی دیاریکراو. دەرهێنەرە گەورەکەی پشتیپەردە جاریوا هەیە کەسێك بەهۆی توانایەکانییەوە بەرزدەکاتەوەو جاریواش هەیە کەسێك دووردەخاتەوە، ئیدی گرنگ نییە پێشتر چیکردبێت.




لەم نێوەندەدا مەیلی سیاسی و بیروباوەڕی هونەرمەندەکان، دەرهێنەران و هەموو لایەنەکانی تر کەپەیوەستن بەفیلمسازییەوە، بۆی هەیە کە رۆژێك بکەونە لیستی رەشەوەو هەمیشە لەبەرامبەر هەڕەشە دان، زۆرێك لەهونەمەندە گەورەکان لەترسی دەرکردنیان، زۆرجار دەموچاوی خۆیان دەخەنەبەردەم جەراحی، بۆئەوەی چەند رۆژێکی دیکە بتوانن لەناو فیلمە خەیاڵی و زانستییەکاندا بەشدارییکەن.

ئایا لەم تێکەڵبازاڕییەدا دەتوانرێت هیچ کەسێك دابنرێت بەکەسی یەکەم؟ لەیەکێك لەراپۆرتەکانی بی بی سی–دا هاتووە کە کێیە بەردەوامی دەدات بەم بازاڕەو بۆئەوەی بەردەوام بتوانێت هێزی خۆی بهێڵێتەوە لەناو بازاڕەکانی جیهانداو بتوانێت کۆنترۆڵی جیهانی فیلم بکات:

(لارالینی) هونەرمەندی بەناوبانگی هۆلیود دەلێت: بەبۆچوونی من وادەزانم کە سەرمایەدارەکان توانایەکی بەهێزیان هەیە بەسەر ئەم جیهانەدا، بەداخەوە کەمن ئەم قسەیە دەکەم، بەلام ئەوە راستییە کەناتوانرێت خۆمانی لێلابدەین و لێرەوە بەدووی باشترین بازاڕدا دەگەڕێن، لەرێگەی هونەرییەوە، بۆیە دەبێت ئەو بلێم سەرمایەدارەکان دەسەلاتێکی زۆریان هەیە.

(رالف فاینس) ئەکتەری بەناوبانگی فیلمەکانی (نەخۆشی ئینگلیزی) و (باخەوانی بەوەفا) دەڵێت: وادەزانم کەسەرمایەدارەکان زۆرترین دەسەلاتییان هەبێت بەسەر ئەم

بازارەدا، وادەزانم کاتێك یەکێك لەفیلمەکانم نمایشدەکرێت خەڵکی سەیری بیرۆکەکانم دەکەن، لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوەکانمدا، بەڵام باوەڕناکەم زۆر توانام هەبێت لەم شارەدا.

(ریکی گرویس) نووسەرو دەرهێنەری بەناوبانگ باوەڕی وایە: کەکۆمەڵێك دەموچاو دەبینرێن کە لەوەدەچێت توانایان هەبێت لەهۆلیودا، بۆیە دەتوانرێت تاڕادەیەك دەستنیشانیان بکەین، وەکو (ئستیۆ ئیسبلیرگ، هاروی و وینستین) بەڵام زانیاریم لەپیاوانی پشتپەردەوە نییە، بەگشتیی ئەم بابەتە من بێزارناکات.

کەواتە لەنێوان ئەم بابەتانەدا پیاوەکانی پشتیپەردە کێن؟ کۆمەڵێك کەس هەیە کە لەخۆوە لەڕاگەیاندنەکاندا باسی توانای خۆیان دەکەن، ئەوە هەموو بێمانایەو جگە لەقسە هیچی دیکە نییە.

(مایك مایلز) ئەکتەری فیلمی (کوڕانی کاغەزی) لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەم پرسیارە وەکو ئەوەیە بڵێم ئەمڕۆ لەبەغداد کێ زۆر بەهێزە؟، کاریگەریی هێز شێوەیەکی دیاریکراو نییە لەهۆلیودا، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕدرێت، ئەو یاسایەی کە ئیشی پێدەکرێت یاسای سەردەمی بەردینەکانەو ئەو سیستەمەی کە لەوێدا ئیشی پێدەکرێت یەك لایەنە، هەمیشە لەگەڵ کەسی بەرامبەردا تەواو دەبێت. هەموو شتێك لەکاتی گۆڕاندایە، لەوانەیە فیلمێك دروستبکرێت کە شۆینی هەموو فیلمەکان بگرێتەوە، پاشان دانەیەکی باشتر، پاشان ناوی کەسێك، بەردەوام ڕۆژنامەکان ببینن و کۆمپانیاکان ریکلامی بۆ بکەن، بەهەرحاڵ شتەکان تێکەڵوپێکەڵن، من ناتوانم شتێك دیاریبکەم، کە بڵێم ئەو شتە سەددەرسەد دەسەڵاتی تەواوەتی هەیە.

لەوانەیە ئەگەر سەیری کۆمەڵەی فیلمەکانی (ماتریکس) بکەین کە بەرهەمی کۆمپانیای فیلمسازیی (برایانی وارنەر)ە، ئەوە پیشانبدەن کەکێ توانای هەیە بەسەر ئەو شۆێنەدا.

لەوێدا ئەستێرەکان، ئەکتەرەکان یان نووسەرە گەورەکان، سەرەڕای ئەو حەقیقەتەی کەزۆربەی فیلمەکانی (جوئێل سیۆر) بەرهەمهێنەرە، کەیەکەم ناوە لەڕیزبەندی فرۆشتنی

بلیتەکاندا، کەنزیکەی پێنجملیۆن دۆلار بوو، ئەو ئێستاش بەردەوام هاوکاریی لەگەڵ کۆمپانیای (برادەرانی وارنەر)دا دەکات، لەبەرامبەر پارەیەکی باشدا.

(جوئێل سیۆر) لەمبارەیەوە دەڵێت: ستۆدیۆ بڕیاردەدات کە چ فیلمێك دروستبکرێت، دەتوانرێت ئەوە بووترێت کەتواناکان لەوێوە سەرچاوەدەگرن، کاتێك ئێمە دەڵێین ئەم فیلمە دروستدەکەین یان دروستی ناکەین وەڵامی کۆتایی لای ئەو خاوەن کۆمپانیاو ستۆدیۆیانەیە، لەمبوارەدا توانایەکی زۆرم نییە، لەوانەیە بتوانم هانیان بدەم تاکو ڕێگەبدەن فیلمێکی باش دروستبکەم، بەڵام دەسەڵاتی واقعی لای ئەوانە.

بۆیە بەبۆچوونی ڕەخنەگرانی سینەما لەنێوان ئەمانەدا کەسانێکی بەهێز بوونیان هەیە، بێگومان (ئستیو ئسپلیبرگ) یەکێکە لەوانە، نەك تەنیا فیلمنامە دەنووسێت، بەرهەمهێنەرو ئەکتەرەو یەکێکە لەبنیادنەرەکانی ستۆدیۆی فیلم، تەنیا ئیمزای ئەو بەسە بۆئەوەی پرۆژەیەکی گەورە ئەنجامبدرێت، کەمکەس هەیە بتوانێت لەهۆلیودا لەگەڵ ئەم پیاوەدا بەربەکانێبکات.

سەرچاوە (voa news)



# هەڵکەوت زاهیر: لەدانانی میلۆدی و دابەشکار کەموکوڕیمان هەیە.

**هونەرمەندی موزسیانو ئاوازدانەر (هەڵکەوت زاهیر) ناوێکی دیارو ناسراوی هونەری مۆزیکو گۆرانی کوردییە، خاوەنی چەندین ئاوازی جوانە، ئێستا راوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە بۆ کاروباری هونەریی، لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەسەر چەند لایەنێک لەسەر ئاوازو مۆزیکو گۆرانیی کوردی بۆمان دەدوێت.**

چاوپێکەوتنی: رێبواری ئازادی

***بەڕای تۆ مۆزیکو گۆرانی کوردی پرۆفیشناڵن، ئایا هەنگاوەکانیان بەکوێ گەیشتووە؟**

–دیارە موزیکی کوردی بەشێوەیەکی گشتیی لەهەنگاوی بەرەو پێشکەوتن دایە، کۆمەڵێك کەسانی بەتوانا لەبوارەکەدان کار بۆ پێشخستنی مۆزیکی کوردیی دەکەن و کۆمەڵێك هەوڵی باش هەن، کۆمەڵێك کەسانی باش هەن، هەوڵدەدەن کاربەرەو پرۆفیشنالیزم بەرن، کار بەرەو سیستمی دنیای دەرەوەو جیهانبینی بەرن، کاری باش کراوە لەئاستی گۆرانیدا دەنگی خۆشی تازەو باش هاتووەتە ئاراوە، ئێمە خاوەنی

کۆمەڵێك دەنگخۆشی باشین، چ لەخانمان چ پیاوان گۆرانیبێژی زۆر باشمان هەیە، ئومێد دەکەین کەسانی تازەش بێنەپێشەوەو کاریان بۆ دەکەین و هاوکارییان دەکەین.

***هاوکارییەکی باشی خاتوو دڵنیا رەزازیتان کرد بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبوومی (چاوەڕێ بووم) ئایا دڵنیا خان تا چەند توانیویەتی لەگەڵ مۆزیکدا گۆرانی بڵێت، ئایا ئومێدی دەنگێکی جوانی لێ بەدیدەکرێت؟**

–سیدییەکە حەوت گۆرانییەو هەمووی ئاوازی منن، بەهاوکاری هاوڕێی خۆشەویستم (یەحیا موجی) کە دابەشکاریی مۆزیکەکەی بۆ کردووە لەقاهیرە ئەم کارە بۆ خاتوو مەرزییە کرابوو (٦) گۆرانی بەدەنگی خاتوو دڵنیایەو یەکێکیان بەدەنگی خاتوو مەرزییەیە کە دواگۆرانییەتی بەر لەکۆچی خۆشبەختانە خاتوو دڵنیا توانی زۆر سەرکەوتووانە ئەو گۆرانیانە بڵێت، خۆی ئەو کارانە لەسەرەتادا بۆ خاتوو مەرزییە کراوە کۆمەڵێك تواناو وزەی مەرزییەخان لەبەرچاوگیراوە، بەڵام ئەویش سەرکەوتووبوو، دیارە پڕفرۆشتنی سیدییەکە لەبازاڕدا ئەوەی پیشاندا کە لەماوەی دوو سێ رۆژدا لەبازاڕدا نەما، بەڕاستی مایەی خۆشحاڵی بوو بۆ هەموومان کەمنیش هاوکاربووم لەو کارەدا، دەستخۆشی لەدڵنیاخان دەکەم پێموایە رۆحی مەرزیەی شادکردەوە بەو کارە جوانەی.

***فرۆشتنی زۆری ئەو سیدییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەستایلی موزیکی سیدیکە ستایلێکە بیسەری ئێمە کەمتر پێی ئاشنابوو زۆر نزیکە لە مۆزیکی عەرەبی بەتایبەت موزیکی میسری و پێمباشە روونکردنەوەیەک لەو بارەیەوە بدەیت، ئەم موزیکە چ ستایلێکەو ناوی چییە؟**

–دیارە موزێکی کوردی هەوڵێکی ئەو تۆی لەسەرەتاوە بۆ نەدراوە کە ئێمە بێین هەموو ستایلەکانی مۆزیکی دنیا بێنینە ناو مۆزیکی کوردییەوە و دوڵەمەندی بکەین من بۆ خۆم کە مۆزیکی غەربیش دەکەم، لەهەمانکاتدا مۆزیکی تەرەبیش دەکەم کە ستایلێکە لە میسرەوە و لە مۆزیکی فیرعەونەکانەوە هاتوە، ئێمە دەتوانین ستایلی پاپ وراپ وجازو هەموو ئەو ستایلانە بێنینە ناو مۆزیکی کوردییەوە بۆ ئەوەی دەوڵەمەند ببێت و تاموچێژی مۆزیك جیهانییەکانیتر بدات، ئەمەش کارێکە دەبێت بکرێت، ئەمە پێی دەوترێت ستایلی تەرەب کە ساڵەهای ساڵە گەورە هونەرمەندەکانی میسر وەکو(نجاة الصغیرة، ام کلثوم، عبدالحلیم، وردة جزائیري) کاریان لەسەر کردووە و سەرکەوتنی

گەورەیان بەدەستهێناوە، خەڵکانی ئێمەش تائیستا تامەزرۆی ئەو گۆرانیانەن، من پێموایە کوردیش بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئەو ستایلەی بەکار هێناوەو کۆمەڵێك هەوڵدراوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون ئومێد دەکەم لە هەموو ستایلەکانی تر کەسانێك دەرکەوون ومۆزیکەکەمان دەوڵەمەند بکەن. لەسەر هەمان ستایل سیدیەکم بۆ خاتو لەیلا فەرقی کردووکە(٩) گۆرانی لەخۆ گرتووە دیارە ئەم کارانەش کە لەگەڵ خاتوو لەیلا فەریقی لە(٢٠٠٤)ەوە دەست بەکاربوین بۆ سالی (٢٠٠٥) بەڵام مەرگی خاتوو مەرزیە ئەو سیدیەی دواخست، لەیلاخانیش بڕیاریدا بۆ ماوەی ساڵێك کارنەکات، بەڵام ئێستا ئەو سیدییەش هەیە لەهەمانکاتدا سیدییەك بۆ باخان هەیە ئەویش هەشت گۆرانییە هەروەها تارا رەسوڵ، خاتوو هانی، کاك دانا غەنی کۆمەڵێك هونەرمەندی دیکەش پێشنیازیان کردووە لەلام دەیانەوێت لەو ستایلە گۆرانیان بۆ بکەم، پرۆگرامێکی کاتیم داناوە هەریەك بۆ یەکێك تا بتوانین ئەمە بکەین و گوێی بیسەرانیش خۆشحاڵ بکەین بەو موزیکە.

***بەڕێزت شارەزاییەکی باشت هەیە لەمۆزیکدا ئێستا مۆزیکی تورکی کە لەزۆر ئاوازی هونەرمەندانی بەتواناد دەبینرێت، باشە مۆزیکی تورکی چەند لەڕووی مێژووییەوە ئەسڵیەتی هەیەو لەگەڵ مۆزیکی ئێمە تێکەڵاوە؟**

-تێکەڵاوییەکی ۆر هەیە لەنێوان مۆسیقای تورکی و فارسی و عەرەبی و کوردی و هەتا هیندی. من ئەو تێکەڵاوییە بەکارێکی ئاسایی دەبینم، کە ستایلی ئەرەبیسکی تورکی بەکاریدەهێنن ئەوانیش کۆپیەکن لەموزیکی عەرەبی، بەڵام موزیکی تورکیش بۆخۆی مێژووییەکی زۆر کۆنی هەیە خاوەنی موزیکێکی زۆر خۆشن، من بۆخۆم حەز لەمۆسیقای تورکیش دەکەم گوێیان لێدەگرم و ئەمەش حاڵەتێکی سروشتییە رای ئەو کەسەیە ستایلەکە بەکاردێنێت ئازادە، بەڕای من پێویست ناکات بەرەنگاری ئەو هونەرمەندە ببینەوە، با چ ستایلێکی پێخۆشە بەکاریبهێنێت، موزیکی کوردی قابیلی دەوڵەمەند بوونە بەهەموو شێوازەکانەوە.

***بالەسەرئەوە قسەبکەین لەسەردەمی خۆیدا تیپە مۆزیکیەکانی (سلێمانی، هەولێر) ئاستی دابەشکردنی موزیکیان چۆن بوو، بەچ شێوازێک موزیکیان گەیاندۆتە گوێی بیستەر؟**

–دیاره لەپێشوودا کۆمەڵێکم راو کار هەبوو کە تیپی مۆزیکی سلێمانی و تیپەکانی کە هەوڵیانداوە تا ئەو کارانەی ئەمڕۆ دەکرێت گرنگیان پێداوەو بەشێوازێك کردوویانە، بەلام کەوتووەتە سەربیرکردنەوەو هەوڵی ئەو کات زەمەنی ئەمڕۆ گۆڕاوە، زەمەنێکی ترە گەنج کارێکی تازەی لێدەوێت کە لەوڵاتەکانی تر هەیە ئەو هەنگاوانەی بەش بەحاڵی خۆم وەکو مۆزیکسازێك دەبینیم دەیکەم ئەوەیە کە ڕای گەنجان و ئەو خەڵکەی کەچی دەوێت گوێ بۆ گۆرانیبێژێکی عەرەب دەگرێت بۆ گوێ لەگۆرانبێژێکی کورد نەگرێت بۆ ستایلی ئەو موزیکەی گەنجێك سۆزو عەشقێکی پێی هەیەو کاتیشی پێدەباتەسەر ئەمە لەگۆڕانکاریدایە ئومێد هەیە، وزەی باش هەیە، کاری لەسەر دەکرێت.

***ئێستا زۆرێک لەهونەرمەندەکان ئاوازی رۆژئاوایی بەکاردێنن و ئەدایەکی جوانیشیانکردووە، تۆ تا چەند لەگەڵ ئەو رایەدای پشتیوانی لەو جۆرە هەوڵانە بکرێت؟**

–من پێمباشە وەکو لەسەرەتا ئامـاژەم پێدا هەموو ستایلەکان بێنە موزیکی کوردییەوە، هەرکەسێکیش ئەو کارە دەکات موزیکی رۆژهەڵاتی و ستایلەکانی پاپ و راپ و جازو بلوزو ئارابیسك و ئەمانە بەکاردەهێنن، دەستخۆشیشیان لێدەکەم هەنگاوێکی زۆرباشە ئومێددەکەم سەرکەوتووبن ئومێددەکەن کەسی تر بێتە ئاراوە، خەڵکی زۆر ئێمە بەهەمووکمان تاموچێژێکی خۆش بۆ مۆزیکی کوردی دروست بکەین.

***بۆ مۆزیکی درامی، تائێستا ئێمە مۆزیکی درامیمان نییە بەتایبەت زنجیرە دراماکان، ئەو مۆزیکەی ئامادەکراوە ئەوە نییە لەئاستی درامادا بێت، بەڕێزت لەو بارەیەوە رای چییە؟**

–پێموایە سەد لەسەد خۆشی لەموزیکی درامی چۆنیەتی دروستکردنی جیاوازەییە لەگەڵ گۆرانییەکی تردا، هەڵبەت کاتی خۆی چەند کارێك کراوە، ژاڵە سەرکەوتووبوو زۆر سەرکەوتووبوو دەستخۆشی لێدەکەم مامۆستای بەڕێزم سەلاح رەئوف و مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بەوکارە هەستابوون وەکو میلۆدی و دابەشکردن، من بەشبەحاڵی خۆم کارێکم کردووە کە کەوتە بەرگوێی بیستەران و بینەران، ئومێدم ئەوەیە جێی رەزامەندییان بێت دەبێتە فۆرمێك لەڕووداوی چیرۆکەکە لەدورستکردنی گۆرانییەکەدا هەبێت، گۆرانی دراما

لەکوردیدا ڕێچکەیەکی ئەووتۆی نەگرتووە بەس ئومێددەکەین لەداهاتوودا کاری جوان بکرێت و خەڵکەکەش چاو لەو کارانە بکەن و کاری باشتربکەن.

***ئەگەر لەنزیکەوە ئاگاداری ئەوە بیت لەزۆربەی کارە شانۆییەکاندا کە مۆزیکی تێدابەکارهاتووە میزاجی بینەر تێکدەچێت. ئایا ئەو مۆزیکەی کە هەڵدەبژێرێت لەکارە شانۆییەکاندا لەئاستی شارەزاییدا نییە، یان ئەوەیە کە شانۆی کوردی مۆزیکی نەبووە لەبابەتە شانۆییەکاندا بەکاری بێنیت. تۆ ڕێنمایت چییە بۆ ئەو دەرهێنەرە شانۆییانە چۆن ئەو بابەتانە هەڵبژێرن؟**

–دەبێت سەیری ئەوکارە جیهانییانە بکەن، ئەو کارانەی وڵاتە دراوسێکانمان، کاتێك کە کارێك دەکەن، باکات بەڕێکردن و بە کاتێکی خێرا نەیکەن، دانیشن کەسانی شارەزا بێنن لەبواری موزیك وروداو و نمایشی ئەو شانۆییە ئامادەکاری موزیك و ئامادەکاری هەموو لایەنەکانی کەی بۆ بکەن، لەلای ئێمە بەداخەوە مۆزیکێك دەبینی و شتێك دەکرێت، مۆزیکی وڵاتێکی کە بێت ئامادەکارەکە، لەبەرئەوەی سەرفنەکرێت ئێمە کاربکەین دەبێت کاری پرۆفیشناڵیانە بکەین هەنگاوەکانمان بەجدی بێت و مۆزیکێکی پرۆفیشناڵ بێت.

***سەرنەکەوتنی ئەو مۆزیکانەی کەگۆرانیبێژەکان بۆ تێکستە شیعرییەکان بەکاریدەهێنن بەنموونە ئێستا زۆر گۆرانیبێژ تێکستێك دێنێت موسیزیانەکە توانای بەسەر جێبەجێکردنی مۆزیکەکە ناشکێت، ئەوا بەرهەمەکە پرۆفیشناڵ و سەرکەوتوونابێت، یان ئەوە بەشێوەیەکی دیکە جێبەجێکاری موزیک بۆچی ناتوانێت وا لەگۆرانیبێژ بکات کە سەرکەوتوو بێت بۆ داهاتووی خۆی؟**

–کەموکوڕی نەك لەدابەشکار بەتەنها، بەڵکو میلۆدی دانەریشمان کەمە. من بۆخەم کە لەو بوارەدا کاردەکەم میلۆدیدانەرو دابەشکاری پرۆفیشناڵیشمان زۆرکەمە. بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ دابەشکەرەکانی ئێرە کارم کردووە، کاك هێمن حسێن یەکێکە لەو دابەشکارانەی زۆر بەهرەمەندە و کاری جوان دەکات، هەروەها کاك دلێر حسێن. هیوامە

که کەسانی تریش بێنە بوارەکەوەو کاری جوانتر بکەن. وەکو موزیکی جیهانیش ئەزموونم هەیە لەگەڵ مامۆستا نەجات ئەمین کارمکردووە، بەئومێدم کاری باشتر ئەنجامبدەم.

***وەک لەنزیکەوە ئاگاداربیت سەر چاوەی نووسینی تایبەت بەمۆزیک لەکوردستاندا چەند هەیە، بۆ نموونە من لەگەڵ ژەنیارێکی ئیقاعیدا قسەمکرد دەیوت ناهەقم نییە من تائێستا کەسێکی (هاویم) ئەکادیمی نیم لەبەرئەوەی هیچ سەر چاوەیەکی کوردیم نەبینیوەو عەرەبیشم دەست نەکەوتووە فارسییەکانیش کەم کەس دەزانن. لەو بارەیەوە چی بکرێت باشە؟**

—من پێموایە نووسەری تێکستی گۆرانیمان زۆر کەمە لەکوردستاندا، بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ زۆر لەشاعیرەکان کارم کردووە هەوڵمداوە گۆڕانکاری پێبکەم لەتێکستی گۆرانییەکان، چونکە بەقافیەو کێشی مۆزیکی نانووسن، ئەوان وەکو شاعیرێك شیعرەکان دەنووسن. قافیەو کێشی مۆزیکی جیاوازی هەیە لەگەڵ کێشی شاعیردا، ئەمە لەلایەك، پاشان شیعر شیعرەو تێکست نووسینی گۆرانی هونەرێکی تایبەتە بەموزیك جیاوازە لەگەڵ نووسینی شیعرێك، ئەمە جیاوازییەکە دەبێت بکرێت، هیوادارم کەسانی پرۆفیشناڵ بێنە پێشەوەو تێکست نووسی گۆرانیمان هەبێت و دەبێت بەزمانی مۆسیقا بنووسێت.

***پەیمانگاکانی کوردستان لەئاستی پێگەیاندنی کادری مۆزیکی باشدان یان هێشتا ماومانە لەبواری هونەری مۆزیکدا پەیمانگاکان بەتەواوی بخەملێنن، بەڕێزت لەبەرئەوەی لەدەرەوەی هەرێم بویت زانیاریت هەیە لەو بارەیەوە روونکردنەوەت چییە؟**

—ئێمە بەشێوەیەکی گشتی کادرمان کەمە مامۆستای موزیك و سینەماو شێوەکاریشمان کەمە، زۆر پێویستمان بەخەڵکی باش هەیە ئەو کوردانەی چوونەتە هەندەران و ئەزموونێکیان هەیە بێنەوە خزمەتی باشیان پێ دەکرێت ئاستی پەیمانگەکان بەشێوەیەکی گشتی من وەکو قوتابییەکان تۆزێك لاواز دەبینم راستە مامۆستای دڵسۆزی زۆر تێدایە کەسانی زۆرباشی تێدایە، بەڵام ئەوەندە بەس نییە، دەبێت کەسانی زۆر بێتە پێشەوە کەسانی زۆر بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ لەهەموو ئامێرە موزیکییەکان لەهەموو

بەشـەکانی سـینەماو بەرهـەمهێنان و دەرهێنـان و لەهـەموو بەشـەکانی تـردا دروسـتبن بۆئەوەی بتوانرێت کادری باش پێبگەیەندرێت.

***پێویستمان بەوە هەیە کەسانێک بنێردرێنە دەرەوە بۆئەوەی لەبواری مۆزیک شارەزایی پرۆفیشناڵیان هەبێت؟**

–بەدڵنیاییەوە پێویستە بۆ هەموو بەشەکانی هونەردا خـەڵك بنێردرێتـەوە دەرەوە تـا تواناو کادری باشمان دەستبکەوێت.

***هونەرمەندە گەورەکانمان وەک مامڵێ و حەسەن زیرەک و... هتد، کە لەڕابردوو خزمەتێکیان بەهونەریی کوردی کردەوە ئەوان لەسـەردەمێکدا موزیکیان بۆ بەکارهاتووە ئەگـەر ئـەمڕۆ بەشـێوازێکی تـر تۆماربکرێنـەوە دەنگـەکانیان لەگـەڵ مـۆزیکێکی نوێـدا تۆمـار بکـرێن، ئایـا دەبێتـە هـۆی ئەوەی لەئاستی هونەری ئەوان کەمبکاتەوە؟**

–نـەخێر کەمیناکاتـەوە ئـەوە شـتێکی باشـە ئەگـەر هـەنگاوێکی وابنرێـت هەنـدێك لەگۆرانییەکان بە سیستمێکی مۆزیکی زۆرخراپ کراون، ئێمـە دەتـوانین ئـەمڕۆ کـەئامێری بـاش هەیـە ئـەو دەنگـە پاکبکرێتـەوەو مـۆزیکێکی زۆرجـوانی بـۆ بکرێـت. گرنگیـشە ئـەو کارەبکرێت.

# دالی و پێشانگایەک لەبەرلین



ئا/شۆڕش محەمەد حسێن

یەکێك لەگرنگترین ئەو پێشانگا شێوەکارییانەی کەلەمماوانەدا لەبەرلین کرایەوە پێشانگای(سلڤادۆر دالی)یە، کە لە٣/١٦کرایەوە و تا ١٢/٤بەردەوام بوو، هەڵبەت لەپێشدا پلانی ڕێکخەرانی ئەم پێشانگایە ئەوەبوو کە بۆماوەیەك لەوە کەمتر پێشانگاکە بەردەوامی پێبدەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر رووی لەپێشانگاکە کرد بۆیە ماوەکەیان درێژکردەوە.

ئەم پێشانگایە بەهۆی دانسقەیی و گرنگییەکەیەوە بەتەنها پێشوازی لەبینەرانی وڵاتی ئەڵمانیا نەکرد، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستە چەندین بینەر لەوڵاتانی ئەوروپاوە بوونە میوانی وڵاتی ئەڵمانیا بۆ بینینی ئەم پێشانگا شێوەکارییەی دالی، بەتایبەت کە پێشانگاکە

پەیوەستە بەیەکێك لەڕێبازە گرنگەکانی شێوەکاری کەبە ڕێبازی سوریالییەت ناسراوە و تایبەتە بەیەکێك لەشێوەکارە گرنگەکانی ئەم ڕێبازە کەئەویش بێگومان سلڤادۆر دالییە. دالی لە(١١)ی مایسی ساڵی (١٩٠٤) لەدایکبووەو بەیەکێك لەو زانایانە دادەنرێت کەلە چەرخی بیستدا دەرکەوتووە.

د.کریستیان هانکە کەیەکێکە لەڕێکخەرانی ئەم پێشانگایە کە لە (سیتی کوارتیر–دوم ئەکواری) کرایەوە، دالی سەبارەت بەهونەری شێوەکاری دەڵێت: هەرکەس دەیەوێت چەند ساتێکی خۆش بەسەربەرێت پێویستە لەسەری کە کاریگەر بێت، ئەمەش یەکێکە لەجوڵە سەرەکییەکانی سلڤادۆر دالی کەبەهۆی جۆری ژیان و هەروەها تابلۆو بەرهەمەکانییەوە کاریگەریی لەسەر خەڵك بەجێدەهێشت، چونکە سلڤادۆر دالی لەهەموو بوارەکاندا زاناو لێهاتوو بوو و لەوانیتر نەدەچوو و لەپێشکەشکردنی خودی خۆی و بەدیهێنانی بیرۆکەکانیدا ئەوپەڕی لێهاتوو بوو. سلڤادۆر دالی بەر لەهەرشتێك یەکێك بوو لەگەورەترین هونەرمەندەکانی چەرخی پێشوو و کەلەپورێکی هونەری گەورە و دانسقەی بەجێهێشت، کە سەرجەمی مۆزەخانە و گەلەرییەکانی جیهان شانازی پێوە دەکەن. دالی بڕوای بەو بەربەستانە نەبوو کە دەهاتەبەردەم بەدیهێنانی خەونەکانی و هەربۆیە زۆر بەوریاییەوە سەرجەمی ئەو بەربەستانەی تێدەپەڕاند کە دەهاتە بەردەم هونەرەکەی . دالی خاوەن چەندین بەهرە بوو و خودی خۆی بەتەنها لەوێنەکێشاندا بەند نەدەکرد، بەڵکو شارەزاییەکی تەواویشی لەهێڵکاری و نەخشەسازی و نووسین و بەرهەمهێنانی فیلم و نەحت و دروستکردنی چەندین پێکهاتەی هەمەجۆر هەبوو. بێگومان کردنەوەی ئەمجۆرە پێشانگایانەش بۆنەیەك بوو بۆ ناساندنی ئەو هونەرمەندەی کە وای لەژیان کرد دەوڵەمەند بێت بەسوریالییەت.

ئەم پێشانگایەی بەرلین لەپێشانگاکانی پێشوتری ئەم هونەرمەندە جیاوازتر بوو، نەك بەتەنها لەبواری نمایشکردنی ژمارەیەکی زۆر لەتابلۆکانی، بەڵکو بەهۆی دەرخستنی تواناو لێهاتوویی دالی لەسەرجەم ئەو بوارە جیاوازانەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بەواتایەکی تر ئەم پێشانگایە بوارێکی فراوانتری بۆ بینەرانی ڕەخساند کە بەلێهاتوویی و توانایی دالی ئاشنابن لەبوارە هەمەجۆرەکانی تردا و دەرخستن و نمایشکردنی ئەو بەرهەمانەی کەلەتەمەنێکی کەمی ژیانی خۆیدا پێی هەستاوە لەگەڵ ئەو بەرهەم و

تابلۆیانەی کە بەهونەری سوریالییەت دەناسرێن و دالی لەژیاندا تەواوی نەکردبوون یاخود جیاوازبوون لەبەرهەمە هونەرییە بێگەردەکانی.

سلڤادۆر دالی لەساڵی ١٩٣٥و لەدەقێکی بڵاوکراوەدا بەناونیشانی( غەزوی ناعەقڵانییەت) دەڵێت: (لەراستیدا من لەوکاتەی وێنەی تابلۆکانم دەکێشم نازانم چی دەکەم، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو تابلۆیانەی دەیانکێشم خاوەن مانا نین، بەپێچەوانەوە سەرجەمی ئەو تابلۆیانە خاوەن قوڵاییەکی زۆر و زۆر ئاڵۆزیشن، لۆژیکییانە پەیوەستن بەیەکەوە و هەر شیکردنەوەیەکی لۆژیکی ساکاریش دەتوانێت لێی تێبگات، سوریالییەت بۆ هەمووانە). ئەمەش ئەوەبوو کە دالی دەیخستە روو و بۆئەوانی تری دەویست.



لەم پێشانگایەدا ٣٠٠نموونە لەبەرهەم و ژیانی دالی و لەپانتایی ١٦٠٠مەتر چوارگۆشەدا نمایشکران. دالیش لەرێگەی بەرهەمەکانییەوە کە بەتەکنیکی هەمەجۆر بەرهەمهێنراون خۆی وەك هونەرمەندێکی گەورە بەبینەر دەناسێنێت، ئەمە سەرەڕای نمایشکردنی ژیانی رۆژانەی خۆی و سەرقاڵییە هەمەجۆرەکانی، کە هەموو بینەرێکی پێشانگاکە وەك بیبلۆگرافیایەکی تەواوی دالی لێی دەڕوانێت.

ئەم پێشانگایە کۆمەڵێك بەرهەمی هێڵکاری و نەخشەسازی و کتێبی وێنەیی و دۆکیومێنت و پرۆژە و بەرهەمی هەمەجۆری گرافیکی و پەیکەری هەمەجۆر و زنجیرەیەك لەفیلم کە دالی تیایدا دەرکەوتووە و بەرهەمی هەمەجۆری نەحتی وەك (شای سوریالی)، کە دالی بەهۆیەوە ویستی ببێتە خواوەندی سوریالییەت ، نمایشکران.

**بەشی دووەم**



# دیدار لەگەڵ هونەرمەند بەکر ڕەشید

سازدانی چنور محەمەد

**کاتێک کە تۆ هونەر هەڵدەبژێریت و ئیشی لەسەر دەکەیت، ئایا پێویستت بەکەسێک هەیە دەستخۆشیت لێبکات یا چاوەڕێی کەسێک دەکەیت شتێکت پێبڵێت؟ ئەوە تۆیت شتەکان دەبەخشیت، ئەی چۆن چاوەڕێی بەرامبەرێک دەبیت بۆ ئەوە؟ لەبەرئەوە بەلای منەوە تاک زۆر گرنگترە لە هەموو شتەکانی تر.**

بەڵی (ئەپسن) خۆی وادەڵێت، من دوژمنی گەلم لە ساڵی ١٩٩٥ نمایش کرد، دوواکارم بوو لە کوردستان کە دوایی چووم بۆ ئەوروپا ئەپسن لە دوژمنی گەلدا لەڕێگەی دکتۆر ستۆکمان پێیدەڵێت هەموو سەرچاوەکانی ژیان بۆگەنی کردووە، ژیان هەمووی، ئەو

لەگـەڵ براکەیـدا ململانێیـەکی گـەورەی هەیـە هەرچـی وتارەکانییـەتی رەتدەکرێنـەوە، ماڵەکەی بەرد باران دەکرێت، دوایش هەرئەو گرەو دەباتەوە، زۆرجـار تـاك گـرەوی خـۆی دەباتەوە، بمانـەوێ و نەمانـەوێ بـە هـەموو ئـازارەوە کـە تـاکین ئێمـە بـەردەوامین، مـن چـاوەڕێی هـیچ پاداشـتێك بـۆ هـیچ  بابـەتێك ناکـەم لـە دەسـەڵات و رێکخراوەکـان، مـن ئەوەندەی کە هونەر دەبەخشم لەسـەر رۆحـی خـۆم وجەسـتەی خـۆم، ئەمـە شـتێکە مـن شانازی پێـوە دەکـەم، تـاوەکو ئێـستا خـاوەنی دوو خـەڵاتم، سـاڵی ١٩٨٩ کـە قـەرەجی (پوشکین)م نمایـشکرد، دوو خـەڵاتم وەرگرتـووە و یەکـەم دەرهێنـەربووم لەسـەر ئاسـتی عێراقدا، لـە بـەرلینیش سـاڵی ٢٠٠٣ دوا گـۆرانی (چیخۆف)م نمـایش کـرد، وەك باشـترین دەرهێنــەر خــەڵاتم وەرگرتــووە، ئەمانــە دەوڵەمەنــدتری کــردووم، دەبێــت لــە کارکردنــدا سـتۆکمان بیـت، ئەگـەر تۆکمـان نـەبیت ناتوانیـت کاربکـەیت، چـونکە مێگـەلێك هەیـە دەسەڵاتێك هەیە گوێت لێناگرن، خۆ نابێت تەسلیم بیت، دەبێت تۆ هونەرمەند و داهێنـەر بیـت، بۆئـەوەی بتوانیـت رێـڕەوی کۆمەڵگاکەشـت بگۆڕیـت بـەرەو ئایندەیـەکی جـوان، هەولبدەیت خۆبەخش بیت، ئەگەر خۆبەش نـەبویت هـیچ دروسـت نابێت،نـاڵێم شـت نییـە خەونی پێوە نەبینین، بەڵام ئێمە زیاتر خزمەتکردن بە هونەر و بە میللەتەکەمان ئەوانەیـە وامانلێدەکات دەبێت رابەربین بۆ رێرەوی ئەم ژیانەی ئێستا کە کێشەی زۆری تێدایـە زۆر ئاڵۆزە، ئەگەر هونەرمەنـد نـەبێت کـێ دەتوانێـت بیگۆڕێـت، چـەندەها دەسـەڵات هـاتن و رۆیشتن هیچیان نەکرد، بەڵام هونەرمەند دەتوانێـت هـەموو شـتەکان تێپـەڕێنێت، چـونکە خۆبەخشە و لـە هـەمان کاتیـشدا مرۆڤێکی مەعریفیـشە، مرۆڤێـك نییـە بـە ئاسـانی بێتـە کایەوە.

**ئەگـەر پێـت بـاش بێـت بـچینە سـەر تـەوەرێکی تـر، ئـەویش تـەوەری قـسەکردنە لەسـەر  ژن، درک کردنـی خـۆت بـۆ ژن چـۆنە؟ ئـەی وەک دەرهێنـەرێک چۆنە؟ ئایا درککردنـی خـۆت بـۆ ژن لەواقیعدا پەیوەسـتە بەدرامای وەسیەتنامەوە؟**

ئەگەر نەیبەستینەوە بەوەسیەتنامەوە، درککردنی من بۆ ژن، هەڵبەتە من دایکم ژنـەو لەژنیش بووم، خێزانەکەم ژنە کە خۆم کـردووە بـەقوربانی، ئەگـەر ئـەو نـەبێت مـن چـۆن دەتوانم ئـەو خەونانـەم بێنمـە دی، کـاتێکی زۆرە دوریـن لەیـەکترو ئـەو نـەبێت مـن چـۆن

دەتوانم ئەم کارانە بکەم، پیرۆزیی ژن و عەشق بۆ ژن، بەڕاستی شتێکی مەزنە ئەمە شتێکە جیاناکرێتەوە لەڕۆحی پیاو، لەکاتێکدا جیادەبێتەوە کە پیاوەکە لەحاڵەتێکی هستیریدا یان دەسەڵاتداریدا بێت، کە ئەوانە لەمەبدەئی مندا نییە، من ئەوانە رەتدەکەمەوە، من عەشقم بۆ ژن، بۆ ژنەکەی خۆشم وایلێکردم زۆر شتی جوانتر بکەم جگە لەم درامایە، من شانۆگەریم کردووە لەخزمەتی کەسایەتی ژندا بووە، شتێك نییە بتوانیت لێیبەدەر بیت. من (مەکسیم گۆرگیم) نمایشکردووە کە دایکەمەزنە، ئەو ژنە، کە پاڤێلی هەیە، ئەو ژنە کە مێردەکەی کحولییەو چۆن لێیدەدات، گەورەیی ئەو ژنە لەشۆرشدا چۆن توانی تەواوکاری پاڤێل بێت و پەیامەکانی بڵاوبکاتەوە، ئەگەر بابەت (ژن) نەبێت لەلام بۆ نمایشی دەکەم، قەیناکە ئەمە فکرەیەکە، ئێمە چەندەها ژنمان هەیە خاوەنی ئەو خەباتەیە، دایکی خۆم یەکێکە لەو ژنانە، بە هەمانشێوە پورم لەخەباتدا ئیشیکردووە، فیلمێکم هەیە بەناوی کازیوەوە باسی کەسایەتی ژن دەکات پاش نەمانی مێردەکەی کە خۆی هەموو شتەکانی ژیان پڕدەکاتەوە، کە چۆن گەورەیی خۆی پیشاندەدات.

**ئەی لەوەسیەتنامەدا؟**

لەوەسیەتنامەدا کۆمەڵێك ژن هەن، ئارەزووی زاتی خۆیان هەیە، ناکرێت بڵێین هەم ژن هەم پیاویش  هەموویان فریشتەن، بێینە سەر سروشتی دروست بوونی مرۆڤ چ لەنێرو چ لەمێ، واتە هیچیان فریشتە نین، وەرە سەر دێزدەمونا و عوتەیل، ئەو بەرائەدەتە، ئەو ئافرەتە جوان و مەزنە، یاگۆی دەزگیرانی هەر ئافرەتە بەکوشتی دەدات، دواتر پەشیمان دەبێتەوە، دەسرەکەی لێدەدزێت، ئەمانە هەمووی بابەتن، تا دێتە سەر وەسیەتنامە، وەکو پێشتر وتم کۆمەڵێك ئافرەت هەن فریشتە نین، بۆ نمونە کەسێتی پەری لەگەڵ هێمندا، ئافرەتێکە هەموو دونیای پاکییە، مامۆستایە وشیارە، رەفزی تانیا دەکات لەکافترییاکە بەتانیا دەڵێت: بۆ وا بیردەکەیتەوە هەموو شتێك پارە نییە، کەسێتییەکەی توندە بەرامبەر بە ئەو، ئەویش هەر گوناهی نییە، کەوتۆتە بابەتێکی وەسیەتنامەوە کە ماددەیە، کەسێتیی شیرین کەسێتییەکی ئیجابییە لەکۆتایدا هەرچی تەواوکاری ژیانی ئابوری ئەوماڵەیە دەکەوێتە بەردەستی ئەو، لەسەر زمانی هیواوە تا دەگاتە دڵشاد دەڵێت با لەمەو دوا ژنسالاری بێت، ئەوە بەهای ژن پیشاندەدات، کەسیەتی ژنە لادێیەکە

کەسەتێکی ئیجابییە، پاکیـەتی ژن نیـشاندەدات، مێردەکـەی دزە پیـاوکوژە کەچـی ئـەو ئافرەتێکی بەریئی پاکەو منالێك رزگاردەکات، بەڵام لەوانەیە ئەمانە رێـژەیی بـن، بـەڵام رێژەی مەسەلەی ژنانیشی تێدا بووە، هەم ئیجابی و هـەم سلبیـشی تێـدا بـووە، لەوانەیـە سلبیەکان زۆرتر بوبێت یان ئیجابیەکان، دەبێت ئەوەش بزانیت ئەمە دەقێك نییە بەناوی مەعریفـــەی ژنـــەوە بووبێـــت، بـــەڵکو دەقێکـــە بـــەناوی وەســـیەتنامەوە، لەهـــەموو وەسەتنامەیەکیشدا هەموو توێژەکان تێکـەڵاو دەبـن، بـەژن و پیاویـشەوە هەیانـە باشـەو هەشیانە خراپە.

**ژنــان گلــەیی ئــەوە دەکــەن کــە بۆ چــی دەرهێنــەر هەر چــی دەورە خراپەکانە داویەتی بەژن، بۆ نمونە کەسیتییەکی وەکو عەتیـە، چۆن بـەو خێراییە زۆرە قەناعەتی کرد شوبکات بەعـەلی و ئـەی چۆن لـەو خێراییـە زۆرەشدا بڕیاری کوشتنی دەدات، ئەمەیان چۆنە؟**

مـن لەگــەڵ تــۆدام بابــەتی خێرایــی ئــەوە شــتێکی تــرە جیایــە، بەپێــچەوانەوە، کەسەێتیەکی وەکو عەتیە، کەسـەێتییەکی زۆر ئیجابیـە، مـن نـازانم دیـارە ئـەوان بەهەڵـە لەدراماکە تێگەشتوون یان نەگەیشتۆتە لایان، عەتیە پاش براکەی هەرچی بەرپرسـیارێتی ماڵـە گرتویەتیـە ئەسـتۆی خـۆی، ئایندە بـڕوا لـە هـەموو کـات و شـوێنێك لەگەڵیایـەتی، کێشەی هەیە لەگەڵیدا شتەکانی تر تەواو دەکات ناهێڵێت خێزانەکە پچرپچربێت، بەڵام تۆ چی لەکەسێتییەکی تر دەکەیت کە ڕێوییـەو دروسـتکراوە ئـەویش عەلییـە دێتـە نـاوەوەو دەبێتـە یاگۆیـەك، کـە عەتیـە دەبینـێ، ئـەوانی تـر هـەموو هـەوڵی خۆیـان دەدەن کـەس نامێنێت هەوڵ نەدات، خۆی بەتەنیا دەمێنێتـەوە، ناچـارە پـەنا بـۆ ئـەو حاڵەتـە بـەرێت، مرۆڤ چییە چەند چرکە ساتێکە، چ پیاو بێت چ ژن، لەو ساتەدا عەقڵی کرِدرا، ئەمـە یـاگۆ بوو، یاگۆ وا لەعوتەیل دەکات ئەو پیاوە مەزنە دێزدەمونە بکوژێت، ئەمیش هـەمان هێڵـە من لێرەدا هێناومەتەوە، بەڵام لەوانەیـە زۆر بـەخێرایی گەشـتبێت، لـەوەدا منـیش دەڵـێم راسـتە، لەکۆتایـدا عەتیـە رەفزیـدەکات، قەیناکـە بڕیـاردەدات لەناوییـەرێت، بـەوەی کـە پیاوێك یاری بەهەموویان کرد، یاری بەشعوری عەتیە کرد، چەندەها قسەی پێـوت، بـینی خیانەتی لێدەکات، لەماڵی شاگوڵدا دەیبینێت کە خونچەو سمە لەگەڵیدان تانە لەکەسێتی عەتیـە دەدەن، ئیترئـەویش بڕیـاردەدات تۆڵـەی لێبکاتـەوە، ئـیتر تۆڵەکردنـەوە چـۆن

کەوتۆتەوە عەتیە لەوەدا پەشیمان نییە، چونکە کەسێتییەکەی بەرەو داڕوخان دەڕوات، بۆیە پەشیمانیش نییە چونکە بابەتێکە، بابەتی شەرەفە، خۆ ئەمە مەسەلەیەکی ناشەرعی نەبووە، ئێ خۆ ئەمە تاوانی نەکردووە، هەموو ژنێك دەکەوێتە مەسەلەیەکی شەرەفەوەو بڕیاری خۆی دەدات، بەڕای من ئەو لەڕاستیدا خۆی دۆزییەوە.

**ئەی لەسەر خێرایی دەڵێت چی؟ چونکە خێراییەکی زۆر بەکارەکەتەوە دیارە، وەک ئەو حاڵەتەی عەتیە کەپێشتر باسمان کرد، یان چاکبونەوەی کتوپڕی هیواو چەند شتێکی تر کە زۆر بەخێرای ڕوودەدەن؟**

بنەمای هەموو کارکردنێك سیناریۆیە، سیناریۆ کۆمەڵێك بابەتت بۆ دیاریدەکات، دوای ئەوە سیناریۆی جێبەجێکردن هەیە، دەکرێت من لەوەدا خێرابوبێتم منیش لەگەڵتدام، بەڵام لەوانەیە لەوە زیاتریش قبوڵ نەکات.

**چۆن؟**

زۆرجار کە شتێك دەکەیت زیادەڕۆیی تێدا دەبێت و درێژەی پێدەدرێت، کۆمەڵێك کارهەیە، لەپشتی بینەرەوەیەو ئاگاتان لێنییە، ئەوانەش کارە هونەرییەکانن، زۆرجار کێشەی هونەریمان هەیە، گرتە هەیە وێنەگیراوەو کۆمەڵێکت هەیە لەیادت چووە، کۆمەڵێك شت هەیە تێپەڕبووە، ئەگەرچی سەیریشمان کردووەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تۆ خاوەنی ستۆدیۆ نیت ناتوانی جارێکی تر وێنەی ئەوانە بگریتەوە، بۆ ئەمە ئێمە چیمانکردووە، شەست لۆکەیشنمان هەبووە، هەر لۆکەیشنێك چەندەها هەزار گرتە دەکات، جا ئەو لۆکەیشنانە لەماڵی خەڵکدان، سەدو پەنجاودوو دیمەنم لەماڵی میرزادا هەبووە، ئەمە ماڵی خەڵکە کابرا چل شەو ماڵەکەی خۆی داومەتێ، واتە خۆی چۆتە دەرەوەو ماڵەکەی تەسلیم بەمن کردووە، ئایا دەکرێت من چل شەوی تر ماڵەکەی لێوەرگرمەوە، لەکاتێکدا ئەو لەماوەی ئەو چل شەوەدا ژیان و بارودۆخیم تێکداوە، حاڵەتی کۆمەڵایەتی، مەکتەبی مناڵەکانی، جگە لەوەش لەبەرامبەر ئەوە ئەو هیچ پاداشتێکیشی نییە، خزمەت بە هونەر دەکات منیش کردوومە، لەوە زیاتر من ناتوانم، ئەگەر شتێکم هەڵە بووبێ، هۆکارەکەی ئەوەیە دووبارە نەبۆتەوە، کەویستومانە دووبارەی بکەینەوە کابرای خاوەن ماڵ هەناسەی پێنەماوە، هەقی خۆشیەتی دەڵێت ئەمە ماڵی خۆمەو ناتوانم لەوەزیاتر ماڵەکەتان بدەمێ، ئەمە شتێکە لەپشتی کامێراوەیەو خەڵك نایزانێت، ئەگەر ستۆدیۆت هەبێت ئەو کۆمەڵە گرتانەی کە هەڵەن دووبارەی

دەکەیتەوەو هەروا تێناپەڕێت، تاکەی ماڵی کوردی خزمەتی هونەریی کوردی بکات؟ بۆ دەزگاکان خۆیان خزمەتی هونەریی کوردی ناکەن؟ گوناهی چوار ماڵ چییە بەمنەوە هیلاك بووە بۆ ئەوەی درامایەك بەرهەمبهێنم، هەر چوار ماڵەکە، ماڵ و منداڵی تێدایە، تەلەبەو نەخۆشی تێدایە، کۆمەڵێك کارەساتی تێدایە، تۆش لەجیگای من بیت ئەو شتانە هەروا بەخێرایی دەڕوات، چونکە ستۆدیۆ نییە، کە وادەڵێیت پێتدەڵێن نەتکردایە، ئەی باشە من نەیکەم و تۆ نەیکەیت ئەی هونەر کێ بیکات؟ چی بکەین؟ دەسەڵات چییە؟ کەواتە گەورەترین کەموکووڕی نەبوونی ئەو شوێنە هونەریی و پێداویستیانەیە، بۆیە دەبینیت زۆر شت کاڵ و کرچ دەردەچن، زۆر شت خێرا دەبێت، زۆر شت ئاواتەکانی تۆ ناهێننە دی، بۆ نمونە ئایا تۆ رازیت پەنجا شەو لەماڵەکەی تۆدا وێنەبگرم، ئایا ئەوە قورس نییە؟ دواتر دەبێت مەمنونیان بین و سوپاسیشیان بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وێنەمان لەگەڵ هەموو ماڵەکاندا گرتووەو بەناوی ستافەکەوە خەڵاتمانکردون، ئەوەشمان پێوتون ئەوە پاداشتێکە زۆر بچوکە لەچاو ئەواندا دەبوایە زۆرترمان پێشکەش بکردنایە، وتومانە ئەوە شعورێکی تایبەتی ستافەکەیە، کاکە ئەو سەردەمە نەماوە خەڵك ماڵەکانی خۆیان بەجێبهێڵن بۆت، لەم سەردەمەدا هەموو شتێك بونی هەیە ئەی بۆ ستۆدیۆیەك نەبێت بۆچی؟ بۆ دەبێت ئەکتەرێك لەچوار شوێن موچە وەرگرێت، بەڵام یەکێکی تر لەیەك شوێن وەرینەگرێت بۆ؟ تا بتوانێت داهێنانی خۆی بکات، بۆ لەجیاتی یەك کامێرا چەند کامێرایەك نەبێت؟ ئەمانەن واتلێدەکەن بەرهەمەکانت کاڵ و کرچ بێت، بەدەست تۆش نییە چونکە ئاگاتان لەو باکگراوەندی کارکردنە نییە، خەڵکیش بەرپرس نین بەرامبەر ئەو حاڵەتانە من لەگەڵیاندام ئەو داوای شتێك دەکات ببینێت، بەڵام دەبێت بزانن ئێمەش بەو ئازارەوە کاردەکەین، ئەمەش پاکانەیەك نییە بۆ خۆمانی بکەین، بەڵکو واقیعی کارکردن لەم وڵاتەدا بەم شێوەیەیە.

**ئەی نەتان دەتوانی لەڕێگەی شتێکی ترەوە چارەسەری بکەن؟**

نمونەم بدەرێ؟

**لەڕێگەی قسەو ئاماژەکانی ئەکتەر خۆیەوە، لەو کاتەی ئەکتەرەکە رۆڵ دەبینێت.**

ناکرێت.

**ئەی کەواتە بەر لەوەی تۆ وەک دەرهێنەرێک توشی ئەو کەموکوڕیانە ببیت، نەتدەزانی بەو شێوەیە دەبێت؟**

ئێمە کارمانکردووە، بەڵام لەکارکردندا کۆمەڵێك شت هەیە تەسەوری ناکەیت، وەك ئەوە وایە ئێستا لەم ساتەدا نازانیت چی روودەدات، نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە لەگرتەکانی ئەوروپا، کۆمەڵێك گرتەم هەبوو بچم کاری تێدا بکەم، گرتەیەك لەگازینۆیەکدا کە چوم داوام لێکرد، خاوەن گازینۆکە وتی چی؟ وتی چەند سەعات وێنەدەگریت؟ وتم نزیکەی سەعات و نیوێك، وتی دەزانیت لەسەعات و نیوێکدا چەند نەفەر نانده‌خوات؟ چەند کەس دێت؟چەند دەفرۆشم؟چەند دەدەم بە شاگرد؟ ئەگەر ئەوانەم دەدەیتێ بۆت هەیە وێنەبگریت، ئەگەر نەشبێت ناتوانیت، کارکردن بەوشێوەیەیە لەئەوروپا، بەڵام لێرە ئەو ماڵە لەخۆی دەبورێت و خۆی دەکاتە قوربانی، چ ئێمەش قوربانی دەدەین و دەسوتێین لەپێناوی ئەو بابەتانەدا، چ ئەو نوسەرانە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتیان باش نییە هەوڵ دەدەن و بەپەلەپەل بگەنە ئەوروپا، واقیعی ئێمە ئەوەیە و ئێمە شەڕ دەفرۆشین، بە هەرشێوەیەك بێت ئێمە دەمانەوێت ئەو هونەرە نەمرێت، گرتەیەك لە دراماکە شەمەندەفەرێکی تێدایە کەدێت، میران عەلی وێنەدەگرێت من راوەستاوم لەساتێکدا شەمەندەفەرەکە وەستا شۆفێرەکە دابەزی وتی تۆ کێیت؟ وتمان ئێمە کوردساتین، وتی کوردسات کێیە؟ وتی مۆڵەتت پێیە؟ وتم نەخێر، وتی تۆ مۆڵەتت پێنییە من ئێستا پۆلیس بانگ دەکەم، گرتەکەمان بە شێوەیەکی تر بەدزییەوە گرت، کەس ئاگای لەم خەفەتانە نییە، خۆ تۆ نایەیت ئەمانە شیبکەیتەوە جگە لەوەی لەرێگەی ئێوەوە بتوانین ئەمانە شیبکەینەوە، واقیع پێتدەڵێت هونەر بەو شێوەیە دەکرێت، دەبێت مۆڵەتت هەبێت، دەبێت ستۆدیۆت هەبێت، بەبرایەتی و کەسایەتی و خۆشەویستی لێرە هونەر دەکرێت، بە پاڕانەوە لە ماڵان، ئا باچین بێزەحمەت دەتوانین بێین لە ماڵەکەتاندا وێنەبگرین، ئاوهایە خەڵك ئاگای لەو بابەتانە نییە، ئەو ماڵە لەپڕدا میوانی دێت، تەسەور دەکەیت ئەو دیمەنەی عەلی تێدا کوژرا ئەو ماڵە کچەکەی شووی کردوەو لە حەوشەکەدا حەفلە دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا رێگەی ئێمەشیان داوە لەسەرەوە وێنەبگرین، ئێ کێ ئەوە دەزانێت کێ ئاگای لە باکگراوەندی ئەو ئیشەیە؟ کچەکەی شودەکات قوڕبەسەرە لە خوارەوە وێنەدەگرێت، ئێمە ئەو دیمەنە دەگرین کە عەلی

دەكوژرێت، سەیری ئەو دژییە پۆلیس لەو كاتەدا هاتۆتە ژورەوە، ماڵەكانی دراوسێیان ترسابوون وتبویان ئەمە چییە؟ ئێستا بوكیان هێنا ئەم پۆلیسە چییە؟ خەڵك ئەو هەقیقەتانە نازانێت، خەڵك ئەوەی دەوێت كە تۆ دەیكەیت، ئیتر هەقی بەسەر ئەوانەوە نییە، بەڵام ئەمەش واقیعە بۆ ئەوەی دەزگاكان و رێكخراوەكان بزانن ئێمە چۆن كاردەكەین، كە پێویستە ئاورێك لە هونەرو درامای كوردی بدرێتەوە، بەجددی هونەری كوردی بە سواڵكردن و بەیەك كامێراو نەبوونی ستۆدیۆ ناڕوات بەرێوە، لەم كارەدا ئێمە تازەین، كەتۆ هەموو شتێكت لە من بوێت منیش هەموو شتێكم لە تۆ دەوێت، بەڵام لەوەزیاتریش دروست نابێت منیش حەزدەكەم جوانتر ئیشەكە بكەم، حەزدەكەم ستۆدیۆم هەبێت و بەچوار كامێرا ئیش بكەم، حەز دەكەم ئەكتەر دەست بەتاڵییەكی تەواوی هەبێت بۆ هونەر، هەموومان هاوكاری یەك بكەین و تێربین لە هەموو رووەكانەوە شتی جوانتری بكەین، بڕوا بكە ئێمە كەم نین لە چاو ئەوانەی دەرەوەدا، بەڵام ئێمە كەس نامانخوێنێتەوە، دەزگاكانی خۆمان نامانخوێنەوە جارێ ئەگەر كارێ لە شوێنێك بكەیت بۆ شوێنێكی تر ململانێت لەگەڵدا دەكەن لە جیاتی ئەوەی پەروەردەت بكەن توشی گێژاوتدەكەن، ئەمەخەتەرە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا ئێمە دەڵێین كەشتیەكەمان هەر بەردەوامەو هەر بەردەوامیش دەبێت.

**سەبارەت بە گرتەكانی ئەوروپا، ئایا ئەو گرتانە تا چەند لە خزمەتی دراماكەدا بووە؟ كاتێک تۆ وەک بینەرێک سەیری ئەو درامایەت كردووە هەستت كردووە ئەمە لە پێناوی دراماكەدا بووە؟**

كاركردنمان لە گرتەكانی دەرەوە زیاتر لەمەدا من بابەتێكم هەبووە، ئەو كەسێتییەی كە لەو بنەماڵەیەدایە كوڕی مامیانە لە سوید لە ستۆكهۆڵم دەژی، ئەم كەسانە كە باوكیان ون دەبێت، پەیوەندی دەكەن بەو كەسەوە وا تەسەور دەكەن باوكیان چوبێت بۆ ئەوروپا، چونكە ئەمڕۆ ئازادیی هەیە، ئەوەندەی بازرگانێك دەتوانێت بچێت بۆ ئەوروپا ئەوەندە هونەرمەندێك ناتوانێت، ئەوەندەی سیاسەتمەدارێك دەچێت بۆ ئەوروپا كۆمەڵێك هۆشمەندی رێكوپێك ناچێت، بەجددی لە وڵاتەكەی ئێمەدا فرۆكە تەنیا بۆ ئەوانە كراوە، ئەمە واقیعێكە دەیڵێم و هیچیش لێی پەشیمان نیم، ئەوەندەی بۆ كەسێكی رۆشنبیرو

زانستیەك هاتنە دەرەوەی عەقڵەكان چ لێرەوە بۆ ئەوروپا چ لەوێشەوە بۆ ئێرە نییە ئەوەندەی بۆ سیاسەتمەدار و بازرگانێك هەیە، بڕۆ فڕۆكە لەسەدا نەوەدی بازرگانە یا سیاسیە، لە درامای كوردیدا ئەوروپا تاوەكو ئێستا هەر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بووە یا بەقسەكردن بووە ویستم لە روانگەی خۆمەوە ئەوروپاش نیشانبدەم ئیتر چەند خزمەت دەكات یا نایكات لەوانەیە لای من ئاسایی بوبێت، من ویستم لە درامای كوردیدا ئەورپاشی وەك وێنە تێبكەوێت، كەچی خەڵك دەڵێن نا، با لەڕێگەی تەلەفۆنەوە بوایە ئەوەباشتر دەبوو ئەوەیان خزمەتی ئیشەكەتی نەكرد، من دەڵێم نا بەپێچەوانەوە خزمەتی كردووە، چونكە ئێمە توانیومانە لە درامای كوردیدا بۆ جاری یەكەم ئەوروپا وەك جوگرافیا نیشانبدەین، دوای ئەوە دەبێت ئەوروپا پیشان بدەیت، ئەو شوێنانەی خەڵكی بێگانەی دێتە ناو، ناونوس دەكرێن، بچیتە هەر وڵاتێكەوە لە خۆتەوە ناتوانیت لەوێ بمێنیتەوە، لەوێ یاسای تێدایە وەك ئێرە نییە هەر كەسێك هات ئەمە برامەو شاری برایەتییە دەبێت كورد عەرەب و توركی تێدابێت ، دەبێت بچیت بە پۆلیس بڵێت، لەوێ كە چویتە ئەو وڵاتە دەڵێت ناوت، جوگرافیات، وێنەت، ئەسڵ و فەسڵت، كە دەدرێت بەو شوێنە ناوی دەنوسرێت ناسنامەی بۆ دەكرێت وێنەی بۆ دەكەن ، لەوانەیە كۆمەڵێك كەس هەبێت بگەڕێت جا ئەو كەسەی ناوی دلشادە دەبێت بچێتە ئەوێ پرسیار دەكات ئایا مامی هاتۆتە ئەوێ یا نا، تەنیا ئەمەیە، جا ئەو كاتە لە شوێنە ئیجابییەكانی ئەوروپا دەژی لە مۆزەخانەیەكدایە كابرا نوسەرە باسی فیلم دەكات،مەرج نییە هەموو لایەنەكانی ئەو كەسێتییە لەو شوێنە نیشان بدات،چونكە ئەگەر وا بێت تۆ دەبێت درامایەكی تر بكەیت، ئەمە بەشێكی بچكۆلەیەتی هاتۆتە ناو دراماكەوە .

**واتە تۆ هیچ پەیامێكت نەبووە لەو گرتەیەدا؟**

پەیامی من ئەوە بوو كەسێتییەكی وەك دڵشاد هونەرمەندێكی سینەماییە لەدەرەوەی وڵات دەژی جیاوازە لەو كاتەی كە عاشقی كچی مامەكەی داوای دەكات پێكەوە بژین كەڕازی نەبووە چۆتە ئەوروپا دەخوێنێت و لەوێ دەژی، ئێمە لەو كەسە ئیجابیانەشمان هەیە نەك قاپشۆرو كابرا كەسێكی خراپە لە ئەوروپایە، خۆ نابێت هەموو جارێك لایەنە سلبییەكانی ئەوروپا نیشان بدەین من ئەو كەسێتییەم بە كەسێتییەكی ئیجابیی هێنا دواتر پەیوەست بونەوەیەك هەیە كە ئەو كەسێتییە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ وڵات

رستەیەکی هەیە دەڵێت غوربەت و تەنیایی رۆحی مرۆڤ دەکوژێت، لە نەورەس و دەریا زیاتر هیچ شتێك دادی تۆ نادات، کەسێتییەکانی ئەوێ زۆر خراپیتر لە کەسێتییەکانی ئێرە، پەیوەندی زۆر کەمە ژیان لەوێ کارکردن و خوێندنە، وەك ئێرە نییە هەموو ژیان بەتاڵ بێت و لە چایخانەی شەعبدا خۆت بدۆزیتەوە، لەوێ هەریەکە لە بوارێکدا خۆی دەدۆزێتەوە، لەبەرئەوە من ئەو کەسێتییەم نیشاندا دەبێت بێتەوە کوردستان و نەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بتوانێت ئەو کەسانەی کە ئیجابین بێنەوە وڵات ئیش بکەن، بەڵام ئەمە نەگەیشتۆتە لای هونەرمەندەکان و خەڵك بەشێوەیەکی تر شیدەکەنەوە ئەوە خوێندنەوەی خۆیانە ،من ئەوەم گەیاندووە کە ئەو کەسە کابرایەکی وشیارە لە دەرەوەی وڵات دەژی ماوەیەك لەو زنجیرە خێزانییەی وەسیەتنامە دابڕاوە، پاشان هەقی خۆشیەتی بێتەوە وڵات، ئێمە بۆ ئەو کەسێتییە نەهێنینەوە، باشە ئێمە دەڵێین وەرنەوە هەموو شێك هەیە ژیان وایە، دەڵێن ئەوانەی ئەوروپا بۆ نایەنەوە کە ئەشیانهێنیتەوە دەڵێن زیادەیە، ئێ من تێناگەم بۆ هێنانەوەیان زیادەیە، زیادە نییە من مەعریفەکەم واگەیاندووە، ئەو چۆن لە شیعرەکەی هیوا ناگات جگە لە دڵشاد، هیوا دەچێتە لای نالی، لەوانەیە تۆزێك گفتوگۆکە بەرم بۆ ئەولا، دەڵێت نالی بیری حەبیبە ناکەیت، دەڵێت جاران ئەم وڵاتە، وڵاتی نالی و سالم و حەبیبە بوو، ئێستا وڵاتی کەس نییە، وڵاتی باوك وبراکانمە کە حوکمی تێدا دەکەن من ناتوانم لەم سەرابستانەدا بژیم دەتوانم ئەمشەو لات بنوم، خۆی ئەمە فیلمێکە ئەمە کێشەیەکە، مەرج نییە بێم هەموو رستەیەك شیبکەمەوە، تۆش دابنیشە گوێیلێبگرە، تۆش بینەرو گوێگری، ئەو لەوە دەچێت دانیشتبێت بەس تەماشای ئەوەی کردبێت زاویە چۆنە ئەمە چییە ئەوە چۆنە تەنیا رەخنە بگرێت، دانیشە تۆ با خوێندنەوەی خۆتت هەبێت بۆ رستەی ئەو پیاوە بزانە ئەو رستەیە دەڵێت چی، هێنانەوەی دڵشادو هەموو ئەو کەسانەی لە دەرەوە خزمەت دەکەن با بێنەوە بۆ وڵات بۆ نەیەنەوە، ئێوە ئەوشتان ناوێت ئەمەشتان ناوێت هەموو شتێکیش شیکردنەوە نییە زۆر جار لە فیلمدا هەیە کێشەکان بۆ خەڵك بەجێدەهێڵێت دەبێت خەڵك خۆی خوێندنەوەی بۆ بکات، لە وڵاتی ئێمەدا کەس خۆی هیلاك ناکات دەبێت بیهێنیتە بەردەمی، یا دەبێت بۆی شیبکەیتەوە، ئەمە ناکرێت، خۆ من مەلا نیم تۆش فەقێ بیت، هەموو شتێکت بۆ شیبکەمەوە، بمبەخشە دەبێت خۆشت تێڕوانین و مەعریفەت هەبێت بەرامبەر بە

سەیرکردنی، کە تۆ رەخنە لە شتێك دەگریت دەبێت خوێندنەوەشت بۆی هەبێت، ئەمە ئیجابیەکەی چییە وسلبییەکەشی چییە؟ لای ئێمە ئەوە نییە هەر دەبێت وابێت، وابێت نیە، تۆ بۆت نییە گریمانەی خۆت لەمندا پراکتیك بکەیت، ئەمە لە دونیادا شتی وا نییە هەموو کەسێك خوێندنەوەی خۆی هەیە، من رێزی هەر هەموو رەخنەکان دەگرم، بەڵام رەخنە دەبێت مەعریفی بێت، دەبێت بونیادنەر و دروستکەر بێت، بەڵام تاوەکو ئێستا من لێرە نایبینم نەك هەر لەسەرئەوەی خۆم لەسەر کۆمەڵێك ئیشی تریش، کێمان هەبووە برۆ لە شاعیر و نوسورو هونەرمەند و.....بپرسە هەموویان گازەندەی ئەوەیان هەیە دەڵێن ئەم وڵاتە، وڵاتی روخێنەرە و وڵاتی دروستکەر نییە، کەس دان بەوی تردا نانێت، زۆر سەیرە ئەگەر من دان بەتۆدا بنێم چی لە من کەم دەکاتەوە من بۆ نەیەم وەسفی تۆ نەکەم بەپێچەوانە من بەمە هۆشمەندتر دەبم تۆش گەورەتر دەبیت، خزمەت زیاتر دەکەیت، بەڵام لای ئێمە ئەوە نییە.

**سەبارەت بەوکەسێتییەی کە باستکرد، مەبەستم دڵشادە بۆ چی خۆت ئەو دەورەت بینی، هۆکارەکەی چی بوو؟**

ئەو پرسیارە کەس لێنەکردووم زۆرم پێخۆش بوو، کە ئەو پرسیارەت لێکردم، هۆکاری ئەمەش دەچێتەوە بۆ دەسەڵات، من هیچ کێشەیەکم نییە واقیعی قسە دەکەم، هونەرمەندم و دەبێت راستگۆبم بۆ ئەو پەیامەی کە هەمە، ئەو کاراکتەرە دەبوایە من رۆڵەکەیم نەبینیایە، من خۆم حەزم بەوە نەکرد کە نواندن بکەم، ئەمە چۆن رویدا؟ وتمان ئەم کەسێتییە لە ئەوروپایە، ئەم کەسە لە ئەوروپایە دەبێت رۆڵ ببینێت و بێتەوە بۆ ئێرەش من لەگەڵ دەزگای تەلەفزیۆندا و لەگەڵ کاك ئاوات و هێرۆخان و کۆمەڵێك هاورێی تردانیشتین بە تایبەتی هێرۆخان خۆی، ئەم رستەیە من رێزم هەیە بۆی بەڵام واقیعە کە دەیلێم، چونکە هیچ شەرمێکی تێدانییە لەوانەیە خۆی ئەم چاوپێکەوتنە بخوێنێتەوە، وتمان هێرۆخان حەز دەکەین کەسێك یان ئەکتەرێك هەبێت بتوانێت ئەو رۆڵە ببینێت، وتی کێشەمان فیزەیە، ئێ من دەرهێنەرێکم من کابرایەکی سەفارەت نیم، دواتر گرەنتی زۆر شتیش نادەم، من پیاوێکی دەرهێنەرم خەیاڵی من دەرهێنان و نواندن و کارکردنە ئەوە کاری من نییە کەسێك بەرم بۆ ئەوروپاو دواتریش بیهێنمەوە، ئەو توانایەشم نییە، واتە دەزگاکە پێتبڵێت کەس نییە، ئەی من چیبکەم؟ ئەلتەرناتیڤەکەی خۆمم

جەوازێکی شرم هەیە ناچارو بە زۆر من ئەو رۆڵەم بینی، بە ناچاری بە هۆی بوونی جەوازەوە ئەو رۆڵەم بینیی ئەگینا ئەو دەورەم نەدەبینی، حەزم دەکرد کەسێکی تر بووایە لەوانەیە جوانتربوایە و ئیشیشم بۆ بکردایە، چونکە خۆم بووم لەوانەیە زۆر ئیشم بۆ نەکردبێت، بەڵام ئەگەر کەسێکی تربوایە ئیشم بۆ بکردایەو جوانتر بووایە و بۆ منیش جوانتر دەبوو کە خۆم ئەو دەورەم نەبینیایە، کە حاڵەتێك ناچاری بێت و هەر دەبوایە خۆم بمکردایە، ناچار خۆم چوم، بەمەبەست نەبووە کە خۆم رۆڵی ئەو کەسێتییە ببینم، من ئەمە بۆ مێژوو دەیڵێم دەزگاکە ئەو رستەیان وت، وتیان ئێمە کێشەمان فیزەیە، ئەمە چەند کەوت لەسەریشم کێشە نییە، بەڵام هەر لەگەڵیدا رۆشتم.

**ئەی سەبارەت بە نووسەر کە ئەویش رۆڵ دەبینێت؟**

سەبارەت بەنوسەر کاك کاوە پێش ئەوەی نوسەربێت ئەکتەر بووە، ئەمە تاوان نییە، زۆر جار ئەکتەرە جیهانییەکان نوسەرن، زۆر جار دەرهێنەرەکان ئەکتەرن، تەنیا لای ئێمە ئەمە بووە بە بابەت بۆ نوسەر ئەکتەربێت و بۆ دەرهێنەر ئەکتەربێت؟ئەگەر بتوانن داهێنەربن و ئەکتەرێکی باشبن بۆ نەبن، بەڵام نەبونیان باشترە، بۆ؟ بە تایبەتی دەرهێنەر بۆئەوەی خەیاڵی زیاتر فراوان ببێت، بەڵام بۆ نوسەر هیچ کێشەیەك دروست نابێت، خۆی لە راستیدا ئەو رۆڵە ئەو نەبوو، لە راستیدا ئەو رۆڵە کاك عومەر دڵپاك بوو، خۆت دەزانیت ئەویش هەر کاراکتەرێکی باشە، بارودۆخی تایبەتی خۆی هەبوو نەگونجاو نەیتوانی کاربکات، تۆش ناتوانیت بە زۆر بە کەسێك بڵێیت وەرە دەور ببینە، خوێندنەوەی من زیاتر دوای ئەو کاك کاوە بوو، کاك کاوە خۆشی حەزی لە کەسێتی دادوەرەکە بوو، هونەریش شتێك نیە بەزۆر بەتۆ بڵێم دەبێت تۆ هەر ئەو رۆڵە ببینیت.

**کاتێک کە تۆ ئەو دەقەی کاک کاوەت هێنا چەند دەستت کراوە بوو لەوەی شتەکان بگۆڕیت، ئەی ئەو چەند ڕێگەی پێدابوویت؟**

من و کاك کاوە ئەمە یەکەم ئیشمان نییە، لەوانەیە ئەمە یەکەم ئیشی درامیمان بێت، ئەو وەکو نوسەرو سیناریۆیست، من وەکو دەرهێنەر، لە دوژمنی گەلی (ئەپسن)دا هەر ئەو وەریگێڕابوو، من ئیشم کردووە بۆ شانۆ، لە ژاڵەدا ئەو فەرەج و من شوانە بووم و پێکەوە کارمان کردووە، دوای ئەوە لە تیپێکداین نزیکەی سێ ساڵێك دەبێت ئەو سەرۆکیەتی من بەرێوەبەری هونەریم، کارمانکردووە پەیوەندیەکانمان وەك هاورێ بووە،

کە ئـەو شـتێکی نوسـیووە بـە منـی وتـووە، ئێمـە بـە هـەردوکمان ویستومانە کاربکـەین بۆیەکتری، کاربکەین بۆ داهێنانێکی تازە، کاك کـاوە کـە ئـەو دەقـەی دا بـە مـن وتـی تـۆ ئازادی، تەنیا ئەوە هەیە لە بیرۆکەکەی من دەرنەچیت، ئەویش هـەقی تـەواوی خۆیـەتی، وتی تۆ بۆت هەیە کاری تێدا بکەیت، منیش دەرهێنەرم خوێندنـەوەی خـۆمم هەیـە بـۆی، ئەگەر خوێندنەوەیەکی تـرم بـۆی نـەبێت ناکرێت، چونکە دەقەکە ١٩٩٨ نوسـراوە، مـن دەبێـت بیکەم ٢٠٠٧ سەیرە جیاوازی ساڵەکانی چەند زۆرە، بە زمانی لەیەك گەیشتن و لە رێگەی هونەری تێڕوانینی هەردوکمانەوە لە دەقەکەدا پەیوەندییکەین بـە یەکـەوە، دواتـر دوو عەقڵ جوانترە لە عەقڵێك، لەوانەیە زۆرجـار شـتی باشـتری پێبێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا مەبدەئی ئێمـە رێکـەوتبووین کـە کارەکـەیم لێوەرگرتـووە و خوێندنـەوەم هـەبووە بـۆی، تێبینیم هەبووە بۆی ئەویش تێبینی هەبووە کـە دەقەکـە تـەواوبوو ئینجـا چـوینەتە سـەر کارکردن.

**بۆچی هیوا کە کەسێکی رۆشنبیرە ئەو کەسـایەتیە لاوازەت پێـداوە؟ ئەی بۆ ئەوەت نەدا بە کەسایەتی هێمن ئەمەت بۆ کرد؟ئەو رۆشـنبیرە چ پێویستدەکات لە پێناوی ماددەدا شێت بێت؟**

کەسایەتی هیوا شێتی سەرجادە نییە، حاڵەتێکی هستریایە حاڵەتێکی شـیزۆفرینیایە، کابرا توشی شوکێك دەبێت، خۆی کۆناکاتەوە، لە نێوان وەسـیەتنامەو ئـەو خێزانـەی کـە هەڵوەشاوە، لە نێوان عەلی و ئەو دونیایەی خۆی کە پێدەڵێن ئـەدەب و هونـەر، هەمیشـە لە وەتەری دەدەن، کەسێتییەکە خـۆی کۆیناکاتـەوە، توشـی بەریەککـەوتن دەبێـت، مـن دەزانم ئەگەر ئەو کابرایە گەورە بێت ناچێتە نادی من ئەوە دەزانم، بە مەبەستیش ئـەوەم کردووە بەڵام من چی لە خەڵك بکەم لـە رسـتەکانی ناگـات، ئـەو باوکسالاری و دەسـەڵات وای لێدەکات و دادەروخێت.

**ئەی کەواتە چ رۆشنبیرێکە؟**

ئاخر ئەو داروخـاوە، زۆر نمونـەمان هەیـە لـەو شـێوەیە، مـن نامـەوێت نـاو بێـنم، زۆر رۆشنبیرمان هەیە کە لەوانەیە گەورەترین شـاعیرو ئـەدیب و هونەرمەنـد بێـت تائێـستا لـە حاڵەتێکی هیستریادا دەژی، لەوانەیە بە چواردەوری رازی نەبێت، شتی جوانیش دەکات و شتی شێتانەش دەکات.

## نەدەکرا تۆ نمونەی رۆشنبیرێکی راستەقینەت هەڵبژاردایە؟

ئاخر من نامەوێت لەو بۆگەناوە رۆشنبیرێکی نمونەییت نیشانبدەم، من خانویەکم داویتەتێ بە شێوە زۆر جوانە، ئەم فۆرمەی کە داومیتەتێ وەك ئەپسن داومیتەتێ چۆن؟ من خانویەکم پیشانداوی لەم خانووە، خۆ بابەتەکە جوانی نییە خەڵك بە هەڵە تێگەشتووە، بەڵکو ئەوە سەرایەکە، ئەوە شتێکە دەرەوەی زۆرجوانە ناوەوەی زۆر بۆگەنە، تۆ لەو بۆگەناوە، لەناو ئەو بۆگەناوە کۆمەڵێك هەیە دەکشێتەوە، کۆمەڵێك قبوڵ دەکات، کۆمەڵێکیش قبوڵ ناکات، ئەوانەی تریش دەیانەوێت هەنگاو بنێن، هەنگاوەکەی هێوا لەو هەنگاوانە بوو کە کورت بوو، من لێرەدا لەگەڵ تۆدام دەکرا زیاتر بکرێت، بەڵام نەمویستوە لە بیرۆکەی دەقەکە لابدەم بۆئەوەش مەبەستم هەبووە و مەبەستیش بووە لەلام، زۆرمان لەو جۆرە کەسێتییانە، لەدواجاریشدا هێناومانەتەوە بەپێی دوا وەسیەتنامەکەی کە هەموو بیرۆکەکەیە، با ناوی ئەو خانووە جوان بکەین دەرەوەی پشتگوێ بخەین، ناوەوە کەسەکان گرنگە شێوە گرنگ نییە، لە ناو خانوویەکی روخاودا دەژی زۆر جوانترن لەو کەسێتییانەی کە لە خانویەکدا دەژین بە شێوە زۆر جوانە، لەوانەیە نان و ئاو بخۆن یان خواردنێکی زۆر سادە بخۆن و زۆر هەژارین، ئەوانە زۆر جوانترن، تۆ سەیری شێوە مەکە، بەڵام لەو بینا گەورەیە ئەم کەسێتییانە هەن ئەوانە ناگەنە ئەوەی ئەو رۆشنبیرەی لێدروست ببێت کە باسی دەکەیت، چونکە شێوە و بیناو بابەتی ماددی زۆر بە زەحمەت مرۆڤی رۆشنبیری لێدروست دەبێت، تۆ تا برسیی نەبیت تا ئازارت نەبێت تا عاشق نەبێت بە دوای شتە جوانەکاندا ناگەرێت، لەو ماڵەدا عەشق نەبوو، ئەو ماڵە هەمووی دژوارو شەڕ بوو، هەر بۆیە خۆشەویستی جێگەی نەبۆوە، تێبینی ئەوە بکە من گۆرانی تایتلم دانەناوە لەبەرئەوەی ئەوە هەڵناگرێت، چونکە خۆشەویستی تێدا نییە، ئەو نە خۆشەویستی هەبووە بۆ ئەدەب بۆ عاشقەکەی بۆ باوکیشی لەبەرئەوە ئەو ماڵە زەلکاو بووە بەس بەشێوە بینایەکی جوانە سەیرکە تۆ ئەوەندەی خەڵك وتویەتی ئەو خانووە لەکوێیە ئەوەندە نەیوتوە ناوەرۆکەکەی چییە،ئەوەندە رەخنەگرەکان نارەزاییان لەسەر خانووەکە هەیەئەوەندە باسی ناوەوەی ناکەن چ بۆگەنە،ئەمە نمایشی کۆمەڵگا دەکات، بمبەخشە ئەو وێنەو توحفەو جوانی ئەو خانووە لای من جەوهەری نەبووە ئەوە بۆگەناوبوو، تۆ گرنگ نیە لەکوێدا دەژیت، گرنگ

ئەوەیە بزانیت چۆن دەژیت و بۆچی دەژیت؟مەبەستت چییە لەژیان؟شتە جوانەکان چۆن دەبینی، عەشق، ئەدەب چۆن دەبینیت، هیوا زیادەڕۆیی بە ئەدەبەوە دەکات، ئەوە ئەدەب نیە سەدەهای ئاوەهامان هەیە، من چۆن ئەوە دەردەخەم، دەریناخەم، بەلام لە کارێکی ترمدا دەتوانم چەندەها هونەرمەندی تر هەیە، ئیشێکی دەرهێنانم هەیوو کە شانۆیی ڤان کوخ بووە، هاتووم دەرمخستووە لەبەرئەوەی هونەرمەندێکی هۆڵەندی گەورەیە، کۆمەڵگاکەی دەیکوژێت، فان کوخ خۆی خۆی ناکوژێت، ئەمە کێشەکانە تۆ دەبێت لە حاڵەتێکی وادا ئەوە دەربخەیت، نەك هیوا ئەو لە بواری ئیشەکاندا تەواو نییە و خێزانەکەی کەموکوڕی تێدایە، ئەوە زەلکاوە چۆن لەو زەلکاوە دەتوانیت چەکەرەی گوڵێکی جوان دەربکەوێت، تیدا نابێت لەبەرئەوە من قبوڵم نەکردووە، خەڵك هەقی خۆیەتی هەرچیەك بڵێت، من تەسەور ناکەم لەو بینایە گوڵێکی جوان بپشکوێ، عەقڵێکی جوان هەبێت، تێدا نییە من چۆن دەیدەمێ، بەلام لەونەیە لە خانوویەکی داروخاودا مارکیزێك بدۆزمەوە وایە؟

دەتوانم شاعیرێکی جوان، سوهرابێك، فروغێك بدۆزمەوە بەلام لای ئێمە ئەوە کوا هەیە؟ کێ هەیە بڵێت من فروغی فروغزادەم، ئێران هەیەتی ئێمە چەندەهامان هەیە ناگاتە ئەو، لەبەرئەوە لەو ماڵە نە فروغ نە ڤان کۆخ نە مارکیز نە هونەرمەندو ئەدەبی و عاشقەکانی خۆمان لەو خانووەدا نادۆزیتەوە، هەر لەبەرئەوەیە هیوا هەر بەوشێوەیە دەمێنێتەوە مەبەستم بووە، من ئەمە بۆ مێژوو دادەنێم لەوانە دوای کۆمەڵێك کەسە لەوەدا قسە بکەن ئەوە رای خۆیانە من ناتوانم ئەو کەسێتییە بگەیەنمە ئەوەی کە خۆی دەڵێت ئەم وڵاتە وڵاتی کەس نییە چونکە نە عەشق نە خۆشەویستی نە شانۆ نە شیعر نە رۆمان هیچی نەماون هەمووی بەرەو فەنا دەچێت، مادە هەموو دونیای داگیرکردووە لەدەرەوەی ئەم شارەی خۆت بڕۆ دەرەوە ئەو هەموو تەلارانە دەبینیت هی کێن؟هی هیوایە؟هی براوایە؟ هی منە هی تۆیە؟هی کۆمەڵێك شاعیرو ئەدیبە؟ ئەوانە هی دەسەلاتە هی هەموو بازرگانەکانە وڵاتەکەت بۆتە وڵاتێکی بازرگانی، مەبەستەکەی من ئەوەیە ئیتر چۆن دەگات یا ناگات ئەمە کاتی دەوێت، بەراستی ئەمەش قورسە ئەمە شیکردنەوەی منە بۆ ئەو ماڵە.

**لە شێوە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتی کەسایەتی ناو دراماکەت، لەگەڵ واقیعی خۆماندا من نەگونجاندێک دەبینم، ئایا ئـەوە ئێمـەین بەوشـێوەیە دەژین کە تۆ نیشانتداوە، ئایا ئێمە واین؟**

**تۆ سەر بە چ خێزانێکیت؟**

من، لە چینێکی مامناوەندیم.

**بۆ ئەوە تۆ پرسیارت لە ماڵێک کردووە کە لە چینی باڵادابن مەبەسـتم لایەنە ماددیەکەیە چۆن دەژین چۆن نانددەخۆن چۆن قسە دەکەن؟**

ناکرێت ناوبهێنم، بەڵام کەم تا زۆرێك پرسیارم لێکردوون.

بۆیە ئەوپرسیارانەم لێکردیت تا ئەو شتانە روون بکەمەوە کە لە دراماکەدا هەیـە، مـن کە لەو ماڵەی کە ئەو کارەم کردووە، هەر ئەو ماڵە هەموو سیفەتەکانی ماڵەکەی خۆیانیان پێوتوم، چونکە ئەو ماڵی میرزایە، ئەو کەسانەی لە واقیعدا لەو خانووەدا دەژین من رێـزم هەیە بۆیان ئەوان سیفاتی خانوەکـەیان پیوتـوم چۆنەتی هەڵسوکەوتیان پێوتـوم، ئێمـە لەبەرئەوەی لە پەنجەرەیەکەوە دەرەوە دەبینین، ئەگەر بچینە ناو ئەو ماڵانەوە لەوانەیـە خۆمان بدەین بەشتدا، ئەو رستانەی ئەوان دەیڵێن ئەو هەڵسوکەوتانەی ئەوان دەیکەن نە خوشکەکەی من نە براکەی تۆ نایکات، لەبەرئەوەی ئێمە لە کۆمەڵگایەکی پاکدا لـە دایـك بووین وا هەست دەکەین ئەو شتانە لە چاوی ئێمەدا هەروا جوانە، بەڵام کە چویتە ناویان، تۆ رۆژێك ببە بە میوانیان، ئەو کەسانە راست دەکـەن کـە نـەگونجان هەیـە چـونکە لـەناو ئەواندا ئەمە نییە بەڵام زەحمەتە لەناو چینی باڵادا ئەمە نەبێت.

**ئایا ئەمە بوونی لێرەدا هەیە؟**

بە دڵنیاییەوە هەیە من ناتوانم ئەوە دیاری بکەم بەڵام هەیە.

**بەڵام زۆربەی بینەرەکان دەڵێن دەرهێنەر کۆمـەڵێک شـتی هێنـاوە کـە نەشازە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمەدا؟**

دەزانیت بۆ نەشازە، راست دەکات ئەو نەچـۆتە مـاڵی دەسـەڵاتدارێك لـەوێ دابنیـشێ بزانێت چۆن هەڵسوکەوت دەکات، نە چۆتە مـاڵی بۆرژواییـەك، مـن باسـی بـۆرژا بوکـەکان ناکـەم، مـن باسـی بـۆرژاوی بـاڵا دەکـەم،میرزا دەڵێـت مـن ئەوەنـدەم هەیـە پارەکـانم ئەوەندەیەو.....(بەپێکەنیەوە) کابرایەك بچێتە دنیای حەشیشەوە دەبی چـی بێـت، ئـەو

گرتانە گاڵتە نییە، من خۆم چووم بۆ ماڵێك کە چوومە ژوورەوە سەرم لێتێکچوو کە کابرا دانیشت لەگەڵما قسەی لەگەڵ کردم قسەکانی زۆر سەیر بوو، هەستم بە گریان دەکرد لەو ساتەدا بیرم لەوەدەکردەوە چەند هەژار سبلیت و مێزو کورسی وحەمام و مەلەوانگەی نییە، ئەوەی کە تۆ پرسیارت لێکردوون مەلەوانگەیان نەبووە، ئەوەی کە تۆ لێت پرسیون هەشت سبلیتی نییە،ئێ لەبەرئەوە نایزانێت دە وەرە من ئەتبەمە ئەوە ماڵەی کە هەموو ئەو شتانەیان هەیە ژنەکەی لەسەر نوکی پێدەڕوات و مناڵەکانی چۆن دەژین مێرەکەشی چەند ساڵێك لە وڵاتان دەمێننەوە دێن دەڕۆن، من باسی ئەوانە دەکەم من باسی چینی باڵا دەکەم بۆ خەڵك باسی چینی ناوەندو خواروو ناکەم ، باڵا لای من مەبەستە،ئەو پۆخڵەواتە لە باڵادا هەیە ئەگەر ئێمە باڵا چارەسەر نەکەین، خوارەوەمان بۆ چارەسەر ناکرێت،لەبەرئەوە من رێزم هەیە بۆ ئەو بۆچوونانە، هەر شتێك لەگەڵیدا نەژیت بە تێڕوانینی خۆت بیری لێدەکەیتەوە،وەرە من ئەتبەم بۆ ئەو ماڵانە بزانە بە دە پاسەوان دەیتە ژوورەوە، من بەسێ قۆناغ چومەتە ماڵێکەوە، بە سێ مانگ ئینجا توانیومەوە دەرگاکەی بکەمەوە ئەو ئاگای لە چییە هەمیشە لە ئەوروپایە خەریکی ئیشی بازرگانییە، ئەو هەقی نییە بەسەر ئەوەوە ژنەکەی چی دەکات و چی ناکات، لە خوارەوەی ماڵەکەی خۆی بلیاردی هەیە، نازانم بۆ تێناگەن، ئەمە واقیعێکەوە بەرپرسیاریشم بەرامبەری،من زۆرم پێخۆش بوو ئەو پرسیارنە دروست بوون، خەڵك ئازادە بەڵام با خەڵکیش هەموو شێك لە چاوی خۆیەوە نەخوێنێتەوە، لە شتێکی وادا دەبێت هەرچی شت هەیە زیادەڕۆی پێوەبکەیت بۆ ئەوەی واقیعی ئەو بۆگەناوە پیشانی خەڵك بدەیت، کە ئەمانە چەند بۆگەنن، سەیری شێوەیان مەکە، ئاواتەخوازی ئەوە مەبە ئەو خانووە، خانووی تۆ بێت، کە نازانیت ژیان چییە.

**لەناو دراماکەدا بۆچی میرزا ئەو وەسیەتنامەیەی بەو شێوەیە نووسی، ئەو کەسێکی بەتەمەن و بە ئەزمونە، نەدەکرا ئەو گەمەیە نەکات بۆ ئەوەی خێزانەکەی ئاوەها لەبەر یەک هەڵنەوەشێنەوە؟**

وەسیەتی ئەو پیاوە بۆ ناو دراماکە تەنیا گەمەو تاقیکردنەوەیەك بووە، ئەگەر ئەو گەمەو تاقیکردنەوانەی دروست نەکردایە، ئەوا ئەو درامایە دروست نەدەبوو، ئەمانتوانی

بە نەوەد دەقیقە ئەو ئیشە تەواو بکەین پێویستی بەو گەمەیە نەدەکرد،لە درامادا دەبێت هێڵێکت هەبێت لەسەری برۆیت،ئەگەر بهاتایە ئەو گرێیەی دروست نەکردایە ....

**لەپێناوی چی ئەوە بکات؟**

+بنەماڵەیەکەو هەقی خۆیەتی لە ژیاندا تاقیان بکاتەوە،پیاوێکە بیرکردنەوەی بەو شێوەیەیە، ...

**ئەو هەموو داروخان و سەرقاڵکردنەی منالەکانی لەبەر چی؟**

ئاخر گەمەکە لەوەدایە ئەو پرسیارانەی تۆی دروستتکردووە،ئەگەر وانەبووایە دراماکە دروست نەدەبوو، دەیوت ئا بەبێ مەرج هەموو شتەکان بۆ ئێوەو ئیتر خواحافیز،شتی تریشی هەیە ئێمە ناتوانین هەموو شتێ: بڵێین.

**ئەی میرزا ئەوەندە بێئاگایە درکی بەو هەموو شتە نەکردووە؟**

بەڵی ئەو درکی پێکردووە وەك وتم ئەمە تەنیا گەمەیەکەو بەس، لە پشت ئەمەشەوە لایەنی ماددی میرزا داڕوخاوە، گەمە دەکات بۆئەوەی خۆی لە باری ئابوری خراپی بدزێتەوە، ئەوەتا بەرێگەیەکی ناشەرعی لەگەڵ غەریبی حەشیشە،ئەیەوێت بێتەوە تایم،لای خەڵکیش وا خۆی پیشاندەدات کە کابرایەکی بازرگانە، هەر واشە ئەیەوێت ئەو شتانە بکات بۆ ئەوەی قەرزارەکانی لە کوڵ خۆی بکاتەوە،ماڵەکەی و منالەکانیشی تاقیبکاتەوە،ڕۆڵی دراماکە ئەمەیە کە دەبێت ئەو گەمەیە دروست بکات، کەواتە ئۆدیب بۆ چی بابەتی دەسرەکەی هێناوەتەوە، ئەگەر شکسپیر ئەو دەسرەی لا مەبەست نەبێت، کە هی دایکەیەتی بەسۆزداری داویەتی بە خۆشەویستی، لە دەسرێکەوە ئەیهێنێ گەورەترین کەس کە دێزدەمونەیە جوانترین ئافروت و مەزنترین پاڵەوانە عوتەیل هەڵخەڵتێنێ و خۆشەویستەکەی بکوژێت، گەمەکە چییە شکسپیر دەسرێکی کردووە بە بابەت، ئەویش وەسیەتنامەیەکی کردووە بە بابەت، ئەمانە هونەرن، دراما و هونەر بەو شێوەیە ئیش دەکەن .

**جیاوازیەکە زۆرە لە نێوان ئەو دەقەی شکسپیر و دەقەکەی کاك کاوە؟**

جیاوازی لە چییدایە؟ من باسی هێڵی درامی دەکەم،کە دەبێت هێڵێك بدۆزیتەوە، گرێی ئۆدیب چییە؟ لۆژیکە ئۆدیب بە قسەی خوداکان فریبدرێت ،دوای بێتەوە باوکی خۆی بکوژێت ، ئینجا بێتەوە دایکی خۆی بهێنێت، فەلسەفەی دراما و شانۆ ئاوەهایە،

ئەگەر تۆ نەتوانیت گرێیـەك بدۆزیتـەوە بـۆ كارەكانـت ناتوانیـت خـەڵك رابكێـشیت، دواتـر ئیشەكە ون دەبێت، ئەوەیە بابەتەكە، ئەگەر شعرێك هەوێنێكی نەبێت دەتوانیت درێـژەی پێبدەیت؟ هەر لە یەكەم دێر دەتوانیت كۆتـای پێبهێنیـت، لەبەرئـەوە بزانـە ئێمـە هونـەر دەكەین نەك شتێكی واقیعی، رێك بڵێت ئـەرێ ئـەم وەسیەتنامەیە بـۆ وایـە؟ بـۆ دەبینـی هەندێ بەرهەم كرچ وكاڵە چونكە گرێی تێدانییە.

**دەمـەوێت پرسـیار لەسـەر كـاری مۆسـیقا بكـەم، كـاری مۆسـیقا چـەند گرنگی هەبووە بۆ دراماكەت؟**

بە پلەی یەكەم دراما دەبێـت هەموو بەشەكانی تـەواو بێـت، دراما شـتێك نیـە بـەدەر بێـت لـە مۆسـیقا،ئەدەب، شـیعر، كـامێرا، نوسـەر، دەرهێنـەر مۆسـیقا لای مـن رۆڵێكـی گەورەی هەیە بۆ نمونـە درامایـەك مۆسـیقای لێدەربهێنـە وەك مرۆڤـی نوقـسانە، دروسـت كردنـی ئـەو مۆسـیقایەش دەرهێنـەر دەقێكـی پێیـە ئەیـدات بـە ئاوازدانـەرێك كـە خـۆی قەناعەتی پێیەتی، مۆسیقارەكەش خوێندنەوەی خۆی هەیـە بـۆ دەقەكـە ئـەوەش بـەپێی چۆنیەتی هـاتنی رووداوەكـات كاردەكـات جـا پـۆزەتیڤ بێـت یـان نەگێتیڤ،سـەرەتا لـە تایتڵەوە دەست پێدەكات دواتر بەشەكانی تریش دێت، هەڵبە مامۆسـتا جـەمال سـەگرمە مۆسیقاكەی بۆ ئەو درامایە داناوە، وا داواكرا كە دەبێت گۆرانی بێت، بەڵام من و مامۆستا جەمال لەسەر ئەوە رێكەوتین كە نابێت گۆرانی بێت،لەبەرئەوەی ئـەم دەقـە ململانێیـەكی زۆر گەوەی تێدایە، لە كۆمەڵێك درامای تر هەر گۆرانی،گۆرانی دووبـارە دەبێتـەوە، ئەمـە لە ئیشەكەی ئەوان كەم ناكاتەوە، ئەمە تێروانینی خۆمە مـن وەك دەرهێنـەرێك قەناعـەتم وابـوو هــەر مۆسـیقا بێــت، مۆسـقاریش بـەپێی خـەیاڵی خـۆی ئـەویش بەشـی خـۆی ئازادە،ئەگەر ئازادی لەو خەیالەدا نەبێت، بەراستی تۆزێك قورس دەبێت، چـونكە ئـەویش پیشەكەی ئەوەیە،لەگەڵ دەرهێنەردا كارەكە دەبات بەرەو پێشەوە بـەپێی رووداوەكـان، ئەوەش هەروا بەئاسانی نەبووە و كاتی ویستوە، لە هەموو دراما جیهانیەكانیشدا مۆسیقا رۆڵی خۆی هەیە، چونكە خوێندنەوەی مۆسیقا بەو شـێوەیە ئاسـان نییـە، تـەنیا ژەنینـی عودێك نیە و نەزانیت چی روودەدات یا كارێك بێت لەگـەڵ فـۆرمی بابەتەكـە نـەگونجێت، ئەمـە بونیـاد دەنرێـت، مامۆسـتا جـەمال كـاتێكی زۆر پێـوەی هـیلاك بـووە وابـزانم لای

بەشێکی زۆری خەڵك مۆسیقاکە بەباش کەوتۆتەوە من دەستخۆشی لە مامۆستا جەمال دەکەم.

**هەندێک دەڵێن کاری مۆسیقای ئەو درامایە یەک ریتمە؟**

راستە هەندێك کەس ئەوە دەڵێن، ئەوە دەتوانن پرسیار لە مامۆستا جەمال بکەن،بەڵام من وای نابینم، لەهەندێ دیمەندا نازانم ئایا کاری هونەریە یا کەموکوڕی هونەریە یا هەندێك شت لەکاتی خۆیدا نیپێکابێت بووبێت بە ریتم، ئەو شتانە رێیتێدەچێت، بەڵام ئەوە مامۆستا جەمال دەیزانێت ئەو خۆی ئاوازدانەرە خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر کارەکە،من خۆم پێباش بوو، ئەویش پیاوێکی دیاری بواری مۆسیقایە بڕوا ناکەم کەسێك بێت ئەرکی خۆی کەمبکاتەوە لەبەرئەوەی خەڵك پێیبلێت لەسەر یەك ریتم رۆشتووە من قەناعەتم وانییە.

**زۆر سوپاس چاک ماندومان کردیت.**

بە پێچەوانەوە زۆر سوپاس بۆ ئێوە زۆرم پێخۆش بوو، چونکە توانیمان زۆر راستی هەیە روونی بکەینەوە، بەڵام لە دواجاردا من ئەوە دەڵێم هیچ کەشتیەك بێ کەشتیوان نابێت و هیچ کارێکیش بێکەموکوڕی نابێت، من لەو بڕوایەدام بۆ ئەزمونی ئایندەمان هەوڵبدەین بە هەموومان کارێکی باشتر بکەین بۆ درامای کوردی، ئیتر مرۆڤیش ژیاتی هەوڵ و کۆششە، لەم وڵاتەش هەر ئەوەندە دەسەڵاتە،من حەز دەکەم باشتر بێت و داوام لەرێکخراوەکانی ناو دەسەڵاتیش هەیە بۆ ئەوەی ئاورێك لەو کەموکورپیانەی کە لەناو هەموو بەشەکانی هونەردا هەیە بدەنەوە، بۆئەوەی بتوانن دراما و فیلم و شانۆی کوردی بەرەوپێش ببەین.

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.chrakan.com
www.dengekan.com